# خاڵە ڤانیا

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ

# خاڵە ڤانیا

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:
شیروان مەحموود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ
خاڵە ڤانیا

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: شیروان مەحموود محەمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٧٨
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-50-8

## چێخەڤ و "خاڵە ڤانیا"

ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ (١٨٦٠ – ١٩٠٤) لە شارێکی بچووکی ڕووسیا، تەگەنرۆگ، لە خێزانێکی بازرگاندا لەدایک بووبوو، هەر لە منداڵییەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای مۆراڵییانە و گرینگیدان بە کارکردن پەروەردە کرابوو، یارمەتیی باوکی دەدا و لە دوکانە بچکۆلانەکەیدا کاری دەکرد. پاش تەواوکردنی کۆلێجی پزیشکی، ئەویش دەچێتە پاڵ خێزانەکەی لە مۆسکۆ، کە لەبەر دەستکورتی و نابووتبوون تەگەنرۆگیان جێ هێشتبوو. چێخەڤ هەر بە مەبەستی بارسووککردنی خێزانەکەی هێشتا کە قوتابی بوو کەوتە نووسینی بەرهەمی سەتیری و وتار و کورتە چیرۆک و لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا لەژێر چەندین ناوی خوازراودا بڵاوی دەکردنەوە. پاش تەواوکردنی خوێندنیش لە پاڵ کاری پزیشکیدا هەر خەریکی کاری نووسین بوو و لە ماوەی ٢٦ ساڵدا نزیکەی ٩٠٠ بەرهەمی هەمەڕەنگ و ژانری جیاجیای نووسی و بووە یەکێک لە ناودارترین چیرۆکنووس و درامانووسەکانی جیهان. چێخەڤ هەردەم دەیگوت: "پیشەی پزیشکی ژنی شەرعیمە، بەڵام ئەدەب و نووسین دۆست و دڵبەرمە".

خوێنەرانی کورتە چیرۆکەکانی چێخەڤ هەر زوو سەرنجی ئەوەیان دا کە کار لەگەڵ شێوازێکی نوێی نووسیندا دەکەن، کە گرینگترین خەسڵەتەکانی خۆلادانی نووسەرە لە وەسفی دوور و درێژی بێمانا و پەنابردنە بۆ چڕکردنەوە و کورتکردنەوە و بواردانە بە خوێنەر خۆی

خـەياڵی بخـاتە کـار و ئەو دوای دیمەنەکـە بێنێتـە بەرچاوی خـۆی. چێخـەڤ هەردەم دەیگوت "کورتکردنەوەی نووسـین خوشـکی بەهرەیە". بەڵام لەمـەش گـرینگتـر ئەوەیە کـە چێـخـەڤ ڕچەشکێن بـوو لە بەکارهێنانی شـێوازی "لێشاوی هۆشـمەندی" و لە چیرۆکەکانیدا وازی لە کۆتایی کلاسیکییانە هێنا و دەروازەی بەسـەرهاتەکەی بە کراوەیی جێ دەهێـشت و خـوێنەری دەکـردە هـاونووسـەری چیـرۆک و بەسـەرهاتەکـان. چیـرۆکـەکـانی چێـخـەڤیـش هەر هەمـوویان سـانا و گەشاوە و قووڵن. ئیتر دوا بەدوای چێخـەڤ وا بووە باو کە نووسـەران چیی تر ڕەچەتەی ئامادەکراویان لە گیرفاندا پێ نەبوو بۆ خوێنەران، بەڵکو تەنیـا ئـەو پرسـیـارانەیان دەورووژاند کـە خـوێنەر خـۆی دەبوا بگەڕایە بە دوای وەڵامـەکانیدا. ئێسـتا ئەوە دەگـوترێت کە کۆتاییـیە کراوەکانی چێخەڤ و ئەو شـێوە نووسـینەی بە "لێشـاوی هۆشـمەندی" دەناسـرێن بوونەتە ئیلهامگەیێنی جێـمس جویس و بەمـەش چێخـەڤ دەبێتە یەکێک لە بناغەدانەری سوریالیزم لە ئەدەبدا.

بەڵام گرینگترین میراتی ئەدەبیی چێخەڤ، کە ناوی ئـەم نووسـەرەی خسـتـووەتە جێگای شـایسـتـەی خـۆی لـە نێوان ناودارترین ئەدیبانی جیـهاندا، ئەو چوار شـانۆنامـەیەیە کە چێخـەڤ نووسـینی و بە پلەی یەکەم شانۆی هونەری لە مۆسکۆ، لەژێر ڕابەرایەتیی ستانیسلاڤسکی، نمایشـی کـردن. مـەبەست "نەورەس"، "باخـچـەی گـێـلاسـەکـە". "سێ خوشکەکە" و "خاڵە ڤانیا"یە. جگە لە چەند کۆکراوەیەکی کورتە چیرۆک و نۆڤێل.

ئەم شـانۆنامـانە لە سـەرەتادا وەک پێویست پێشـوازییـان لێ نەکرا، چونکە دەرهێنەرەکـان شـێـوازێکی نوێیـان بۆ نمایشکردنیـان بەکـار

دەهێنا کـە لە شـانۆی کـلاسـیکیـدا باو نەبوو و بینەران و ڕەخنەگـران پێی ڕانەهاتبوون. ساتەوەختە دراماتیکییەکان ڕاستەوخۆ لەسـەر شانۆ پیـشـان نەدەدران، بەڵکو تـەنیا ئامـاژەیان بۆ دەکرا، ئەویش لە ڕێگەی پیشـاندانی ژیانی ڕۆژانەی کەسـایەتییـەکان و گفتوگۆکانی نێوانیان و بێـدەنگبـوونەکـانیـان و لە ڕێگەی کـەڵەکـەبوونی هەمـوو ئەو شـتـە کەمبـایەخانەی ژیانی ڕۆژانەی خـەڵکەکان پێک دەهێنن. پاشـتـر، پاش چەندین شکستخواردن و نوشستهێنان، چ بینەران و چ ڕەخنەگرانیش ئەو هێـز و قـووڵییـەیان بەدی کـرد کـە چێـخـەڤ لەنـاو دێرە سـاکـار و عـادەتییـەکاندا حـەشاری دابـوون و تێگەیشتن کە ئەوەی ئەوان بە کـەم لێ تێگەیشتنی هونەری دراما لێکیان دەدایەوە، یەکەمین هـەنگاو بوو لە ژیانـی نوێی شـانـۆدا کـە هونەری نمایشکردنی گـەیانـدە ئاسـتـێکی بەرزتر.

دوای یەکـەمـین نمایشـی شکسـتـخـواردووی "نـەورەس"، چێـخـەڤ بڕیاردەدا کـە واز لە شـانۆ بێنێ، بەڵام دوای ئەوەی شـانۆی هونەری و سـتـانسـلاڤسکی قـایلـی دەکەن کە نمایشـێکی نوێی ئەو شـانـۆنامـەیە پێـشکەش کـەن و نمایشـەکـە سـەرکـەوتوو دەبێ، چێـخـەڤ چاو بە بڕیارەکەی خۆیدا دەخشێنێتەوە و دەست دەکاتەوە بە نووسین.

چێخەڤ لە سـاڵی ١٨٨٩ لە نووسینی شانۆگەریی "لێشی" بووەوە کە کۆمیدیایەکی چوار پەردەیی بوو. لـە ساڵی ١٨٩٠ ئەم شانۆنامەیە بڵاو کـرایـەوە. بەڵام دوا بـەدوای نووســینـی" نەورەس"ەکــەی، چێــخــەڤ دەسـتکاری و گـۆڕانکاری لە "لێـشی"دا کـرد و شـانۆگـەریی "خـاڵە ڤانیا"ی لێ دەرچوو. کە لە سـاڵی ١٨٩٦دا لە نووسینی بـووەوە و سـاڵی ١٨٩٧ بۆ یەکەم جـار لەسـەر شـانۆی شـاری ڕەسـتـۆڤ پێشکەش کـرا.

لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم شانۆگەرییە بە زیاتر لە دەیان شێوە و لێکدانەوەی جیاجیا لەسەر شانۆکانی ڕووسیا و شانۆ ناودارەکانی جیهان پێشکەش کراوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە ٨ وڵاتی جیاجیا کراوە بە فیلم.

بەسەرهاتی شانۆگەرییەکە لە مولّک و ماڵەکەی پرۆفیسۆر سریبریکۆف-دا ڕوو دەدا کە لە ژنەکەی پێشووی بۆی ماوەتەوە، بەڵام ئێستا ئەو خانەنشین بووە و لەگەڵ ژنی دووەمیدا (یلێنا ئەندرێیەڤنا) کە خانمێکی لاوی زۆر جوانە، گەڕاوەتەوە. بە هاتنەوەی ئەمانیش هەموو ڕەوت و ڕۆتینیی ژیانی ناو ماڵەکە دەگۆڕدرێت، هەر لەم ماڵەدا (سۆنیا) ش، کچە لاوەکەی پرۆفیسۆر لە ژنی یەکەمی و (ئیڤان پیترۆڤیچ ڤەینێتسکی) کە خاڵی سۆنیایە، دەژین، کە لە ڕاستیدا هەر ئەوانیش هەموو کات سەرپەرشتیی مولّک و ماڵەکەیان کردووە و بەشی زۆری داهاتەکەشیان ناردووە بۆ پرۆفیسۆر سریبریکۆڤ. هەروەها دایکی ئیڤان پیترۆڤیچ و خەسووی پرۆفیسۆر، ماریا ڤاسیلیێڤنا، کە زۆر سەرسامە بە پرۆفیسۆری زاوایەوە لە ماڵەکەدا دەژی. دوکتۆر ئەستروڤ زوو زوو لێرەیە بە بۆنەی نەخۆشییەکانی پرۆفیسۆرەوە. مارینا‌ش دایەنێکی پیرە و سەرپەرشتیی کاری ناوماڵەکە دەکات و بە گلەیی و گازندەیە لەو گۆڕانانەی بەسەر ژیانی ماڵەکەدا هاتووە.

بە گەڕانەوەی پرۆفیسۆر نەک هەر ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە لە ماڵەکەدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بگرە پێوەندییەکانیش دەگۆڕێن. ئیڤان خۆی بە خڵەتاو دەزانی، چونکە پرۆفیسۆر ئەو زانا ناودار و لێهاتووە نییە کە ئەم وتارەکانی لەبەردەکرد و ڕەشنووسەکانی بۆ دەنووسییەوە، جگە لەوەش هەست دەکات کە پرۆفیسۆر وەک پێویست پاداشتی کار و

ماندووبوونەکەی نەداوەتەوە و ئێستاش کە تەمەنی بووە بە ٤٧ ساڵ بەرهەمێکی ژیانی خۆی نابینێ، نە هاوسەرێک، نە موڵک و ماڵێک و نە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆی هەیە، سەرباری هەموویشی ئیرەیی بە پرۆفیسۆر دەبات کە ئەو ژنە جوان و لاوەی هەیە و ئەم عاشقی بووە، بەڵام ژنەکەی پرۆفیسۆر هیچ بوارێکی نادات.

سۆنیا، کە کیژێکە لە جوانی بێبەشە، عاشقی دوکتۆر ئەستروڤە، بەڵام ئەو تەنانەت سەرنجیشی نادات و سەرقاڵی کارەکەی خۆیەتی و خولیایەکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی دارستانەکانی ناوچەکە و دیدێکی ئایندەییی هەیە بۆ ئەو هەڕەشانەی مرۆڤ لە سروشتی دەکات. سەرباری هەموویشی، ئەمیش گیرۆدەی جوانییەکەی یلێنا ئەندرێیەڤنای خێزانی پرۆفیسۆر بووە.

هەرچی یلێنا ئەندرێیەڤناشە ئەگەرچی بێزارە لەو ژیانەی خۆی لەگەڵ مێردێکی پیر و نەخۆش و دڵپیسدا، زاتی ئەوەی نییە خۆی بداتە دەست ئارەزووەکانی دڵی و ژیانی خۆی بگۆڕێ، ئەگەرچی ئەویش خولیای دوکتۆرەکە کەوتووەتە سەری و هەست بەنزیکییەک دەکات لێیەوە.

ڕیتمی شانۆگەرییەکە لەسەر بناغەی ڕووداو یان زۆرانبازیی نێوان ویستە جیاجیاکان بنیات نەنراوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆکانی ڕۆژانەی کەسایەتییەکانەوە دەچێتە پێشەوە و هەروەک ستانسلاڤسکی دەڵێت: "چێخەڤ باشتر لە هەر کەسێکی تر لەوە گەیشتووە کە کردەی شانۆیی دەبێ بە مانای کردەی دیوی ناوەوە لێک بدرێتەوە، چونکە تەنیا لەسەر بنەمای ئەم جۆرە کردەیە دەتوانرێ بە شێوەیەکی پوختە بەرهەمی شانۆیی بنیات و پەرە پێ بدرێ. لە

کاتێکدا کە کردەی دەرەکی تەنیا دەمارەکانمان دەلاوێنێتەوە و سەرقاڵیان دەکات یان دەیانهەژێنێ، کردەی ناوەکی گیانمان گیرۆدە دەکات، داگیری دەکات و دەیکاتە موڵکی خۆی"

ئەگەر لە "نەورەس"دا هێشتا ئەو ڕووداوانەی دەرەوەی تەختەی شانۆکە بە شێوەیەک لە شێوەکان بخزێنە ژیانی مرۆڤەکانەوە و کەسایەتییان بگۆڕێ، ئەوا لە "خاڵە ڤانیا"دا لە دەرەوەی ئەو تەختەیە هیچ شتێک ڕوو نادات.

دەردەدڵی ڕۆژانە، شەوانی بێخەوی، هەوڵی نزیکبوونەوە لە ژنێکی دڵبەر و شکستهێنانی ئەو هەولانە، ئەمانە هەموو ئەو هەورە ڕەشەن کە کۆدەبنەوە و چاوەڕێی هەورە برووسکەیەکن، کە هەواڵی بە نیازبوونی پرۆفیسۆر لە فرۆشتنی موڵکەکەدا چەخماخەکەی دادەگیرسێنێ، تا داکاتە باران، بارانی ڕق و ئومێدبڕان و ئارەزووی تۆڵە، کاتێک خاڵە ڤانیا هاوار دەکات: "من هەموو ژیانم تیاچووە! من کابرایەکی بەهرەدار، ژیر و ئازام.. ئەگەر من ژیانێکی ئاسایی بژیامایە ڕەنگە شۆپینهاوەرێک، یان دەستەیڤسکییەکم لێ دەرچووایە" ئەوە تەنیا هاواری ئیڤان پیترۆڤیچی بەدبەخت نییە کە بیست و پێنج ساڵی تەمەنی بەخشیوە بە کەسێک کە لە ڕاستیدا ئەو زانایەش نییە کە خۆی لافی لێ دەدا، بەڵکو ئەو هاوارە ڕاگەیاندنی خاڵێکی وەرچەرخانە لە ژیانی کۆمەڵگایەک کە باوەڕی بە دۆگم و ئۆتۆریتە کۆنەکان نەماوە و هەست دەکات چ فێڵێکی مێژووی لێ کراوە و بەرووی جەور و ستەم و شێوازە چەقبەستووەکاندا دەتەقێتەوە. بەڵام ئیڤان پیترۆڤیچ توانای گۆڕینی نییە، ئەو نەک هەر دوو جار تەقە لە پرۆفیسۆر دەکات و نایپێکی و بەڵکو تەنانەت سەرکەوتووش نابێت

لەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت. هەر وەک چێخەڤ دەڵێ (تەقە "لە شانۆگەریدا" خۆی دراما نییە، دراما دوای تەقەکە دروست دەبێ) دەبینین کە درامای ڕاستەقینە ئەوکاتە دەست پێ دەکات کە "خاڵە ڤانیا" وەک جاری جاران مل دەداتەوە بەر کارە قورس و جاڕسکەرەکەی و دەکەوێتەوە نووسینی وەسڵی ڕۆن و گەنم و بەڵێنیش دەداتە پرۆفیسۆر کە هەر وەکو پیشەی جاران بەرهەمی کار و ماندووبوونەکانی خۆی و سۆنیای خوشکەزای بۆ بنێرێ. ئەی باشە ئەو ژیانە نوێیەی ئیڤان خەوی پێوە دەدی چۆن و کەی دێتە دی؟ ئەمە ئەو درامایەیە کە نەک لە "ڕووداو"ەوە دەخوڵقێ بەڵکو لە "هیچ ڕوونەدان"ەوە دێتە کایەوە و کە دەبێتە هۆی پرسیارێکی بە سوێ لای بینەر، وادیارە ئەمەش هەمان ئەو هەستکردن و پرسیارەیە کە لای مەکسیم گۆرکی دروست بوون و لە نامەیەکی بەهێزدا بۆ چێخەڤ گوزارشتیان لێ دەکات (دەقی نامەکە لە دوای ئەم پێشەکییەوە بڵاو کراوەتەوە)

هەرچی دوکتۆر ئەستڕۆڤیشە، ئەوا ئەو دەمێکە بە ئاگا هاتووەتەوە و دەزانێ کە واقیعە دزێوەکە ئەمیشی لوول داوەتە گێژاوی ڕۆتین و زمانپیسی و نزمییەوە، بەڵام بە جیا لە "خاڵە ڤانیا" هیچ وەهمی ژیانێکی تازەی نییە کە ئا لەم چرکە ساتەدا بێتە دی، بۆیە پێی دەڵێ: "…. من و تۆ تەنیا یەک هیوامان ماوە.. هیوای ئەوە کە کاتێک لە گۆڕەکانماندا لێی ڕادەکشێین، ڕەنگە خەیاڵاتێک سەرمان لێ بدەن، دەشێ خەیاڵاتێکی خۆشیش بن" بەڵام لە ڕووی هۆشمەندی فیکرییەوە ئەم پلەیەک لە سەروو "خاڵە ڤانیا" و زۆربەی ئینتلیجێنسیا، یان توێژی ڕووناکبیری ئەو ساتە وەختەی ڕووسیاوەیە، چونکە ئەگەرچی واقیع

ڕاپێـچی ژیانێکی دوور لە خـۆشی و ئاکـاربەرزی کـردووە، بـەڵام ئەم زیاتر لـە هـەر کـەسـێکی تـر کـار دەکـات و نـەمـام دەڕوێنـێ و دەڵێ: "کـە گوێم لە شنەی دارستـانـە سـاواکـەی خـۆم دەبێت کـە دەستنێژی خـۆمـە، هـەست دەکـەم کـە کـەشـوهـەوا کـەمـێک لەژێر دەسـەڵاتی منیـشـدایە و ئەگـەر پاش دە هـەزار سـاڵی تر مـرۆڤـایەتی بـەختـەوەر بێت، ئەوا منیش چمکێکم لەو کارەدا هـەیە."

بەڵام چەکـەرەکـانی ژیانێکی نوێ لە داهـاتوودا، جـیـاواز لـەو ژیانەی ئێستا بـە دەستییەوە دەناڵێنین، لە ئێستادا هـەن، با ئێمە نەشیانبینین. چێخـەڤ بە پێچـەوانەی پاڵەوانەکانی شـانۆنامـەکەی ئەم ڕاسـتـیـیـە دەزانێت بەڵام ڕاستـەوخـۆ و لە شـێوازی دروشـمدا پێمان ڕاناگەیەنێ، بەڵکو ناڕاستـەوخۆ، لە نێوان ڕستـەکاندا بانگەشـەی بـۆ دەکات. ئەوەتا لە دوا دیمـەنـدا کـە ئەسـتـرۆڤ، لە بەردەم نـەخـشـەکـەی ئەفـریقـیـادا دەوەسـتـێ و دەڵێ: "دەبێ ئێـسـتـا، ئا لـەم ئـەفـریقـیـایە، گـەرمـایەکی عـەجـایەب بێت! ترسناکە." هاوکات ئەوەمـان پێ دەڵێ کـە ژیانێکی تر، جیاواز لە بەستەڵەک و تاریکی، هـەیە و کاری کردەنییە.

پاڵەوانەکـانی شـانـۆنامـەکـە لەو واقیعـە تاڵەی خۆیاندا تروسکاییەک چییە بەدی ناکەن، بۆیە هـەموو هیوا و ئارەزووە خەفەکراوەکانی خۆیان هـەڵدەگرن بـۆ دوای ئەم ژیانە، ئەوەتا ئەسـتـرۆڤ بەتەمـای خـەیاڵاتێکی خـۆشـە لە گـۆڕەکـەیدا سـەری لێ بدەن، سـۆنیـاش لە دوایـەمین دیمـەنی شـانۆگەرییەکەدا دەڵێ:

"....لە گۆڕەکانماندا دەڵێین کە ئێمە ناخـۆشیمان زۆر چەشتووە، زۆر گـریاوین و تاڵیی زۆر چووە بە قـوڕگـمـانـدا، ئەو کـات خـوا بەزەیـی پێـمـاندا دێتـەوە و ئیـتـر من و تۆ، خـاڵە گیـان، خـاڵە میـهرەبانـەکەم،

ژیانێکی ڕۆشن و قەشەنگ و پڕجوانی دەبینین و بگرە بە نیانی و بزەی سەر لێوەوە ئاوڕ لەم ئێش و ئازارەی ئێستامان دەدەینەوە و ئیتر دەحەوێینەوە. من باوەڕم هەیە، خاڵە، باوەڕێکی گەرم و بەهێز..."

ئایا ئەم هیوا بڕاوی و بێدەرەتانییەی چێخەڤ بینەرانی شانۆگەرییەکەی خۆی ناچار دەکات ببنە شایەتی، زیاتر لە هەر دروشم و هاتوهاوارێکی شۆڕشگێڕانە بیریان ناجوولێنێ بۆ هێنانەدیی ژیانێک کە لە مەرگ ئاسوودەتر و هیوابەخشتر بێت؟

چێخەڤ، ڕەنگە وەک مەکسیم گۆرکی لە نامەکەیدا دەڵێت، وەک شەیتان سارد بێت لە ئاست کەسایەتییەکانیدا، ڕەنگە هەموو خەوش و کەموکوڕییەکانیان ببینێ و بێبەزەییانە بیانخاتە ڕوو، بەڵام ئەستەنگە نکوولّی لەوەش بکەین، کە ئەو هەر تروسکەیەکی ڕووناکییان تیا بەدی بکات دەیخاتە ڕوو، چەکەرەکانی خێرخوازی و ئاکاربەرزییان تیا دەبینێ و مەبەستێتی لە زەینی بینەردا سەوز ببن و گەشە بکەن، بەڵام بە بێ هاتوهاوار و پەنجەی ئاماژەکردن. ئەو دەبینێ کە یلێنا ئەندرێیەڤنا لە چ زۆرانێیەکدایە لە نێوان ئارەزووەکانی دڵی ئافرەتێکی گەنجی پڕ لە ژیان و هەستی بەرپرسیارێتی و وەفاداری بۆ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆردا و چۆن سەرزەنشتی خاڵە ڤانیا دەکات و دەڵێت: "ئێوە بێ بیرکردنەوە مرۆڤ ڕیشەکێش دەکەن و – هێندە نابات، بە هۆی ئێوەوە لەسەر ڕووی زەمین نە وەفاداری، نە پاکی، نە ئامادەیی خۆبەختکردن دەمێنێت. باشە بۆ ناتوانن بێ هیچ هەست هەڵچوونێک سەیری ئافرەتێک بکەن ئەگەر موڵکی ئێوە نەبێ؟"

ئەستروۆڤ، ئەگەرچی پێ دەچێ خۆی دابێتە دەست ژیانە باوەکە و هەست بە بێمانایی ژیانی خۆی بکات بەڵام هێشتا هەستی

جوانیپەرستی وای لێ دەکات بێ هیچ بەرامبەرێک جوانیی سروشتی وڵاتەکەی بپارێزێ و بە هیوایە ئەگەر پاش هەزار ساڵیش بێت کارەکانی جێی خۆیان بگرن و هەڵسەنگێنرێن. کەسایەتییەک کە بە ڕای من جێگای سەرنجە و لە ڕووکەشدا ڕۆڵێکی زۆر دیاری نییە لە ڕووداوەکاندا، کەسایەتیی مارینای دایەنە. ئەو ئەگەرچی بە گلەیی و گازندەیە لە یاسا و ڕێسای نوێی ناو ماڵەکە و ڕەنگە سەرنجی خۆی هەبێت سەبارەت کەسەکانی ناو ماڵەکە بەڵام هەردەم میهرەبانە و بەزەییی لە دڵدایە بەرامبەر هەر یەکێکیان کە دەکەوێتە تەنگانە و ئازارەوە. باوەڕی ئەو بە دادپەروەرییەک کە دوای ئەم ژیانە فەراهەم بێت باوەڕێکە کە زادەی ناچاری و بێدەرەتانی نییە، وەک باوەڕەکەی سۆنیا کە پاش نائومێدبوونی لە خۆشەویستیی ئەسترۆڤ بیر لە حەوانەوەی پاشمەرگ دەکاتەوە، بەڵکو باوەڕێکە کە ڕەگێکی قووڵی لە پەروەردەی کەسایەتیدا هەیە. کاتێک دوکتۆر ئەسترۆڤ گوزارشت لە نادڵنیاییی خۆی دەکات سەبارەت ئەوەی ئایا خەڵکی کار و ماندووبوونەکانی ئەمیان دێتەوە یاد پاش چەند سەد ساڵێک، مارینا بە دڵنیاییەوە دەڵێت: "خەڵکەکە نایەتەوە یادیان، بەڵام خۆ خوا لەیادی دەمێنێ، ڕۆڵە."

بێگومان شانۆگەرییەکی وەک "خاڵە ڤانیا"، کەوا زیاتر لە سەد ساڵە خوێندنەوەی جۆرەوجۆری بۆ دەکرێ و هەموو شانۆ ناودارەکانی جیهان هەوڵی نمایشکردنی داهێنەرانەی نوێن بۆی، ئەستەنگە لە چەند لاپەڕەیەکی وا کەمدا نرخی خۆی بدرێتێ، بۆیە چاکترە ڕێگە بە خوێنەری هێژا بدەین خۆی بیخوێنێتەوە و دید و بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر پێکەوە بنێت... هیوادارم کە وەرگێڕانەکەم توانیبێتی جیهانی چێخەڤ لە زەین و مەزاجی خوێنەری کورد نزیک کاتەوە...

## نامەکەی ئەلیکسێی مەکسیمەفیچ گۆرکی بۆ چێخەڤ

لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ نۆڤێمبەری ١٨٩٨ لە
شاری نیژنی نۆڤگەرەدەوە

زۆر ڕێزدار ئەنتۆن پاڤلەڤیچ!

لە دڵەوە سوپاستان دەکەم بۆ بەدەنگەوەهاتنی نامەکەم و سۆزدانتان کە شتی تریشم بۆ بنووسن. من زۆر چاوەڕوانی نامەکانی بەڕێزتانم، زۆر حەزیش دەکەم ڕای بەڕێزتان بزانم سەبارەت چیرۆکەکانم.

لەم ڕۆژانەدا سەیری "خاڵە ڤانیا"م کرد، سەیرم دەکرد و... وەک ژن دەگریام، هەرچەندە من کەسێکی هەستیاریش نیم. حەپەساو و گرمۆڵەبووی شانۆگەرییەکەتان گەڕامەوە ماڵەوە و نامەیەکی دوور و درێژم بۆ نووسین و... بەڵام دڕاندم. ناکرێ بە شێوەیەکی باش و بە ڕوونی باسی ئەو شتە بکەیت کە ئەم شانۆگەرییە لە گیانتدا دەیهەژێنێ، بەڵام من کە سەیری پاڵەوانەکانیم دەکرد، دەتگوت بە مشارێکی کول دەمبڕنەوە. دانی مشارەکە ڕاستە و ڕاست بە دڵما دەهات و دەچوو، دڵیشم لەژێریاندا دەگوشرا، دەیناڵاند و لەتوپەت دەبوو. بە لای منەوە ئەوە شتێکی ترسناکە. "خاڵە ڤانیا"کەی ئێوە شێوەیەکی تەواو نوێی هونەری درامایە، چەکوشێکە کە ئێوە دەیکێشن بە کەللەی بەتاڵی بینەراندا. هەرچەندە ئەوان، زەفەر پێنەبراون لە گەمژەییەیەکەیاندا و خراپ لە ئێوە دەگەن، چ لە "نەورەس"ەکەتان، چ لە "خاڵە ڤانیا"کەتان. باشە، نیازتانە بەردەوامبن لە نووسینی شانۆگەریدا؟ جێگای سەرسوڕمانە کە ئێوە ئەو کارە دەکەن!

له دوایەمین پەردەی" خـاڵە ڤـانیـا" کـە دوکـتـۆر ئـەسـتـرۆڤ پاش بێدەنگییەکی درێژ لە بەردەم نەخشـەکەی ئەفریقیادا دەوەستێ و باسی گەرما دەکات،... من گیانم کەوتە لەرزین، لە سەرسـامبوونم بە بەهرەی ئێوەوە و لە تاو خەڵکی، بۆ ئەو ژیانە بێڕەنگ و کولەمەرگییەی ئێمە تیـایدا دەژین. ئای چەند جـوان ئێـوە لە نـاخـمـان دەسـرەوێـن و چەند چاکیش دەیپێکن! ئێوە خـاوەنی بەهـرەیەکی مـەزنن. بەڵام گوێ بگرن، ئێوە بەم هەمـوو تێسـرەواندنانە دەتانەوێ بگەنە چی؟ تۆ بڵێیت مرۆڤ پێیـان زیندوو بێتـەوە؟ ئێمـە خـەڵکێکی بوودەڵەین.. ئەوە ڕاسـتـە، ئێمـە کەسـانێکی "نووزەدرێژین"، مڕومۆچ و قێزەوەنین. پیاو دەبێ دەعبایەک بێت لە خـێـرخـوازیدا، بۆ ئەوەی خـۆشـەویسـتی و بەزەیی بنوێنێ و یارمـەتیی ئەو توورەکـە بۆگەنە پڕ ڕیـخـۆڵانەی وەک ئێـمـەمـانان بدات. بەڵام سـەرباری هـەمـوو شـتـێکیش مـن دڵم دەسـووتێ بە خـەڵکی. من کەسێکی هێندە خێرخوازیش نیم، بەڵام کە ڤانیا و ئەوانی کەم دەبینی هاتبـوومـە پڕمـەی گریان، هـەرچەندە دانە پڕمـەی گریان کـارێکی زۆر بێمێشکانەیە، لەویش بێمێشکانەتر ئەوەیە پیاو باسی بکات.. دەزانن، من وای دەبینم، کـە ئێـوە لەم شـانۆگـەرییـەدا لە شـەیتـان سـاردترن بەرامـبـەر خـەڵکەکـان. ئێـوە لە ئاسـتـیـاندا لـە بەفـر و کـرێوەش خـەمـساردترن. بمبـەخشـن، ڕەنگە من بە هەڵەشـدا چووبم، بەڵام من باسی لێ تێگەیشـتنی خـۆم دەکـەم. دەزانن، دوای تـەمـاشـاکـردنی شانۆنامەکەتان هەستێکی ترسناک و پەژارەئامێز دایگرتم. جارێک لە منداڵیدا هەمـان هەسـتم بۆ هات: لە باخچەکەمـاندا سـووچێک هەبوو، من بە دەسـتی خـۆم گوڵم تێـدا ڕواندبوو، بەڵام ڕۆژێکیـان هـاتم ئاویان بدەم، دەبینـم ئینجـانەکە شـکێنراوە و گـوڵەکان هـەموویان فـەوتاون و

بەرازەکەم لەسەر لاسکە پلیشاوەکانیان لێی پاڵ کەوتووە.. بەرازێکی نەخۆش کە لاقی دواوەی بووبوو بە دەرگای دەرەوە و شکابوو. ڕۆژەکەی هەتاو بوو، ئەو خۆرە نەفرەتییەش بەوپەڕی دڵگەرمی و گوێنەدانەوە ڕۆشناییی خۆی خستبووە سەر مەرگ و پارچەی هەپروون بە هەپروونبووی دڵم.

جا مەسەلەکە ئاوایە. تکایە لێم زویر مەبن ئەگەر شتێکی خراپم گوتبێ. من کابرایەکی زۆر بێکەڵک و زبرم، هەرچی ڕۆحیشمە نەخۆشێکی بێچارە و دەرمانە، وەک ڕۆحی هەر کەسێک کە توانای بیرکردنەوەی هەبێت.

بە توندی دەستتان دەگوشم و ئاواتەخوازی تەندروستییەکی چاک و ئارەزوویەکی بەهێزی کارکردنتانم. چەند زۆریش ستایشتان دەکەن، هێشتا نرخی تەواوی خۆتیان نەداونەتێ و پێ دەچێ لێتان تێ نەگەن. بەشبەحاڵی خۆم، نامەوێ من بەڵگەی ئەو دوایەمین وشانەم بم.

ئا. پیشکۆف*

* پیشکۆف، ناوی خانەوادەیی ئەسڵیی مەکسیم گۆرکییە.

**خاڵە ڤانیا**

چەند دیمەنێکی ژیانی لادێ لە چوار پەردەدا

کارەکتەرەکان:

سریبریکۆڤ ئەلیکساندەر ڤلادیمیرەڤیچ، پرۆفیسۆرێکی خانەنشین

یلێنا ئەندرێیەڤنا، ژنی سریبریکۆڤە و تەمەنی ٢٧ ساڵە

سۆفیا ئەلیکساندرەڤنا (سۆنیا) کچی سریبریکۆڤە لە ژنی یەکەمی

ڤەینێتسکەیا ماریا ڤاسیلێڤنا، خێزانی بێوەژنکەوتووی ڕاوێژکاری نهێنی و دایکی ژنی پێشووی پرۆفیسۆرە

ڤەینێتسکی ئیڤان پیترۆڤیچ کوڕی ماریا ڤاسیلێڤنا و خاڵی سۆفیایە (سۆنیا)

ئەستروٚڤ میخاییڵ لڤۆڤیچ، پزیشکە

تیلێگین ئیلیا ئیلیچ، خاوەن موڵکێکی هەژارکەوتووە

مارینا، دایەنێکی پیرە

ئیشکەرێک

بەسەرهاتەکان لە خانووبەرە و موڵکەکەی سریبریکۆڤدا ڕوو دەدات

## پەردەی یەکەم

باغچەیەک، بەشێکی خانووبەرەکە، بەپێش هەیوانەکەیەوە، دەبینرێ، لەسەر درەختەڕێیەکە و لەژێر دارچنارێکدا مێزێک دانراوە و ئامرازی چاخواردنەوەی لەسەرە و قەنەفەیەک و چەند کورسییەکیش بە دەوریدا دانراون، کەمێک لەولاوە جۆلانەیەک دەبینرێ، سەعات سێی پاش نیوەڕۆیە، ئاسمان بە هەور داپۆشراوە.

مارینا، پیرێژنێکی ڕەنگپەڕیوی کەم جووڵەیە، لە دیار سەماوەرەکە دانیشتووە، گۆرەوی دەچنێ، ئەستروڤیش لە نزیکییەوە دەسووڕێتەوە

**مارینا** (پیاڵەیەک چای بۆ تێ دەکات): دە بیخۆرەوە، باوانم.

ئەستروڤ (بە نابەدڵییەکەوە پیاڵەچاکەی لێ وەردەگرێت): وەک بڵێیت زۆر ئارەزووم لێی نییە.

**مارینا:** ئەی ڕەنگە بتەوێ ڤۆدکا بخۆیتەوە؟

**ئەستروڤ:** نەخێر. من هەموو ڕۆژێک ڤۆدکام بۆ ناخورێتەوە، جگە لەوەش ئەمڕۆ هەواکەی کپە.

پشوویەک

دایە، باشە ماوەی چەندە من و تۆ یەکتری دەناسین؟

**مارینا** (بە دەم بیرکردنەوە): جا بڵێم چەندە! خوا بکات بێتەوە یادم...

باشـه، کەی بوو کـە تۆ هاتیتـە ئێرە.. بۆ ئەم نـاوچەیە؟ ئەوکات ڤێرا پیترۆڤنا، دایکی سۆنیا، هێشتا لە ژیاندا مابوو. تۆش دوو زسـتـان لە تـەک ئەودا هـاتیـتـە لامـان... بەو پێـیـە، دەبـێ یانزە ساڵێک تێپەڕیبێت (کەمێکی تر تێ دەفکرێ) ڕەنگە... زیاتریش.

**ئەستڕۆف:** باشە، من لە چاو ئەوسادا زۆر گۆڕاوم؟

**مـاریـنا:** ئەرێ، زۆریش. ئەو کـات تۆ گـەنج و قـۆز بوویت، هـەرچی ئێستاشـە پیـر بوویت، قۆزییـەکەی جارانیشت نەماوە. ئەوەشت لەبیر نەچێت – خەریکی ڤۆدکا خواردنەوەشیت.

**ئەسـتڕۆف:** بەڵێ... بە دە سـاڵ بوومە مرۆڤێکی تر. هۆیەکەشـی چییە؟ لە ڕاستیدا من کوشـتەی ئیشکردنم، دایە. هەر لە بەیانییەوە تا ئێـوارە لەسـەر پێ وەسـتـاوم، سـرەوتم نییـە، بە شـەویش لەژێر لێـفـەکـەدا ڕاکـشـاویت و لـە ترسی ئەوەدایت کـەسـێک نەیەت پەلکێشت کات بۆ لای نەخۆشێک. بە درێـژاییی ئەو ماوەیەی من و تۆ یەکتری دەناسین تاکە ڕۆژێکیش لە کار ئازاد نەبووم. ئیتر چۆن پیـاو پیـر نابێت؟ جگە لەوەش ژیانەکـە خـۆی لە خـۆیدا وەڕسکەرە. ژیانەکە پەلکێشت دەکات. چوار دەورت بە کەسانی سـەیروسـەمەرە تەنراوە، سەرلەبـەریان سـەیروسـەمـەرەن، دوو – سێ سـاڵێک لەناویاندا بژی، بـەرە بەرە و بـێ ئەوەی بەخـۆت بزانی تـۆش دەبیـتـە کـەسـێکی سـەمـەرە. ئەمـە چارەنووسـێکە ناتوانی خـۆتی لێ لادەی (خـەریکی بادانی سـمێـڵـە درێژەکـەی خـۆیەتی) تۆ تەمـاشـاکـە چ سـمێـڵـێکی گـەورە و بێـمـانای لێ دەرچووە. مـن کـابرایەکی سـەمـەرەم لـێ دەرچووە، دایـە... بۆ نەفـامی بڵێیت، هێشـتا نەفـام نەبووم، لە خـوا بەزیادبێ مێشکم

له جێی خۆیەتی، بەڵام هەستەکانم تیژییەکەی جارانیان نەماوە. ئارەزووی هیچ ناکەم، هیچم پێویست نییە و کەسیشم خۆش ناوێ.. تەنیا تۆ نەبێت، کە خۆشمدەوێیت (ماچێکی سەری دەکات) لە منداڵیدا دایەنێکی وەکو تۆم هەبوو.

**مارینا:** ڕەنگە وابووبێ. باشە تۆ برسیت نییە؟

**ئەستڕۆڤ:** نەخێر. لە هەفتەی سێیەمی ڕۆژووی گەورەدا سەفەرم کرد بۆ مالیتسکەیە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای تیفۆیید... تەماشا دەکەم خەڵکەکە لە کوخت و ماڵە تەنگەکانیاندا لاڵوپاڵ بەسەر یەکتریدا کەوتوون.. پیسی، بۆگەن و بۆخە ئەو ناوەی تەنیوە، گۆلکەکان، لە پاڵ نەخۆشەکاندا لەسەر زەوییە ڕەقوتەقەکە لێی کەوتوون، بێچووە بەرازەکانیش هەروەها. هەموو ڕۆژەکە خۆم ڕەتاند، بۆ ساتێکیش دانەنیشتم و زادی خواش نەچوو بە قورگمدا. گەڕامەوە ماڵیشەوە هەر سرەوتم نەبوو. کابرایەکی چاودێری هێڵی شەمەندەفەریان بۆ هێنام، لەسەر مێزەکە پاڵم خست نەشتەرگەریی بۆ بکەم، کەچی ئەویش لەژێر کاریگەری کلۆرۆفۆرمەکەدا[١] بەلادا هات و گیانی نەهاتەوە بە بەردا. ئا لەو کاتەدا کە پێویستی نەدەکرد، هەستی دڵم بزاوت و کەوتە ئازاردانی ویژدانم، وەک ئەوەی بە مەبەست ئەو کابرایەم کوشتبێت... ڕۆنیشتمە سەر کورسییەکەم و بەهەردوو دەستم چاوەکانی خۆمم داپۆشی و لە دڵی خۆمدا ئاوا تێدەفکریم: تۆ بڵێیت ئەوانەی سەد یان دووسەد ساڵێک پاش ئێستا دێنە

---

١. کلۆرۆفۆرم، مادەیەکە بۆ بێهۆشکردنی نەخۆش پێش نەشتەرگەری بەکار دەهێنرا.

ژیانەوە، ئەوانەی کە ئێمە ئێستا ئەم ڕێگە دژوارە لە پێناویاندا دەبڕین، تۆ بڵێی ئێمەیان بێتەوە یاد، دانێکی خێرمان پێ دابنێن و ڕەحمەتێکمان بۆ بنێرن؟ بەخوا باوەڕناکەم، دایەگیان!

**مارینا:** خەڵکەکە نایەتەوە یادیان، بەڵام خۆ خوا لەیادی دەمێنێ، ڕۆڵە.

**ئەستروڤ:** دەمخۆش دایە،ماڵت ئاوابێت.

ڤەینێتسکی لێیان نزیک دەبێتەوە

**ڤەینێتسکی** (لە ماڵ دێتە دەرەوە؛ پاش نانی بەیانی سەرخەوێکی بۆ شکاندووە و سەروچاوی تێک ترشاوە؛ لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ و بۆینباغە کەشخەکەی ڕێک دەکاتەوە): بەڵێ..

پشوویەک

بەڵێ...

**ئەستروڤ:** چییە، تێرخەو بوویت؟

**ڤەینێتسکی:** بەڵێ... زۆریش (باوێشکێک دەدات) لەو کاتەوەی پرۆفیسۆر و ژنەکەی هاتوونەتە ئێرە، شیرازەی ژیان لەم ماڵەدا تێکچووە.. لە کاتی خۆمدا نانووم، لەگەڵ نانی بەیانی و نیوەڕۆدا شۆربا و چکاوەی سەیروسەمەرە دەخۆم و شەراب دەخۆمەوە... ئەمانەش هیچیان بۆ تەندروستی باش نین! جاران بۆ ساتێکیش دەست بەتاڵ نەبووم، من و سۆنیا کارمان دەکرد – ڕێزم هەیە بۆی، بەڵام ئێستا هەر سۆنیا ئیش دەکات، هەرچی منیشم ئەوا هەر دەنووم و دەخۆم و دەخۆمەوە.. بەخوا باش نییە!

**مارینا** (سەری دەلەقێنێ): ڕێسای باشمان بۆ پەیدا بووە! پرۆفیسۆر

سەعات ١٢ی نیوەڕۆ لە خەو هەڵدەستێت، سەماوەرەکەش هەر لە بەیانییەوە گیزەی دێت و چاوەڕێی ئەوە. بێ ئەوان سەعات یەک، وەکو هەموو خەڵکی خوا نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، ئێستاش دوای سەعات شەش دەست پێ دەکەین. شەو پرۆفیسۆر خەریکی خوێندنەوە و نووسینە، لە پڕ لە سەعات دوودا زەنگ لێ دەدا.. چییە قوربان؟ چام بۆ بێنن! ئینجا بەو نیوە شەوە وەرە خەڵک هەڵستێنە، سەماوەر دەم کە... ڕێسا هەر وادەبێ!

**ئەستروڤ:** جا نیازیانە زۆر لێرە بمێننەوە؟

**ڤەینێتسکی** (فیکەیەک لێ دەدات): سەد ساڵ. پرۆفیسۆر بڕیاری داوە لێرە نیشتەجێ ببێت.

**مارینا:** فەرموو وا ئێستاش دوو سەعاتە سەماوەرەکە لەسەر مێزەکەیە، کەچی ئەوان چوونەتە پیاسە.

**ڤەینێتسکی:** وا دێن، دێن... نیگەران مەبە.

چەند دەنگێک دێتە گوێ؛ لە دوورەوەی باخچەکەوە سریبریکۆڤ، یلێنا ئەندرێیەڤنا، سۆنیا و تیلێگین لە پیاسەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

**سریبریکۆڤ:** بەڕاستی قەشەنگە... چ جۆرە دیمەنێکی دڵڕفێن.

**تیلێگین:** جەنابی عالیولەقام بەڕاستی سەرسامکەرن.

**سۆنیا:** باوکە ئێمە سبەینێ دەچین بۆ بنکەی نەمامنێژییەکە، باشە؟

**ڤەینێتسکی:** بەڕێزان، با چا بخۆین!

**سریبریکۆڤ:** دۆستان، پیاوی چاک بن چایەکەی خۆمم بۆ بنێرنە

ژووری کارەکەم! ئەمڕۆ شتێکم ماوە دەبێ تەواوی بکەم.

**سۆنیا:** من دڵنیام کە بنکەی نەمامنێژییەکەت بە دڵ دەبێت.

یلێنا ئەندرێیەڤنا، سریبریکۆڤ و سۆنیا دەچنەوە ژوورەوە، بۆ ناو ماڵەکە؛ تیلێگین بەرەو مێزەکە دەڕوات و لەلای مارینا دادەنیشێ

**ڤەینێتسکی:** دنیا گەرمە، هەناسە نادرێ. زانا مەزنەکەشمان پاڵتۆ لە بەردا و کەڵۆش لە پێدا دەسووڕێتەوە و دەستەوانە لە دەستدا و چەتریشی هەڵگرتووە.

**ئەستروڤ:** دیارە دەیەوێ تەندروستی خۆی بپارێزێ.

**ڤەینێتسکی:** ژنەکەشی هێندە جوانە، هێندە جوانە! لە هەموو ژیانمدا ئافرەتێکی لەو جوانترم نەدیوە.

**تیلێگین:** من، مارینا تیمافییەڤنا، چ بە سواری، ناو کێڵگەکان بگەڕێم، یان پیادە، پیاسەی ناو باخچەی پڕ سێبەر بکەم، یان وەک ئێستا سەیری ئەو مێزە بکەم، هەمیشە لێوان لێوی هەستێکی پەنهانی بەهرەمەند بوون لە نیعمەت دەبم! هەواکەی دڵڕفێنە، باڵندەکان نەغمەخوێن، هەموومان یەک دڵ و یەک دەست دەژین لەوە زیاتر چیمان پێویستە؟ (پیاڵەی چایەکە وەردەگرێت) یەک دنیا سوپاسگوزارتانم!

**ڤەینێتسکی** (وەک ئەوەی خەو ببینێ): ئەی چاوەکانی... ئای چ ژنێکی ئەفسووناوییە!

**ئەستروڤ:** دەی سا، ئیڤان پیترۆڤیچ، شتێکمان بۆ بگێڕەوە.

**ڤەینێتسکی** (بە خاوییەکەوە): چیت بۆ باس بکەم؟

**ئەستروّڤ:** هیچی تازەت لا نییە؟

**ڤـەینێـتـسکی:** یەک شـتی تازەم نییـە؟ گـشـتی کـۆنە. من هـەمـان ئەو بابایەم کە هەبووم، بگرە خراپتریش بووم، چونکە تەمـەڵ بووم، وەک کەوڵە کۆنێک هەر بۆڵە و خوتەمە، پیرە قەتێکەی دایکیشم هەر سـەبارەت ئازادبوونی ژنان دەچریکێنێ؛ چاوێکی بڕیوەتە گۆڕستـان و چاوەکەی تری بەناو کتێبـە پڕ داناییەکاندا بە دوای بەرەبەیانی ژیانێکی نوێدا دەگێڕێ.

**ئەستروّڤ:** ئەی پرۆفیسۆر چی؟

**ڤـەینێـتـسکی:** پرۆفـیسـۆریش وەک هەمـیشـە هەر لە بەیانیـیەوە تا درەنگەشـەو لە ژوورەکـەی خـۆی دانیـشـتـووە و دەنووسـێت. "مێشکمـان جەڕێنراو و ناوچەوانمان گرژ کردووە، هەر سروود دەنووسین و دەنووسینەوە، کـەچی نە ئافـەرینێکی خـۆمـان نە ستایشێکی سروودەکانمان نابیستینەوە"[2] خوا فرسەتی کاغەز بدات! هیچ نەبوایە ژیاننامەی خۆی بنووسیایەوە، چاکتر بوو. چ بابەتێکی ئەوەڵبـاب دەبوو! پرۆفـیـسـۆرێکی خـانەنشین، چۆرەکـە ڕەق و سـەرمـێکوتەیەکی دانا.. بە بارێک نەخـۆشـیی نوقـرس و ڕۆمـاتیـزم و مـیگرێنەوە، لە دڵپـیـسـیدا جگەری ئاوسـاوە... ئەم تەیرە لە مـاڵ و مـوڵکی ژنەکـەی پێشـوویدا بە نـاچـاری دەژی، چـونـکـە پـارەی ژیـانـی نـاو شـاری پـێ

---

۲. هۆنراوەیەکی ساتیری ئیڤان ئیڤانەڤیچ دیمیتریێڤی شاعیرە کە لە ساڵی ۱۷۹٦دا لەژێر ناونیشانی "زەینێکی نامۆ" بڵاوی کردووەتەوە و تێیدا پلار دەگرێتە شاعیرە بێ بەهرەکان و لەسەر زاری ئەوان دەڵێت "ئەمە چ کارێکی عەجایەبە؟ بیست ساڵ وا تێپەڕی، ئێمەش مێشکمان هەر جەڕێنراوە...".

هەڵناسـووڕێت. بەردەوام هاوار و گـازەندەیەتی لە بەدبەخـتی خۆی، ئەگەرچی لە ڕاسـتیدا، بە شێوەیەکی نا ئاسا بەختەوەرە. (بە شڵەژانەوە) ئاخر بیهێنە بەرچاوی خۆت، کوڕی کارگێڕێکی سـادەی کڵێسا، چەندین پلەی زانستی و کۆلێجێکی بەدەست هێناوە، بە نازنـاوی "جەنـابی عـالیـولەقـام" بانگ دەکرێ، بووەتە زاوای ئەندامی دەسـتـەی پیـران و سـەد و یەک شـتـی تر. ئەمەشیان بە هەرحاڵ. بەڵام تۆ سەیری ئەم مەسـەلەیەی تریان بکە. کـابرایەک بیـست و پێنـج سـاڵ لەسـەر هونەر بنـووسێ لە کـاتێکدا فـڕی بەسـەر هونـەرەوە نییـە. بیـست و پێنج سـاڵە بیـرۆکـەکـانی خـەڵکانی تر دەجـوێتـەوە سـەبارەت ڕیالیـزم، ناتورالیزم و دەیان شتی تری بێ سەروبەر؛ بیست و پێنج ساڵە سەبارەت شتێک دەنووسێ کە بۆ ئەوانەی خاوەن عەقڵن دەمێکە ئاشکرایە و بۆ ئەوانەش کە عەقڵیان نییە نرخی پووشێکی نییە – کەواتە بیست و پێنج ساڵە ئاو دەکاتە کوندەی دڕاوەوە. بەڵام ئای کە بە خۆیەوە دەنازێ! چ تەمـاح و بەخۆدا ڕاپەڕمـوونێکی هەیە! ئەوا ئێستا خانەنشین بووە، گیانلەبەرێک چییە نایناسێ و ناوی نەبیستووە؛ کەواتە بیست و پێنج ساڵە جێگای کەسێکی تری گـرتووە. دە سـەیریشی کـە: دەڵێیت نیـمچـە خـواوەندێکە هەنگاو دەنێت!

**ئەستڕۆڤ:** خوا پێم نەگرێ لەوە دەچێ ئیرەییی پێ بەریت.

**ڤـەینێـتـسکی:** ڕاسـتـە، ئیـرەییی پێ دەبەم! بزانە لەگـەڵ ژنـاندا چ بەخـتـێکی هەیە! چ دۆن جـوانێک بەخـتـی ئەوی هەبـووە! ژنی یەکـەمی، کـە خـوشکی خـۆم بوو، چ ئافـرەتێکی قـەشـەنگ و چ

ڕۆحێکی بێگەردی هەبوو، هەر وەک ئەو ئاسمانە شینە، هەردەم سوپاسگوزار و دڵگەورە، ژمارەی ئەوانەش عاشقی بووبوون لە ژمارەی قوتابیەکانی پرۆفیسۆر زیاتر بوو – بە شێوەیەکیش ئەمی خۆشدەویست هەر مەگەر فریشتە پاکەکانی ئاسمان کەسانی پاکی وەک خۆیان خۆشویستبێت. دایکیشم، کە خەسووی ئەمە، ئەوە خۆ هەر مەپرسە، تا ئێستاش دەیپەرستێت، ئەمیش تا ئێستا هەستی سامێکی پیرۆزی لا دروست دەکات. هەرچی ژنی دووەمیشێتی ئەو شۆڕە ژنە جوان و ژیرەی کەمێک لەمەوبەر خۆتان دیتان، کاتێک شووی پێ کرد کە ئەم پیر بووبوو، هەموو گەنجی و جوانی و ئازادی و شەوق و ڕەونەقی خۆی پێ بەخشی، ئاخر بۆ؟ لە پای چی؟

**ئەستروڤ:** جا باشە بە وەفاشە لە ئاست پرۆفیسۆردا؟

**ڤەینێتسکی:** بەڵێ، بە داخیشەوە.

**ئەستروڤ:** جا بۆ بەداخەوە؟

**ڤەینێتسکی:** چونکە ئەو وەفا و دڵسۆزییە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ساختەیە. دڵسۆزییەکە پڕە لە خۆشڕەوانی بەڵام هەرچی مەنتیق بێت تێیدا نییە. ناپاکی لە مێردێک بکەیت کە چارەیت ناوێ، ئەوا بێ مۆراڵانەیە؛ هەوڵیش بدەیت لاوێتی خێرنەدیوی خۆت و هەستی زیندووی خۆت خەفە بکەیت. ئەوا ئەمەشیان هەر بێ مۆراڵانەیە.

**تیلێگین** (بە دەنگێکی گریاناوییەوە): بمبەخشە، ڤانیا، من ئەو قسەیەی تۆم بە دڵ نییە. ئاخر ڕاستیان گوتووە ئەوەی ناپاکی لە هاوسەرەکەی بکات، دەکارێ ناپاکی لە نیشتمانەکەشی بکات!

**ڤەینێتسکی** (بە پیشخواردنێکەوە): دەتۆ فوارەکەت بگرەوە، چۆرەکی کونجی![3]

**تیلێگین**: ببەخشە، ڤانیا بەلام من ژنەکەم دوو ڕۆژ دوای زەماوەندەکەمان و بەهۆی ئەوەوە کە ڕووخسارم هێندە جوان نەبوو، منی جێ هێشت و چووە لای کەسێک کە حەزی لێ کردبوو، بەلام دوای ئەوە من لە ئەرکی خۆم پاشگەز نەبوومەوە. من تا ئێستاش خۆشمدەوێ و دڵسۆزم بۆی و چۆن بۆم بلوێ یارمەتیی دەدەم و سامانەکەی خۆمم تەرخان کردووە بۆ پەروەردەکردنی ئەو مندالانەی ئەو لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هێناویاننەتە دنیاوە. ڕاستە من بەختیاریم لێ سەندرایەوە بەلام کەرامەت و شانازیم هەر ماوە. ئەی ئەو؟ لاوێتی بەسەرچوو، جوانییەکەی لەژێر زەبری یاساکانی سروشتدا کاڵ بووەوە و خۆشەویستەکەی سەری نایەوە... دەبێ ئیتر چی مابێتەوە؟

سۆنیاو یلێنا ئەندرێیەڤنا دێنە ژوورەوە؛ کەمێک پاشتر ماریا ڤاسیلێڤنا بە خۆی و کتێبێکەوە دێتە ژوورەوە، دادەنیشێت و دەست دەکات بە خوێندنەوە؛ چایەکی دەدەنە دەست ئەویش بێ ئەوەی سەیری پیاڵەکە بکات دەیخواتەوە.

**سۆنیا** (بە پەلەکردنەوە قسە لەگەڵ مارینای دایەن دەکات): دایە گیان مزگێنەکان وا هاتوونەتە ئەوێ، تۆ بڕۆ قسەیان لەگەڵدا بکە، چایەکە من خۆم.... (دەکەوێتە چا تێکردن)

---

٣. لە دەقەکەدا تیلێگین بە"ڤافلا" بانگ دەکەن کە جۆرە پسکیتێکی خانە خانەیە، بەلام من "چۆرەکی کونجی"م هەڵبژارد چونکە لای خۆمان کەسانێک کە ئاوڵەیان گرتبێ زیاتر بە کونجە بانگ دەکرێن.

دایەنەکە دەڕوات، یلێنا ئەندرێیەڤنا پیاڵەکەی خۆی دەبات و دەچێ لەسەر جۆلانەکان دادەنیشێ و دەیخواتەوە.

**ئەستڕۆڤ** (ڕووی قسەی لە یلێنا ئەندرێیەڤنا): من لە ڕاستیدا بۆ لای مێردەکەتان هاتووم. بۆتان نووسیبووم کە زۆر ناساغە بەدەست ڕۆماتیزم و شتێکی تریشەوە، بەڵام وادیارە کە تەندروستی باشە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دوێنێ ئێوارە ناساغ بوو گازندەی بوو لە دەست ئازاری قاچەکانی، بەڵام ئەمڕۆ پێ دەچێ خراپ نەبێ...

**ئەستڕۆڤ:** منیش چنگ لە سەرشان ٣٠ کیلۆمەترم بە سواری تەی کرد. بەڵام قەیدی نییە، خۆ ئەمە یەکەم جارم نییە. چاکتر وایە ئەمشەو لێرە بمێنمەوە، هیچ نەبێ، بەپێی پێویست[٤]، تێرخەو دەبم.

**سۆنیا:** جا چی لەوە باشتر دەبێت! ئێوە هەر زۆر بە دەگمەن شەو لای ئێمە دەکەنەوە. وا بزانم هێشتا نانی نیوەڕۆتان نە خواردووە.

**ئەستڕۆڤ:** نەخێر، نانم نەخواردووە.

**سۆنیا:** جا وەرە نانی نیوەڕۆ بخۆ. ئێمە ئێستا سەعات حەوت قاوەڵتی دەکەین (چایەکە دەخواتەوە) چایەکەش ساردە.

**تیلێگین:** پلەی گەرمای سەماوەرەکە بە شێوەیەکی بەرچاو نزم بووەتەوە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** قەیدی نییە، ئیڤان ئیڤانەڤیچ، ئێمە چا ساردیش

٤. لە دەقەکەدا بەپێی پێویست بە لاتینی گوتراوە:
"quantum satis".

بێت هەر دەیخۆێنەوە.

**تیلێگین**: داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام ناوم ئیڤان ئیڤانەڤیچ نییە، بەڵکو ئیلیا ئیلیچە.. ئیلیا ئیلیچ تیلێگین، یان وەک هەندێ، بە هۆی دەموچاوی ئاوڵاویمە، بە چۆرەکی کونجی بانگم دەکەن. کاتی خۆی من بانگم بە گوێی سۆنیادا داوە[٥]، جەنابی عالیولەقامی مێردتان من باش دەناسێ. من ئێستا لەلای ئێوە دەژیم، لە موڵکەکەتاندا... ئەگەر بەڕێزتان سەرنجتان دابێت من هەموو ڕوژێک لەگەڵ بەڕێزتاندا قاوەڵتی دەکەم.

**سۆنیا**: ئیلیا ئیلیچ یاریدەدەر و دەستە ڕاستمانە (بە میهرەبانییەوە) دە بێن با چایەکی ترتان بۆ تێ بکەم.

**ماریا ڤاسیلێڤنا**: ئۆف!

**سۆنیا**: نەنە گیان، چی بووە؟

**ماریا ڤاسیلێڤنا**: بیرم چوو بە ئەلیکساندەر بڵێم... هەر بەجارێک خەیاڵم لای خۆم نەماوە... ئەمڕۆ لە خارکەڤەوە نامەیەکی پاڤل ئەلیکسێیەڤیچم بە دەست گەیشت... نامیلکە نوێیەکەی خۆی بۆ ناردووم..

**ئەستروۆڤ**: ئێ، شتێکی باشە؟

**ماریا ڤاسیلێڤنا**: باشە، بەڵام کەمێک سەیرە. ئێستا هەموو ئەو شتانە

٥. "من بانگم بەگوێی سۆنیادا داوە" لە دەقەکەدا باسی نەریتێکی مەسیحییانە دەکرێت، کە ئاوکردنە بەسەری منداڵی تازە لەدایکبوودا، کە بەعەرەبی پێی دەگوتریت "تعمید" بەڵام لەبەر نەبوونی وشەیەکی پڕ بەپری کوردی بۆ ئەو ڕیتواڵە من وشەی "بانگدان بە گوێدا"م بەکار هێناوە، هیوادارم دڵی هیچ لایەکم نەڕەنجاندبێ!.

ڕەت دەکاتەوە کە حەوت ساڵ لەمەوبەر خۆی داکۆکی لێ دەکرد. شتێکی ناهەموارە.

**ڤەینێتسکی:** دە هیچ ناهەموار نییە دایە، چایەکەت بخۆرەوە باشترە.

**ماریا ڤاسیلێڤنا:** ئێ من دەمەوێ قسە بکەم!

**ڤەینێتسکی:** ئاخر ئێمە پەنجا ساڵە قسە دەکەین و دەکەینەوە و نامیلکەکان دەخوێنینەوە. کاتی ئەوە هاتووە واز بێنین.

**ماریا ڤاسیلێڤنا:** تۆ، ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، حەز ناکەیت گوێم لێ بگریت کە من قسە دەکەم. بمبوورە، ژان[6]، لەم ساڵەی دواییدا تۆ وا گۆڕدراویت، کە من هەر ناتناسمەوە. تۆ جاران مرۆڤێک بوویت، خاوەنی بیروباوەڕی تایبەتی خۆت و کەسایەتییەکی بە ڕەونەق بوویت...

**ڤەینێتسکی:** خۆیەتی! کەسایەتییەکی بەڕەونەق بووم، بەڵام ڕۆشناییم بۆ کەس نەبوو...

پشوویەک

ڕاستە کەسایەتییەکی بە ڕەونەق بووم... ئا توخوا بیڵێن، بزانم پلار و توانجێک هەیە لەمە ژەهراویتر بێت! ئێستا وا تەمەنم چل و حەوت ساڵە. تا ساڵی پاریش من، هەر وەکو ئێوە، بە ئەنقەست دەمویست بەرچاوی خۆم بەقسەی ناو کتێبەکان تەماوی کەم، تا ژیانی ڕاستەقینە نەبینم - واشمدەزانی کە شتێکی باش دەکەم. بەڵام ئێستا، خۆزگە دەتانزانی چۆن هەست دەکەم! شەو خەوم لێ ناکەوێ لە داخ و تووڕەییدا، کە

٦. ماریا ڤاسیلێڤنا ئیڤانی کوڕی، لە بریی ئیڤان، یان ڤانیا، کە ناسککراوەی ناوی ئیڤانە، لەسەر تەرزی فرەنسییانە بە "ژان" بانگ دەکات.

ئاوا بێمێشکانە کاتی خۆمم بەفیڕۆ داوە، لە کاتێکدا دەمتوانی خاوەنی هەموو ئەوەبم کە ئێستا، تەمەنی بە ساڵداچووم ڕێگەم نادات هەمبێت!

**سۆنیا:** خاڵە ڤانیا، دە بەسە، تاقەتمان چوو!

**ماریا ڤاسیلێڤنا** (بە کوڕەکەی دەڵێت): تۆ وا دیارە بیرو بۆچوونەکانی ڕابردووی خۆت تۆمەتبار دەکەیت... لە کاتێکدا ئەوان تاوانبار نین، بەڵکو خودی خۆتی. تۆ ئەوەت لە یادی خۆت بردووەتەوە کە خودی بیروباوەڕ لە خۆیاندا شتێک نین، جگە لە چەند پیتێکی مردوو نەبێت... ئەوەی پێویست بوو ئەوە بوو کە کاریان پێ ئەنجام بدرێت.

**ڤەینێتسکی:** کار؟ ئاخر خۆ هەموو کەسێک وەکو ئاغای پرۆفیسۆرتان ناتوانێت چیکەنەی نووسین بێت[٧].

**ماریا ڤاسیلێڤنا:** مەبەستت چییە لەم قسەیە؟

**سۆنیا** (بە لێپاڕانەوەوە): نەنە! خاڵە ڤانیا! تکاتان لێ دەکەم!

**ڤەینێتسکی:** من قڕوقەپ! من بێدەنگ دەبم و داوای لێبووردنیش دەکەم.

پشوویەک

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەمڕۆ چەند هەواکەی خۆشە.. هیچ گەرم نییە..

---

٧. لە دەقەکەدا ئەم وشە لاتینییە بەکار دێت: perpetuum mobile کە مانای ماشینی هەمیشەیی دەبەخشێت و مەبەست لە ماشینێکە کە هەردەم کار دەکات بێ ئەوەی پێویستی بەسەرچاوەیەکی وزە بێت، کە ئەمەشیان خەیاڵە. لە کوردەواریدا کەسێک کە زۆر قسە بکات دەڵێن "دەمی دەڵێی چیکەنەیە، وەستانی نییە".

**ڤەینیتسکی:** ڕۆژی وا ماڵی ئەوەیە پیاو خۆی هەڵواسێ...

تیلێگین گیتارێک سازدەدات. مارینا بەدەوری ماڵەکەدا دەسووڕێتەوە و دان بۆ مریشکەکان ڕۆ دەکات.

**مارینا:** تروو، تروو، تروو..

**سۆنیا:** دایە، ئەوە مزگێنەکان بۆچی هاتبوون؟

**مارینا:** دیسانەوە بەزمی لەوەڕگاکە بوو، تروو، تروو. تروو...

**سۆنیا:** تۆ ئەوە کام مریشکەیان بانگ دەکەیت؟

**مارینا:** پەڵە پەڵەکەیان، لەگەڵ جووجەڵەکاندا چووەتە دەرێ، دەڵێم قەلەڕەشکەکان پڕی پیا نەکەن.. (لەوێ دوور دەکەوێتەوە)

تیلێگین پارچەیەک پۆلکا[8] بە گیتارەکەی لێ دەدا؛ هەموو بێدەنگن و گوێ دەگرن؛ ئیشکەرێک دێتە ژوورەوە

**ئیشکەرەکە**: جەنابی دوکتۆر لێرەیە؟ (ڕووی دەمی دەکاتە ئەستروۆڤ) جەنابی میخاییڵ لڤۆڤیچ، تەشریف بفەرموون، هاتوون بە دواتانا.

**ئەستروۆڤ:** لە کوێوە؟

**ئیشکەرەکە**: لە کارگەکەوە.

**ئەستروۆڤ** (بە بێزارییەوە): کۆڵێک سوپاسگوزارم. چار نییە، دەبێ بڕۆم.. (چاویش بە دوای شەپقەکەیدا دەگەڕێ) بە خوا ناخۆشە، دەک بەزیاد نەبێت.

**سۆنیا:** هەر بەڕاست، چەند شتێکی ناخۆش بوو.. بەڵام لە کارگەکەوە

٨. پۆلکا جۆرە سەمایەکی دوو بزاوتییە کە سەرچاوەکەی لە چێکی ئێستاوە هاتووە. ئەو مۆسیقایەش کە هاوشانی ئەم سەمایە لێ دەدرێ، هەر پێی دەگوترێ پۆلکا.

بگەڕێنەوە ئێرە، تا نانی نیوەڕۆ بخۆن..

**ئەستروّڤ:** نا، کات درەنگ دەبێ.. تازە لە کوێ.. بۆ کەی (ئیتر بە ئیشکەرەکە دەڵێت) گوێ بگرە ئەزیزم، مادامەکی وای لێ هات، پێکێک ڤۆدکام فریاخە.

ئیشکەرەکە دەڕوات

تازە لە کوێ.. بۆ کوێ.. (شەپقەکەی دەدۆزێتەوە) لە یەکێک لە شانۆنامەکانی ئەستروّڤسکیدا زەلامێکی تیایە بە سمێڵ زل و بە توانا ڕێوڵەیە.. جـا ئەوە لە من ڕووی داوە. بەڕێزانم، لای ئێوەم خۆش... (ڕووی قسەی دەکاتە یلێنا ئەندرێیەڤنا) ئەگەر لە فرسەتێکدا ئێوە و سۆفیا ئەلیکساندرا بتوانن سەرێکم لێ بدەن، پڕ بە دڵ خۆشحاڵ دەبم. موڵکێکی خنجیلانەم هەیە، هەر پازدە هیکتارێک دەبێت، بەڵام ئەگەر حەزتان لێ بێت ئەوا باخچەکەم و کێڵگەی ئاژەڵ و ڕووەک بەرهەمهێنانەکەم نموونەیین و لە بازنەیەکی هەزار فرسەخیشدا هاووێنەیان نادۆزیتەوە. لە نزیکیشمەوە دارستانێکی دەوڵەتی هەیە.. بەڵام سەرپەرشتیارەکەی کابرایەکی پیرە، هەردەم نەخۆشە، جا بۆیە لە ڕاستیدا من زۆربەی کارەکان دەبەم بەڕێوە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** بۆیان باس کردووم کە ئێوە زۆر حەزتان لە دارستانە، بێگومان کارێکی سوودگەیێنە، بەڵام ئایا ئەوە ڕێگر نابێت لە بەردەم پەیامی سەرەکیتاندا؟ ئاخر خۆ ئێوە پزیشکن.

**ئەستروّڤ:** مەگەر تەنیا خوا خۆی بزانێ پەیامی سەرەکیمان چییە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەی باشە، کارێکی خۆشە؟

**ئەستروّڤ:** بەڵێ، کارێکی خۆشە.

**ڤەینێتسکی** (بە لاقرتێییەوە): هەر زۆریش!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە ئەستروّڤ دەڵێ): ئێوە بە ڕووخسارتاندا گەنج دەنوێنن.. هەر سی و شەش، سی و حەوت ساڵێکن.. بۆیە دەبێ ئەو کارە هێندە خۆشیش نەبێ وەک ئێوە باسی دەکەن، ئاخر هەر دارستان و دارستان، بەڕای من یەک شێوە و یەکلایەنەیە.

**سۆنیا:** نەخێر، بەڵکو زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە. میخاییل لڤۆڤیچ هەموو ساڵێک دارستانی نوێ دەنێژێ، تەنانەت مەدالیایەکی برۆنزی و دیپلۆمێکیشیان بۆ ناردووە. ئەو هەردەم لە کۆششی ئەوەدایە دارستانە کۆنەکان بنبڕ نەکرێن. ئەگەر بە وردی گوێ بۆ قسەکانی شل کەن، ئەوا تەواو هاوڕای دەبن. ئەو دەڵێت کە دارستانەکان ئارایشتی سەرزەمینن و مرۆڤ فێری ئەوە دەکەن لەو شتە بگەن کە قەشەنگ و پڕ بەهایە و مەزاجێکی مەزنی و بەرزەفڕی دەدەن بەگیانی. دارستانەکان کەشوهەوای دژوار هێور دەکەنەوە. لە و وڵاتانەشدا کە کەشوهەواکەیان دژوار نییە، هێزێکی کەمتر پێویستە بۆ زۆرانبازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سروشتدا، هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤەکان لەوێ نەرمونیانترن؛ جوانن، هەستیان بە ئاسانی دەبووژێتەوە، گوفتاریان شیرین و هەڵسوکەوتیان پڕ لە فەڕ و جوانییە. لای ئەوان زانست و هونەر گەشە دەکا، فەلسەفەیان تاریک و مڕومۆچ نییە، ڕەفتاریان لەگەڵ ژندا پڕە لە جوامێرییەکی زراف...

**ڤەینێتسکی** (بە پێکەنینەوە): براڤۆ، براڤۆ!.. ئەم قسانە گشت بە گوێ شیرینن، بەڵام قایلهێنەر نین، جا (ڕووی دەمی دەکاتە ئەستروّڤ) ڕێگەم بدە، بەردەوام بم لەوەی بەداری زیاتر زۆپاکەم

دەم بدەم و تەویلەکەشم بە تەختە دروست کەم.

**ئەستروّڤ:** توّ دەتوانی زوّپاکەت بە چیم[9] گەرم کەیت و تەویلەکەشت لە بەرد دروست بکەیت. من تیّ دەگەم پیاو لە ناچاریدا دارستان ببڕێتەوە، بەلاّم بنەبڕکردن و لەناوبردنیان بوّ؟ دارستانەکانی ڕووسیا ناڵەیان دیّت لەژێر تەوردا، ملیاران درەخت دەفەوتێن و هێلانەی ئاژەڵ و باڵندەکان وێران دەکرێت، ڕووبارەکان تەنکتر دەبن و وشک دەکەن و دیمەنە دڵڕفێنەکان بوّ هەتاهەتایە لەناودەچن، هەموو ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی مروّڤە تەمەڵەکان هێندە زەینیان نییە دانەونەوە و سووتەمەنی سەر ڕووی زەوی هەڵگرنەوە. (ئینجا ڕووی قسەی لە یلێنا ئەندرێیەڤنایە) قسەکانم ڕاست نییە، خانمەکەم؟ مەگەر مروّڤ بەربەرێکی کەم زەین بێت بوّ ئەوەی ئەو جوانییە لە زوّپاکەیدا گڕ پێوە نێ و شتێک لەناوببات کە ئێمە خوّمان توانای دروستکردنەوەیمان نییە. مروّڤ بوّیە زەین و هێزی داهێنەرانەی پێ بەخشراوە تا ئەوەی پێویستی پێیەتی زیاد بکات و گەشەی پێ بدا، بەلاّم تا ئێستا هیچی نەخوڵقاندووە، بەڵکو هەر خەریکی وێرانکاری بووە. دارستانەکان تا دێت کەمتر دەبنەوە، ڕووبارەکان وشک دەکەن، گیانلەبەرەکان تەنگیان پێ هەڵچنراوە، کەشوهەوا تێکچووە و سەرزەمین ڕوّژ لەدوای ڕوّژ هەژارتر و شێواوتر دەبێت (ئیتر لەگەڵ ڤەینێتسکییەتی) ئەوەتا توّ پێکەنینت دێ بەمن و هەرچی من دەیڵێم بەلاتەوە جیدی نییە... ڕاستە ڕەنگە

٩. چیم: خاکێک کە لە پەستێوراوی چلکە و چەوێڵ و درەخت پەیدا بووبێت و بەهوّی کەمیی ئوّکسجینەوە بەتەواوی نەڕزیبێت. ئەم جوّرە خاکە لە ئەورووپا زوّرە و لە زوّر شوێن وەک سووتەمەنی بەکار هێنراوە و دەهێنرێ.

ئەمە هەمووی سەرشێتییەک بێت، بەڵام هەر کاتێک بەلای ئەو دارستانانەی جووتیارەکاندا تێدەپەڕم، کە من لە بڕینەوە ڕزگارم کردوون، یان کە گوێم لە شنەی دارستانە ساواکەی خۆم دەبێت کە دەستنێژی خۆمە، هەست دەکەم کە کەشوهەوا کەمێک لەژێر دەسەڵاتی منیشدایە و ئەگەر پاش دە هەزار ساڵی تر مرۆڤایەتی بەختەوەر بێت، ئەوا منیش چمکێکم لەو کارەدا هەیە. کاتێک دار چنارێک دەنێژم و پاشان دەبینم چۆن سەوز دەبێت و بە دەم باوە دەشنێتەوە، گیانم پڕ لە شانازی دەبێت و من... (چاوی بە ئیشکەرەکە دەکەوێ کە لەسەر سینییەک پێکێک ڤۆدکای بۆ هێناوە) بە هەرحاڵ.. (ڤۆدکاکە دەخواتەوە) من دەبێ بڕۆم. ڕەنگە دەرەنجام هەموو ئەوەی من دەیڵێم هەر سەرشێتیش بێت. ڕێزم هەیە بۆتان! (بەرەو ماڵەکە دەڕوات)

**سۆنیا** (قۆڵ دەکات بە قۆڵیدا و پێکەوە ڕێ دەکەن): ئەی کەی بە نیازن بگەڕێنەوە لامان؟

**ئەستروڤ:** نازانم...

**سۆنیا:** ئەمجارەش مانگێکتان پێ دەچێ؟

ئەستروڤ و سۆنیا دەچنە ماڵەکەوە؛ ماریا ڤاسیلێڤنا و تیلێگین بە تەنیا لە دەوری مێزەکە دەمێننەوە؛ یلێنا ئەندرێیەڤنا و ڤەینێتسکی بەرەو بەر هەیوانەکە دەڕۆن.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئیڤان پیترۆڤیچ، ئێوە دیسانەوە خراپ ڕەفتارتان کرد، ئاخر پێویستی دەکرد ماریا ڤاسیلێڤنا توورە بکەن و باسی چیکەنەی نووسین بکەن؟ ئەمڕۆش لە کاتی نانی بەیانیدا کەوتنەوە ڕێ لەگەڵ ئەلیکساندەردا، چەند کارێکی دزێو بوو!

**ڤەینێتسکی:** چی بکەم ئەگەر ڕقم لەو کابرایە بێ!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** هیچ هۆیەکتان نییە ڕقتان لە ئەلیکساندەر بێت، ئەو کابرایەکە وەکو ئەو هەموو خەڵکە. لە ئێوە خراپتر نییە.

**ڤەینێتسکی:** خۆزگە ئێوە ڕووخساری خۆتان و جووڵە و ڕەوتی خۆتانتان دەدی.. چ بێزارییەکیان لە ژیان پێوە دیارە! ئای، چ بێزارییەکە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئای چ بێزاری و وەڕسییەکە! خەڵکەکە هەموو قسە بە مێردەکەم دەڵێن، هەموویان داخ بۆ من دەخۆن: کەساسە، مێردەکەی پیرە! ئاخر بەزەییان بە مندا دێتەوە - ئای کە من لەو بەزەییە دەگەم!: ئێوە، هەروەک چۆن ئێستا ئەستڕۆڤ گوتی هەمووتان بێ بیرکردنەوە دارستانەکان ڕیشەکێش دەکەن و هێندە نابات کە شتێک لەسەر ڕووی زەمین نەمێنێ، هەر ئاواش ئێوە بێ بیرکردنەوە مرۆڤ ڕیشەکێش دەکەن و هێندە نابات، بە هۆی ئێوەوە لەسەر ڕووی زەمین نە وەفاداری، نە پاکێتی، نە ئامادەییی خۆبەختکردن دەمێنێت. باشە بۆ ناتوانن بێ هیچ هەست و هەڵچوونێک سەیری ئافرەتێک بکەن ئەگەر موڵکی ئێوە نەبێ؟ چونکە، وەک دوکتۆر دروست تێگەیشتووە، لە هەمووتاندا شەیتانی وێرانکاری کنەی کردووە و بەزەییتان نە بە دارستاندا، نە بە باڵندەکاندا و نە بەژناندا و نە بەیەکتریدا دێتەوە...

**ڤەینێتسکی:** من ئەم فەلسەفەیەم بە دڵ نییە!

پشوویەک

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەو دوکتۆرە ڕووخسارێکی ماندوو و سەرنجڕاکێشی هەیە. زۆر بە دڵی سۆنیاشە. ئاشکرایە کە

سۆنیا دڵی پێدا چووە، لێشی تێ دەگەم. لەو ماوەیەی من لێرە بووم سێ جار هاتووەتە ئێرە و منیش بۆ جارێکیش وەک پێویست لەگەڵیدا نەدوام و شەرمم دەکرد و ڕووم پێ نەدا. ئێستا وا دەزانێ کە من ئافرەتێکی دڵڕەشم. ڕەنگە واشبێت. ڕەنگە هەر بۆیەش من و تۆ، ئیڤان پیترۆڤیچ، وا دۆستی نزیکی یەکین، چونکە هەردووکمان نووزەدرێژ و وەڕسهێنەرین! واش سەیری من مەکەن، من حەزم بەوە نییە.

**ڤەینێتسکی:** باشە من بە چ شێوەیەکی تر سەیرتان بکەم، ئەگەر من خۆشم بوێن؟ ئێوە بەختیاریی منن، ژیانی من و لاوێتی منن! من دەزانم کە دەرفەتی ئەوەی کە ئێوەش منتان خۆشبوێ تابڵێی کەمە، بگرە سفرە، بەڵام من هیچ ناخوازم، هەر ڕێگەم پێ بدەن بڕوانمە نیگاتان و گوێم لە دەنگتان بێت...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** هێواش، یەکێک گوێی لە دەنگتان دەبێت!

هەردووکیان دەڕۆنەوە بۆ ناوماڵەکە

**ڤەینێتسکی** (لە دوایەوە دەڕوات): ڕێگەم پێ بدەن باسی خۆشەویستییەکەی خۆمتان بۆ بکەم، تەنیا لە خۆتانم دوور مەخەنەوە، ئیتر ئەوە بۆ من گەورەترین کامەرانییە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەمە ئەشکەنجەیە...

هەردووکیان دەچنە ماڵەکەوە

تیلێگین خەریکی گیتارەکەیە و ئاوازێکی پۆلکا لێ دەدات؛ ماریا ڤاسیلێڤنا شتێک لە پەراوێزی نامیلکەکە تۆمار دەکات.

پەردە دادەدرێتەوە

## پەردەی دووەم

ژووری نانخواردنی ماڵەکەی سریبریکۆڤ - کات شەوە - دێتە گوێ چۆن پاسەوانەکە لە باخچەکەدا و بۆ هاودەنگی تەقە لە شتێکەوە دێنێ سریبریکۆڤ (لەسەر کورسییەکی قۆڵدار و لەبەردەم پەنجەرە کراوەکەدا دانیشتووە و خەو دەیباتەوە) و یلێنا ئەندرێیەڤنا (لە تەنیشتییەوە دانیشتووە ئەویش خەو دەیباتەوە)

**سریبریکۆڤ** (لە خەو ڕادەچەنێ): کێ لێرەیە؟ سۆنیا، تۆی؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** نا، ئەوە منم.

**سریبریکۆڤ:** تۆی، لێنچکە[1]؟... ئای چ ئازارێکی ناهەموارە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** پەتۆکەی سەر ئەژنۆت کەوتووەتە خوارەوە. (پەتۆکە لە قاچەکانییەوە دەپێچێت) ئەلیکساندەر، من پەنجەرەکە پێوە دەدەم.

**سریبریکۆڤ:** نا، من هەناسەم بۆ نادرێ.. من ئێستا خەو بردمییەوە، لە خەوما وەک بڵێی قاچی چەپم هی خۆم نەبێت. بە دەم ئازارێکی بە سوێوە بە ئاگا هاتمەوە. بەڵام ئەمە دەردە جومگەکە[2] نییە، ئەمەیان ڕۆماتیزمەکەیە. سەعات چەندە ئێستا؟

---

١. لێنچکە، هەروەک لێنا، ناسککراوەی ناوی یلێنایە.

٢. دەردە جومگە، ئەو دەردەیە کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی ترشەڵۆکی یوریا لە جومگەکاندا و بوونیان بە وردە کریستالی شووشەئاسا ئازارێکی زۆری نەخۆشەکە دەدات بەتایبەتی لە پەنجە گەورەی پێدا کۆ دەبێتەوە. بەعەرەبی پێی دەگوترێت "النقرس" یان "داء الملوک".

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دوازده و بیست دەقیقەیە.

پشوویەک

**سریبریکۆڤ:** بەیانی لە کتێبخانەکەدا بە دوای باتوشکەڤدا[٣] بۆم بگەڕێ. وابزانم هەمانە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ها؟

**سریبریکۆڤ:** بەیانی بگەڕێ بە دوای باتوشکەڤدا، دەزانم کە هەمانبوو. بەڵام ئەوە بۆ وا هەناسەم تووند بووە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** تۆ ماندوو بوویت. دوو شەوە خەوت نییە.

**سریبریکۆڤ:** دەڵێن کە تورگێنێڤ ئەو دەردی جومگەیە تووشی دڵێشەی کردبوو. هەر منیش وام لێ نەیەت. بە نەفرەت بێ ئەم پیرییە ناحەزە. من لەو کاتەوەی پیر بووم خۆم ناحەز دێمە بەرچاوی خۆم و بێگومان دەبێ بەرچاوی ئێوەش هەر وابێت، تەماشاکردنم قێزەوەنە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** تۆ وا باسی پیرییەکەی خۆت دەکەیت وەک ئەوەی گوناهی ئێمە بێت کە پیر بوویت.

**سریبریکۆڤ:** پێش هەموو کەسێکیش بۆ تۆ قێزەوەنم.

یلێنا ئەندرێیەڤنا خۆی دوور دەخاتەوە و لە دوورەوە دادەنیشێ

بێگومان تۆ مافی خۆتە. من نەفام نیم و باش تێ دەگەم. تۆ گەنجیت، جەستەت ساغە و جوانی، منیش پیرم، نیمچە لاشەیەکم. چار چییە؟ قابیلە تێنەگەم؟ بێگومان شتێکی

٣. "بەیانی لە کتێبخانەکەدا بەدوای باتوشکەڤدا بۆم بگەڕێ." وا دیارە مەبەست لە کتێبێکی شاعیری ڕووسی کەنستەنتین نیکەلایەڤیچ باتوشکەڤە (١٧٨٧-١٨٥٥).

بێمانایە کە من تا ئێستا زیندووم. بەڵام سەبرتان بێت، بەم زووانە هەمووتان ڕزگارتان دەبێت. هێندەم نەماوە..

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەم قسانە نەخۆشم دەخەن.. بێدەنگبە خێرت دەگات.

**سریبریکۆڤ:** دەیسا بە هۆی منەوە هەمووتان نەخۆش کەوتوون و بێتاقەتن و لاوێتی خۆتان بە فیڕۆ دەدەن، تەنیا منم دڵم خۆشە و لەزەت لە ژیان دەبینم. ئەی چۆن، بێگومان وایە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دە دەمت داخە! تۆ گیانم ئازار دەدەیت!

**سریبریکۆڤ:** من گیانی هەمووتانم ئازارداوە، بێگومان.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە دەم فرمێسکەوە): ئەمە ناهەموارە! دە بڵێ ئاخر تۆ چیت لە من دەوێ؟

**سریبریکۆڤ:** هیچ.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دە کەوایە بێدەنگ بە. تکات لێ دەکەم.

**سریبریکۆڤ:** بە ڕاستی کارێکی سەیرە. ئەگەر ئیڤان پیترۆڤیچ یان ئەو پیرێژنە بێمێشکە، ماریا ڤاسیلێڤنا، بکەونە قسەکردن ئەوە مەسەلەیەک نییە - هەمووتان گوێیان لێ دەگرن، بەڵام ئەگەر من تەنیا وشەیەکم لە دەم بێتە دەر، هەمووتان هەست بە بەدبەختیی خۆتان دەکەن. تەنانەت دەنگیشم ناحەزە لاتان. باشە بابڵێین من ناحەزم، من خۆ پەرستم، زاڵمم - باشە گوایە بەم پیرییەش کەمێک مافی ئەوەم نییە خۆپەرستبم؟ تۆ بڵێی شایستەی ئەوە نەبم؟ باشە، من لێتان دەپرسم، ئایا مافی پیرییەکی ئاسوودەیی و کەمێک بایەخپێدانی کەسانی دەوروبەرم نییە؟

**يلێنا ئەندرێيەڤنا:** کەس نکووڵی لە مافەکانت نەکردووە.

بایەکە پەنجەرەکە دەداتەوە بە یەکدا

وا بایەکەش هەڵی کرد. من پەنجەرەکە دادەخەم (پەنجەرەکە دادەخات) ئێستا بارانیش دەست پێ دەکات. کەس نکووڵی لە مافەکانت نەکردووە.

بێدەنگییەک؛ پاسەوانەکە لە باخچەکەدا تەقە لە شتێکەوە دێنێ و گۆرانییەک دەڵێ

**سەریبریکۆڤ:** وەرە هەموو ژیانت تەرخان بکە بۆ زانست، هۆگری کابینە و ژووری دەرسگوتنەوە و هاوڕێ پڕ ڕێزەکانت بە، ئینجا لە پڕێکدا خۆت لەم ژێرزەمیندا ببینەوە، هەموو ڕۆژێک کەسانی نەفام ببینە و گوێ لە قسە بێماناکانیان بگرە... من دەمەوێ بژیم، حەزم لە سەرکەوتنە، حەزم لە ناوبانگ دەرکردن و قەرەباڵغییە - لێرەش هەر دەڵێی لە ژێرزەمیندام. هەموو دەقیقەیەک تاسەی ڕابردوو بکە، هەواڵی سەرفرازیی خەڵکی تر ببیستە و لە مەرگ بترسە... چیی تر ناتوانم! بڕستم نەماوە! ئەمانیش لێرە نایانەوێ پیرییەکەم ببەخشن.

**يلێنا ئەندرێيەڤنا:** چاوەڕێبە، دان بە خۆتدا بگرە: پێنج - شەش ساڵی تر منیش پیر دەبم.

سۆنیا دێتە ژوورەوە

**سۆنیا:** باوکە تۆ خۆت داوات کرد بنێرین بە دوای دوکتۆر ئەستروڤدا، کەچی کە ئەو هات تۆ ڕازی نەبوویت بیبینی، ئەوە جوان نەبوو، هەر بە خۆڕایی کابرامان سەغڵەت کرد...

**سریبریکۆڤ:** چیمە بەسەر ئەستروڤی تۆوە؟ بە خوا ئەویش هەر هێندە

له پزیشکی دەزانێ هێندەی من لە فەلەکناسی دەزانم.

**سۆنیا:** ئێ خۆ ناشکرێ سەرجەم کۆلێجی پزیشکی بانگ کەین بۆ دەردە جومگەکەی تۆ.

**سریبریکۆڤ:** من لەگەڵ دەروێشی وادا هەر نامەوێ قسەش بکەم.

**سۆنیا:** ئارەزووی خۆتە. (دادەنیشێ) من گوێ نادەمێ.

**سریبریکۆڤ:** سەعات چەندە؟

**لێنا ئەندرێیەڤنا:** یەکە..

**سریبریکۆڤ:** هەواکەی خنکاوە... سۆنیا، دڵۆپەکانم بۆ بێنە لەسەر مێزەکەیە.

**سۆنیا:** هەر ئێستا (دەرمانەکەی دەداتێ)

**سریبریکۆڤ** (بە بێزارییەوە): ئاخ، دە ئەم دڵۆپانە نا! خۆ پیاو ناتوانێت داوای شتێک بکات!

**سۆنیا:** تکایە ورک مەگرە. ڕەنگە کەسێک هەبێت ئەوەی بە دڵ بێت، بەڵام لە منی لادە، پیاوی چاک بە. جگە لەوەش من کاتم نییە، بەیانی دەبێ زوو هەستم لە خەو و بچمە دروێنەی گژوگیا.

ڤەینێتسکی بە ڕۆبێکەوە دێتە ژوورەوە و مۆمێکی بە دەستەوەیە.

**ڤەینێتسکی:** لە دەرەوە خەریکە دەیکا بە هەورە برووسکە.

هەورەگرمەیەک

کەواتە وادەکەین! یلێنا و سۆنیا، ئێوە بچن بنوون، من هاتووم لە بریی ئێوە لێرە بم.

**سریبریکۆڤ:** نا، نا! لای ئەم بەجێم مەهێڵن! نا. ئێستا مێشکی سەرم دەبات.

**ڤـەینێـتسکی:** ئێ خۆ دەبێ ئەوانیش پشوویەک بدەن! ئەوە دوو شەوە نانوون.

**سریبریکۆڤ:** با بچن بنوون، بەڵام تۆش برۆ. سوپاست دەکەم. تکاشت لێ دەکەم، لەبەر خاتری دۆستایەتیی پێشوومان، قسەم مەشکێنە. دوایی قسە دەکەین.

**ڤـەینێـتسکی** (بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزانەوە): دۆستایەتیی پێشوومان.... پێشوومان...

**سۆنیا:** خاڵە ڤانیا بێدەنگبە!

**سریبریکۆڤ** (بە ژنەکەی دەڵێ): گیانەکەم، بەتەنیا بە جێم مەهێڵە لەگەڵیدا! مێشکم دەبات.

**ڤەینێتسکی:** ئیتر ئەمە خەریکە دەبێتە گاڵتەجاڕی.

مارینا بە مۆمێکەوە دێتە ژوورەوە

**سۆنیا:** دە تۆ، دایە، باشتر وایە بچیت ڕاکشێی، ئیتر درەنگە.

**مارینا:** سەماوەرەکە هێشتا لەسەر مێزەکە لانەبراوە، هەر وا ئاسانیش نییە ڕاکشێم.

**سریبریکۆڤ:** کەسیان خەویان نییە، هەموو شەکەتن، هەر منم لە خۆشیدام.

**مارینا** (لە سریبریکۆڤ نزیک دەبێتەوە و بە میهرەبانییەوە پێی دەڵێ): چییە، باوانم؟ دەیێشێ؟ من خۆم هەردووقاچم لە تاو ئازار دەزریکێنن (بەتانییەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە). دەمێکە ئەو نەخۆشییەتان لەگەڵدایە، جاری واهەبوو، ڤێرا پیترۆڤنای ڕەحمەتی، دایکی سۆنیا، شەو تا بەیانی نەدەنووست.. ئاخر

ئەو زۆر ئێوەی خۆشدەویست...

پشوویەک

بنیام چ منداڵ بێت چ گەورە، حەز دەکات کەسێک بەزەییی پێدا بێتەوە، بەڵام کەس نییە بەزەییی بە پیر و ساڵاچوواندا بێتەوە (شانی سریبریکۆڤ ماچ دەکات) بابڕۆین، باوکە گیان، بۆ سەر پێخەفەکەت، چایەکی یۆکالپتۆست[٤] بۆ دەکەم و قاچەکانت گەرم دادەپۆشم.. تێر دوعای خێریشت بۆ دەکەم.

**سریبریکۆڤ** (هەستی بزواوە): بابڕۆین ماریانا، بابڕۆین.

**ماریانا:** من خۆشم قاچەکانم لە ئازاردا وا دەزریکێن، وا دەزریکێن (لەگەڵ سۆنیادا پەلیان گرتووە و دەیبەن) زۆر جار ڤێرا پیترۆڤنا دەگریا و خەفەتی دەخوارد.. تۆ، سۆنوشکە[٥] ئەو کات منداڵ بوویت، هیچت نەدەزانی... برۆ.. بابڕۆین.. باوکەکەم.

سریبریکۆڤ، سۆنیا و مارینا دەچنە دەرەوە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** شێت بووم بە دەستییەوە، بە هەزار حاڵ خۆی لە سەرپێ بۆ دەگیرێ.

**ڤەینێتسکی:** ئێوە بە دەست ئەوەوە، منیش بە دەست خۆمەوە، فەرموو ئەوە سێ شەوە خەوم نییە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەم ماڵە خۆشیی تیا نەماوە، دایکتان، جگە لە نامیلکەکانی و پرۆفیسۆر ڕقی لە هەموان دەبێتەوە، هەرچی پرۆفیسۆریشە توورەیە، متمانەی بە من نییە و لە ئێوەش

---

٤. یۆکالپتۆس: درەختێکە کە گەڵاکانی جۆرە ڕۆنێکی تیایە بە سوودە دژی هەوکردن و نەخۆشییەکانی سەرمابوون.

٥. سۆنوشکە و سۆنیا، هەردووکیان ناسککراوەی ناوی سۆفیان.

دەترسێ. سۆنیا لە باوکی تووڕەیە و لە منیش هێندە تووڕەیە وا دوو هەفتەیە نامدوێنێ؛ ئێوەش ڕقتان لە مێردەکەمە و بە ئاشکرا بە چاوێکی نزم دەڕواننە دایکتان؛ من تووڕەم و ئەمڕۆ ڕەنگە بیست جار خەریک بووم دەست بکەم بە گریان... ئەم ماڵە خێر و خۆشیی تیا نەماوە.

**ڤاینێتسکی:** با فەلسەفە بخەینە لاوە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئێوە، ئیڤان پترۆڤیچ، کەسێکی خوێندەوار و زیرەکن و دەبوایە لەوە بگەن کە مەرگی ئەم جیهانە نە بە دەستی جەردەو پیاوکوژان دێت، نە لە ڕێگەی ئاگرکەوتنەوەوە، بەڵکو لە ئاکامی ڕق و کینە، دوژمنایەتی و ئەو هەموو وردە ناکۆکییانەوە کە دەوری داوین.. ئێوە لە بریی ئەوەی خەریکی بۆڵە و ناڕەزایی دەربڕین بن، دەبوایە خەڵکەکە لەگەڵ یەکتریدا ئاشت کەنەوە.

**ڤەینێتسکی:** سەرەتا من لەگەڵ خۆمدا ئاشت کەنەوە! گیانە شیرینەکەم... (خۆی دەدات بەسەر دەستیدا).

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** واز بێنین! (دەستی خۆی ڕادەپسکێنێ) بڕۆن لێرە!

**ڤەینێتسکی:** ئێستا باران دەست پێ دەکات، هەرچی لە سروشتدایە پاراو دەبێت و پڕ بە سینەی خۆی هەناسە دەدات، تەنیا منم کە هەورەبرووسکە پاراویم پێ نابەخشی، شەو و ڕۆژ هەروەک ئەوەی خێوێک بم، بیرۆکەی ئەوەی کە ژیانم بە تەواوی فەوتاوە، دەمخنکێنێ. ڕابردوویەکم نییە، هەمووی لە شتی هیچ و پووچدا بەفیڕۆ چووە، هەرچی ئێستاشمە ترسناکە لە بێمانایی خۆیدا. وا من ژیان و خۆشەویستییەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم: ئەگینا بۆ کوێیان بەرم و چییان لێ بکەم؟ هەستم خەریکە

بێـهـووده دەمـرێت، هەر وەک تیـشـکی خـۆر لەناو چاڵێکدا. من خۆشم لەناودەچم.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** کە ئێوە باسی خۆشەویستی خۆتانم بۆ دەکەن، من مێـشکم دەوەستـێت و نازانم چی بڵـێم. بمبەخشـن من ناتوانم هیچتان پێ بڵێم (دەیەوێ بڕواتە دەرەوە) شەوتان شاد.

**ڤـــەینێـــتـــسکی** (ڕێگەی پێ دەبڕێ): ئەگـــەر دەتـانزانی مـن چ ئەشکەنجـەیەک دەچێـژم بـە دەست ئەوەوە، کـە لە پاڵ منـدا، لە هەمــان مــاڵدا ژیانێکی تریش لەناودەچێت، کـە ئەویش ژیـانی ئێوەیە! باشە چاوەڕێی چین؟ چ فەلسەفەیەکی نەفرەتی ڕێگەتان لێ دەگرێت؟ دە تێ بگەن، تێ بگەن!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (توند چاو دەبڕێتە چاوی): ئیـڤـان پیـترۆڤیچ ئێـوە سەرخۆشن!

**ڤەینێتسکی:** لەوانەیە، ڕەنگە وابێت...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەی دوکتۆر لە کوێیە؟

**ڤـەینێـتسکی:** لەوێیە.. ئەمـشـەو لای من دەمـێنێـتەوە. لـەوانەیە.. دەڵێم لەوانەیە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەمڕۆ خواردیشتانەوە؟ باشە بۆچی؟

**ڤـەینێتسکی:** بۆ ئەوەی هیچ نەبێ کـەمێک لە ژیان بچێت... جا، تکایە هێلێن[٦] لێم تێک مەدەن!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** پێشتر هـەرگیـز نەتاندەخواردەوە، هـەرگیزیش وا زۆر قسـەتان نەدەکرد... بڕۆن بنوون... بێتاقەت بووم لەگەڵتانا.

---

٦. هێلێن، شێوەی ئەوروپییانەی ناوی یلێنایە.

**ڤەینێتسکی** (دەکەوێت بەسەر دەستیدا): گیانە شیرینەکەم.. خانمە ئەفسووناوییەکەم!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە بێزارییەوە): دە لە کۆڵم بەرەوە. ئیتر ئەمە قێزەوەنە. (خۆی دەڕوات)

**ڤەینێتسکی** (بە تەنیایە): ڕۆیشت..

پشوویەک

دە ساڵ لەمەوبەر لای خوشکی ڕەحمەتیم دەمبینی، ئەو کاتە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو منیش سی و حەوت ساڵ. باشە بۆ من ئەوسا عاشقی نەبووم و خوازبێنیم نەکرد؟ ئەوسا هەموو شتێک مەیسەر دەبوو! ئەگەر ئەوسا ببوایە بە ژنی من.. ئێستا هەردووکمان لە دەنگی هەورەگرمە بێدار دەبووینەوە... ئەو دەترسا، منیش باوەشم پێدا دەکرد و بەگوێمدا دەچرپاند: "مەترسە، من لە پاڵتام". چ خەیاڵێکی ئەفسووناوییە، چەند خۆش دەبوو.. من تەنانەت پێ دەکەنم... ئای خوایە گیان، من چۆن ئەندێشە و خەیاڵەکانم لەسەرمدا تێک ئاڵۆزاون.. ئاخر من بۆ پیرم؟ بۆ ئەو لێم تێ ناگات؟ من پڕ بە دڵ قینم لە شێوەی قسەکردنەکەی، لە مۆراڵە سست و تەمەڵەکەی، لە بیرۆکە سست و بێماناکانی سەبارەت فەوتان و لەناوچوونی ئەم جیهانە دەبێتەوە.

پشوویەک

ئای کە خڵەتاوم! من ئەو پرۆفیسۆرەم دەپەرست، ئەو کابرا دەردەدار و بێفەڕە کارم بۆ دەکرد، وەک گا خۆمم بۆ دەڕەتاند! من و سۆنیا هەموو خێراتی ئەم موڵکەمان بۆ داچۆڕی: هەر

وەک خاوەن موڵکەکان بازرگانیمان بە ڕۆن، نۆک و سیریێژەوە بۆ دەکرد، خۆشمان بە نانەسکی دەژیاین، بۆ ئەوەی پارەکان پوول بە پوول بنێینە سەریەک و بۆ ئەوی بنێرین. من شانازیم بە خۆی و زانستەکەیەوە دەکرد، بەو دەژیام و هەناسەم بۆ ئەو دەدا! هەرچی ئەو دەینووسی و گوزارشتی لێ دەکرد بە لای منەوە بلیمەتانە بوو. ئای خوایە گیان.. ئەی ئێستا چی؟ ئەوەتا ئەو خانەنشین بووە و ئاکامی هەموو ژیانی لە ڕووە: پاش خۆی تاکە لاپەڕەیەک جێ ناهێڵێ، کەسێک نییە بیناسێ، ئەو هیچ نییە! بڵقێکی کەفە! من هەڵخەڵەتێنراوم.. خۆم دەبینم چۆن بێمانایەنە هەڵخەڵەتێنراوم...

ئەسترۆڤ بە سورتووکێکی[٧] بێ یەلەک و بێ بۆیمباغەوە دێتە ژوورەوە و کەمێک خەیاڵە؛ بە دوای ئەویشدا تیلێگین بە گیتارێکەوە دێتە ژوورەوە.

**ئەسترۆڤ:** تۆزێک گیتار لێ بدە!

**تیلێگین:** هەموو نوستوون!

**ئەسترۆڤ:** گوێ مەدەرێ!

تیلێگین بە دەنگێکی نزم گیتارەکە لێ دەدات

(بە ڤەینێتسکی دەڵێ) ئەوە تۆ بە تەنیا لێرەی؟ ئەی خانمەکان لێرە نین؟ (دەست دەخاتە ناوقەدی، بە دەنگێکی نزم گۆرانی دەڵێت) "چ بۆ کوختەکەی، چ بۆ کوورەکەی بچێ، خانەخوێ

---

٧. سورتووک، چاکەتێکی دووبەرۆکی درێژە، وەک پاڵتۆ، لە سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لە ڕووسیا پەیدا بووە، بنەچەی وشەکە "سورتووت"ە کە فرەنسییە و مانای "بەسەر هەموو شتێکدا" دەبەخشێ.

شـوێنێ نییـه تیـا بنوێ..." من هەورەگـرمـه بێـداری کـردمـەوە. بارانێکی چاک باری. سەعات چەندە ئێستا؟

**ڤەینێتسکی:** مەگەر هەر شەیتان بزانێ.

**ئەستروڤ:** من وەک بڵێی دەنگی یلێنا ئەندرێیەڤنام هاتە بەر گوێ.

**ڤەینێتسکی:** ئێستا لێرە بوو.

**ئەستروڤ:** خانمێکی نایابە (لە شووشـەکانی سـەر مێزەکە دەڕوانێ) دەرمـان. جـا ڕەچەتەی کوێی لێ نییـە، ئەوە هـی خـارکەڤ، هی مۆسکۆ، هی تولا[8]... بەم دەردی جومگەیەیەوە هەرچی شار هەیە بێـزاری کـردووە... ئەرێ هەر بەڕاست نەخـۆشـە، یان خـۆی کردووە بە نەخۆش؟

**ڤەینێتسکی:** نەخۆشە.

پشوویەک

**ئەستروڤ:** چییە ئەمرۆ وا غەمباری؟ بەزەییت بە پرۆفیسۆردا دێتەوە یان چی؟

**ڤەینێتسکی:** دە لێم گەڕێ.

**ئەستروڤ:** یان ڕەنگە عاشقی ژنە پرۆفیسۆر بوو بیت؟

**ڤەینێتسکی:** هاوسەرەکەی پرۆفیسۆر هاوڕێمە.

**ئەستروڤ:** هەر وا زوو؟

**ڤەینێتسکی:** مەبەستت چییە لە "هەر وا زوو"؟

**ئەستروڤ:** ئاخر ژن کاتێک دەبێ بە هاوڕێی پیاو، پاش ئەوەی بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ: سەرەتا ناسیاو، ئینجا یار و دوا جار

٨. خارکەڤ، مۆسکۆ و تولا سێ شاری ڕووسیان.

دەبێتە هاوڕێ.

**ڤەینێتسکی:** فەلسەفەیەکی بەرەڵایانەیە.

**ئەستروٚڤ:** چۆن؟ هەرچەندە ڕاست دەکەی.. دەبێ دان بەوەدا بنێم، ڕوو دەدات من خەریکم زەلامێکی بەرەڵام لێ دەربچێ. دەزانی چۆن، من ئێستا سەرخۆشیشم. من پیشەمە مانگی جارێک تەواو خۆم مەست دەکەم، جا لەو حاڵەتانەدا کابرایەکی تا بڵێیت بێشەرم و شکۆم لێ دەردەچێت. ئیتر سڵ لە هیچ ناکەمەوە! سەختترین نەشتەرگەری دەگرمە ئەستۆم و پاک و پوخت ئەنجامی دەدەم؛ جوانترین پلان و نەخشەی داهاتووت بۆ دەڕێژم؛ لەو کاتەدا ئیتر خۆم وەک کابرایەکی سەمەرە نایەتە بەرچاو و دڵنیام لەوەی کە گەورەترین و مەزنترین خزمەت بە مرۆڤایەتی دەگەیەنم! لەو کاتەدا من خاوەنی سیستێمی فەلسەفی خۆمم و ئێوە هەمووتان، برادەرینە وەک مێشوولە، وەک میکرۆب دێنە بەرچاوم (ئینجا بە تیلێگین دەڵێ) ئادەی چۆرەکی کونجی مۆسیقایەک لێ دە!

**تیلێگین:** حەیاتم، من ئامادەم گیانیشمت پێشکەش کەم، بەڵام دەبێ تێبگەی کە هەموو خەڵکی ماڵەکە نوستوون!

**ئەستروٚڤ:** دەڵێم بیژەنە!

تیلێگین لەسەرخۆ دەست دەکات بە مۆسیقالێدان.

پێویستمە بخۆمەوە. با بڕۆین، پێ دەچێ لەوێ کۆنیاکمان مابێتەوە. لەگەڵ دەمەوبەیانیشدا دەچینە لای خۆم. بووشە؟ کابرایەکی برینپێچم لایە هەرگیز ناڵێت"باشە" هەر دەڵێ "بووشە". ئەو کەوڵەکۆنی ساختەچییە. ئێستا بووشە؟ (هەر کە

دەشبینێ سۆنیا دێتە ژوورەوە) ببەخشن، من بێ بۆیمباغیشم. (خێرا دەچێتە دەرەوە، تیلێگینیش بە دوایدا)

**سۆنیا**: تۆش خاڵە ڤانیا دیسانەوە لەگەڵ دوکتۆردا تێرت خواردووەتەوە. جووتە هەڵۆ چاک بوونەتە هاورێ و هاورازی یەکتر. باشە ئەوا ئەو هەمیشە هەر وایە، ئەی تۆ لە پای چی؟ ئا لەم تەمەنەی تۆدا، هەر بۆ شان و شەوکەتت جوان نییە.

**ڤەینێتسکی**: تەمەن و ساڵ و شتی وا هیچ پێوەندییەکی بەمەوە نییە. پیاو کە ژیانی ڕاستەقینەی نەبوو لە تراویلکەدا دەژی. لە هیچ باشترە.

**سۆنیا**: ئەوەتا گیاکە هەمووی دروێنە کراوە، ڕۆژانە باران دەبارێ و گیاکە دەڕزێ، تۆش سەرگەرمی تراویلکەی، تۆ هەر بەجارێک دەستت لە هەموو شتێک شتووە... من بە تەنیا خۆم کار دەکەم، وا لە پەلوپۆ کەوتووم (بە ترسێکەوە) خاڵە، ئەوە فرمێسکە لە چاوتا!

**ڤەینێتسکی**: فرمێسکی چی؟ شتی وا نییە.. قسەی بێمانا.. تۆ ئێستا هەر وەکو دایکی ڕەحمەتیت ڕوانیتە من. کەسە شیرینەکەم... (بە تاسەوە دەستەکانی و دەموچاوی ماچ دەکات) ئێستا خوشکە ئازیزەکەم... خوشکە میهرەبانەکەم لە کوێ بێنم؟ ئەگەر دەیزانی! ئاخ ئەگەر ئەو دەیزانی!

**سۆنیا**: چی؟ چی بزانیایە، خاڵە؟

**ڤەینێتسکی**: ئای کە سەختە، ئای کە ناهەموارە... هیچ نییە... دوایی... هیچ نییە... من دەڕۆم... (دەڕوات)

**سۆنیا** (لە دەرگاکە دەدات): میخاییڵ لڤۆڤیچ! نە نووستوون؟ یەک تۆز بە یارمەتیت!

**ئەستروّڤ** (لەودیو دەرگاکەوە): هەر ئێستا! (پاش کەمێک دێتە ژوورەوە؛ ئێستا یەلەگی لەبەردایە و بۆیمباغیشی بەستووە): چ فەرمانێکتان هەیە؟

**سۆنیا:** ئێوە خۆتان، گەر بەلاتانەوە خراپ نییە، بخۆنەوە، بەڵام تکاتان لێ دەکەم مەیدەن بە خاڵم، پێی ناکەوێ.

**ئەستروّڤ:** چاکە، ئێمە ئیتر ناخۆینەوە.

پشوویەک

من ئێستا دەگەڕێمەوە ماڵی خۆم، بڕیارە و دراوە و ئیمزاش کراوە، تا ئەسپەکان لە گالیسکەکە دەبەستن دەبێتە بەرەبەیان.

**سۆنیا:** ئاخر باران دەبارێ. چاوەڕێ کەن تا بەیانی.

**ئەستروّڤ:** باوبۆرانەکە ئێرە ناگرێتەوە، ڕەنگە هەر بەئاستەم کەنارەکان بگرێتەوە تکاشتان لێ دەکەم چیی تر بانگم مەکەن بۆ لای باوکتان. من پێی دەڵێم دەردی جومگەتە – ئەو دەڵێت رۆماتیزمە؛ من پێی دەڵێم پاڵ کەوێت، ئەو دادەنیشێ. خۆ ئەمڕۆ هەر قسەشی لەگەڵ نەکردم.

**سۆنیا:** نازی زۆر دەدرێتێ. (بە ناو بوفێکەدا دەگەڕێ) دەتانەوێ شتێک بخۆن؟

**ئەستروّڤ:** خۆ خراپ نییە.

**سۆنیا:** من خۆم حەزدەکەم بە شەو شتێک بخۆم. وابزانم لە بوفییەکەدا شتێکمان هەیە. دەڵێن لە ژیانیدا هەر بەختی هەبووە لەگەڵ ژناندا، ئەو ژنانەش نازیان هەڵگرتووە. فەرموو تۆزێ پەنیر بخۆ.

هەردووکیان لای بوفییەکە وەستاون و خەریکی خواردنن.

**ئەستـرۆڤ:** من ئـەمـرۆ هیـچم نـە خـواردووە، هـەر خـواردوومـەتەوە. باوکـتـان مـەزاجـێکی سـەخـتـی هـەیە (بوتڵـێک لە بوفـیـیـەکـە دەردەهێنێ) بـۆم هـەیە؟ (پێکێکی بچـووک هـەڵدەدا) کـەس لێـرە نیـیـە، بۆیە دەتوانم ڕاسـت و ڕەوان بدوێم، ئەزانـن چی، وابزانم من تـەنیـا مـانگێکیش لەم مـاڵەی ئێـوەدا هـەڵناکـەم بژیم، لەم هـەوایـەدا هـەر تـەنگەنـەفـەس دەبووم... ئـەوە باوکـتـان هـەر بە جـارێک سـەرقـاڵی دەردی جـومگە و کـتـێبـەکـانی خـۆیەتی، خـاڵە ڤـانیـاتان بە خـۆی و پەژارەکـەیەوە، نەنکتـان و سـەرەنجامـیش باوەژنەکەتان.

**سۆنیا:** باوەژنەکەم چییەتی؟

**ئەستـرۆڤ:** مـرۆڤ دەبێ هـەمـوو شـتـێکی جـوان بێت، هـەم ڕووخـسـار، هـەم جلوبەرگ، هـەم گیان و بیـروباوەڕەکانیشی، ئەویش ڕاسـتە خـۆی قەشـەنگە، ئـەمـەیان قـسـەی تیا نییـە، بەڵام ئاخـر ئەو هـەر دەخوا، دەنوێ، پیاسـە دەکات و هـەمووان گیرۆدەی جوانییەکەی خـۆی دەکـات و هیـچی تـر.. ئەی وانیـیـە؟ ئێ ژیـانێکی وا بێپەرواش ژیانێکی بێخەوش نییە.

پشوویەک

هـەرچەندە، من ڕەنگە توندڕۆیانە حـوکم بدەم. من، وەک خـاڵتـان، لە ژیانی خـۆم ڕازی نیم، بۆیە هـەردووکیشـمـان هـەردەم بۆڵەمـان دێت.

**سۆنیا:** ئەی ئێوە بۆ لە ژیانتان ڕازی نین؟

**ئەستـرۆڤ:** بە گشـتـی ژیانم لا خـۆشـە، بەڵام ئەم ژیانەمـان، ژیانی باوی لادێیـەکی ڕووسـیـام لا نـاهـەمـوارە و لە نـاخـی دەروونمـەوە

سووکایەتی پێ دەکەم. هەرچی ژیانی تایبەتی خۆیشمە، ئەوا خوا ئاگای لێیە، تروسکەیەکی باشی تێدا نییە. ئێوە دەزانن، کە کاتێک لە تاریکە شەودا بە دارستانێکدا تێدەپەڕی، ئەگەر لە دوورەوە تروسکاییەک دیاری بدات، ئەوا نەگوێ دەدەیتە ماندوویێتی، نە تاریکی، نە دڕک و داڵی چڵ و چەوێڵ کە دەموچاوت دەڕنن.. هەرچی منیشم، خۆتان دەزانن، کە من کار دەکەم، ڕەنگە زیاتر لە هەر کەسێکی کە لە ناوچەکەدا، چارەنووسیش بێوچان تێم دەسرەوێنێ، جاری وا هەیە ئەشکەنجەی ناهەموار دەچێژم، بەڵام لە دوورەوە تروسکایی چییە بەدی ناکەم. من چیی تر چاوەڕێی هیچ شتێک نیم بۆ خۆم، خەڵکیشم خۆش ناوێ... زۆر دەمێکە کەسێکم خۆش نەویستووە.

**سۆنیا:** کەس کەس؟

**ئەستروّف:** کەس. کەمێک هەستێکی نیانیم هەیە بەرامبەر دایەنەکەی ئێوە، وەک بڵێی، بە یادی جاران. جووتیارەکان هەموو یەک بیچمەن، دواکەوتوون و لە پیسیدا دەژین، هەرچی توێژی ڕۆشنبیرانیشە ئاسان نییە لەگەڵیاندا پێک بێیت، مرۆڤ شەکەت دەکەن. هەموو ناسیاوە میهرەبانەکانمان، هەر هەموویان سادە بیر دەکەنەوە، هەستەکانیان سادەن و دوورتر لە لووتی خۆیان نابینن – بە کورتییەکەی نەفامن. ئەوانەشیان کە کەمێک ژیرتر و بە قەوارەترن، هەموویان لە هیستیریادان، کوشتەی توێژینەوە و بەراوردکردنن. دەناڵێنن، کینە لەدڵ و بوختانکارن، لە پشتەوە خۆیان لە کەسەکە نزیک دەکەنەوە و بەلاچاوێک سەیری دەکەن و ئیتر بڕیار دەدەن: "ئەم کابرایە

نەخۆشیی دەروونیی هەیە!" یان "ئەمە ڕستەخۆرە!" کە نەشزانن چ مۆرێک بدەن لە ناوچەوانم، ئەوا دەڵێن: "کابرایەکی سەیرە، ئێجگار سەیرە!" من حەزم لە دارستانە – بەلایانەوە سەیرە؛ دەڵێم گۆشت ناخۆم– ئەمەشیان لا سەیرە. خۆ خوا نەکات پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی پاک و ئازادت هەبێ بە سروشتەوە – نەخێر، نەخێر! (دەیەوێ بخواتەوە).

**سۆنیا** (ڕێگەی نادات): نا، تکاتان لێ دەکەم، چیی تر مەخۆنەوە.

**ئەستروّف:** لەبەر چی؟

**سۆنیا:** زۆر لێتان نەهاتووە، ئێوە هێندە ڕێکوپێکن، هێندە جوامێرن، دەنگێکی هێندە نیانتان هەیە.. بگرە زیاتر لەوەش، ئێوە لە هیچ کام، لەوانەی من دەیانناسم، ناچن. ئیتر بۆچی دەتانەوێ هاوشێوەی کەسانی عادەتی بن، ئەوانەی دەخۆنەوە و قومار دەکەن؟ جا تکاتان لێ دەکەم، وا مەکەن! ئێوە خۆتان هەردەم دەڵێن کە خەڵکی هیچ ناخوڵقێنن، بەڵکو تەنیا ئەوە وێران دەکەن و دەفەوتێنن کە خوا پێی بەخشیون، ئەی باشە بۆ ئێوە بە دەستی خۆتان، خۆتان دەفەوتێنن؟ پێویست ناکات، پێویست ناکات، تکاتان لێ دەکەم، سوێندتان دەدەم.

**ئەستروّف** (دەستێکی خۆی دەداتێ): ئیتر چیی تر ناخۆمەوە.

**سۆنیا:** پەیمانم پێ بدە

**ئەستروّف:** پەیمانی شەرەف.

**سۆنیا** (توند دەستی دەگوشێ): سوپاست دەکەم.

**ئەستروّف:** تەواو! من کۆتاییم پێ هێنا. خۆتان دەبینن کەمن ئێستا تەواو ئاگام لە خۆمە، هەرواش دەمێنمەوە تا دوارۆژی ژیانم.

(سەیرێکی سەعاتەکە دەکات). کەواتە با لە قسەی خۆمان بەردەوام بین. من دەڵێم کە کاتی من بەسەرچووە، تازە درەنگە بۆ من، من پیر بووم، ئیش ژیانی داگیر کردووم، خۆم زمانم پیس بووە، هەستەکانم سڕ بوون، لەوە دەچێ جارێکی تر گیانم نەتوانێ هۆگری کەسێک ببێت. من نە کەسم خۆشدەوێ.. نە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکم خۆشدەوێ. تەنیا شتێک کە تا ئێستا دەتوانێ گیانم داپۆشێ، جوانییە. هەستم لە ئاستیدا ناتوانێت سست بێت. لام وایە ئەگەر یلێنا ئەندرێیەڤنا بخوازێ، ئەوا بە یەک ڕۆژ دەتوانێ سەرم بخاتە گێژاوەوە.. بەڵام ئەوە نە خۆشەویستییە، نە هۆگربوونە (بە دەستێکی چاوەکانی خۆی دەگرێت و ڕادەچەنێ).

**سۆنیا:** چیتانە؟

**ئەستروّڤ:** هیچ، هەروا... لە ڕۆژووی گەورەدا نەخۆشێک بەهۆی کلۆرۆفۆرمەوە لەژێر دەستمدا مرد.

**سۆنیا:** کاتی ئەوە هاتەوە ئەوە لە یادی خۆتان بەرنەوە.

پشوویەک

باشە، میخاییل لڤۆڤیچ، پێم بڵێن، ئەگەر من کچێکی هاوڕێ، یان خوشکێکی بچووکم هەبوایە و پێت بزانیایە کە با بڵێین... بڵێین ئێوەی خۆشدەوێ، باشە ئێوە چیتان دەکرد؟

**ئەستروّڤ:** نازانم، ڕەنگە هیچ. ڕەنگە تێم بگەیاندایە کە من ناتوانم خۆشم بوێت.. هەرچەندە من ئێستا مێشکم بەوەوە خەریک نییە. چونکە ئەگەر بەنیازی ڕۆیشتن بم، ئیتر کاتێتی. بۆیە ماڵئاوا، شیرینەکەم، ئەگینا تا بەیانیش تەواو نابین.. (دەستی

دەگـوشـێ) من، ئەگـەر ڕێگەم بدەیت، لە ژووری مـیـوانـەکـەوە دەچمـە دەرەوە، ئەگـینا دەترسم خـاڵت ڕامگرێ (هـەردووکـیـان دەچنە دەرەوە)

**سۆنیا** (بە تەنیایە): هیچی پێ نەگوتم، ڕازی گیان و دڵی هێشتا لە من شاراوەن، ئەی بۆچی من هـەست دەکەم بەختیارم؟ (لە خۆشـیدا بـزە دەیگرێ) من پێم گــوت: ئێــوە هـێنـدە ڕێکوپێکن، هـێندە جوامێرن، دەنگێکی هێندە نیانتان هەیە... بڵێی ئەوە قسەیەکی نابەجێ بوویێت؟ ئاخر ئەو دەنگی دەلەرێتـەوە، نیانی دەبەخشێ، ئـەوەتا ئـێـــســـتـــاش هـەست بـەدەنگی دەکـــەم لـەم هەوایـەی دەوروبەرمـدا. کـە باسـی خـوشکە بـچـووکـەکـەم بۆ کـرد، تێ نەگـەیشت... (دەسـتـەکـانی خـۆی هەڵدەگـلـۆفێ) ئای چەند ناخۆشـە کە مـن جوان نیم! چـەند ناخـۆشە! من خـۆم دەزانم کـە جـوان نیـم، دەزانم، چاک دەزانم.. یەکشـەممەی ڕابـردوو کـە لە کلێـسـا هـاتینە دەرەوە گویم لێ بوو چۆن باسـی منیـان دەکرد، ژنێکیـان دەیگوت: "کــچی چاکـە و دڵی باشــە، بەڵام حــەیف ناشیرینە"... ناشیرینە...

یلێنا ئەندرێیەڤنا دێتە ژوورەوە

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (پەنجـەرەکە دەکاتەوە): بـۆران و هـەورە برووسکەکە تەواو بوو. ئێستا چ هـەوایەکی خۆشـی هـەیە!

پشوویەک

ئەی دوکتۆر لە کوێیە؟

**سۆنیا:** ڕۆیشت.

پشوویەک

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** سۆنیا!

**سۆنیا:** چی؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** تۆ تاکەی لە من خیش دەکەیت؟ من و تۆ هیچ خراپەیەکمان بۆ یەکتر نەبووە، ئیتر بۆ دوژمنایەتی یەکتری بکەین؟ بەسە ئیتر...

**سۆنیا:** من خۆم دەمویست.. (باوەشی پیا دەکات) با ئیتر تووڕەییمان لە یەکتر دوایی بێت.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** هەر زۆر چاکە.

هەردووکیان هەستیان بزواوە

**سۆنیا:** باوکم ڕاکشا؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** نا، لە ژووری میوانەکە دانیشتووە... ئێمە جار هەیە بە هەفتە قسە لەگەڵ یەکتریدا ناکەین هەر خواش دەزانێت، هۆی چییە... (چاوی بە بوفییەکە دەکەوێ کراوەتەوە) ئەوە چییە؟

**سۆنیا:** میخاییڵ لڤۆڤیچ نانی ئێوارەی خوارد.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئا، شەرابیشمان هەیە... دە با قۆڵمان لە قۆڵی یەک بئاڵێنین و بخۆینەوە[9].

**سۆنیا:** دە با بخۆینەوە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** با لە یەک پێک بخۆینەوە... (شەرابەکە تێ دەکات)

٩. "دەبا قۆڵمان لە قۆڵی یەک بئاڵێنین و بخۆینەوە..." ئەمە شێوەیەکی خواردنەوەیە لە نێوان دوو کەسدا کە بیانەوێ خۆشەویستییان بۆ یەکتر پێشان بدەن یان ئاشتبوونەوەی خۆیان دوای ناخۆشییەکی نێوانیان ڕابگەیەنن.

وا باشتره، کەواتە ئیتر بە "تۆ"ش یەکتری بانگ دەکەین، ها بڵێین – تۆ؟

**سۆنیا:** تۆ، باشە، تۆ.

دەخۆنەوە و ئەملاولای یەکتری ماچ دەکەن.

من دەمێک بوو دەمویست ئاشت بمەوە، بەڵام وەک شتێک شەرمم دەکرد.. (دەست دەکات بە گریان)

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** چییە بۆ دەگری؟

**سۆنیا:** هیچ نییە، هەروا.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دە بەسە، بەسە، پێویست ناکات.. (ئەویش دەست دەکات بە گریان) شێتە، منیشت کردە گریان....

پشوویەک

تۆ بۆیە لە من تووڕەیت، چونکە وا دەزانیت، کە گوایە من بە مەبەست شووم کردووە بە باوکت، بەڵام ئەگەر باوەڕت بە سوێند هەیە، ئەوا سوێندت بۆ دەخۆم کە من لە خۆشەویستییەوە شووم پێ کردووە. من وەک زانایەک و پیاوێکی ناودار حەزم لێ کرد. خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو دەستکرد بوو، بەڵام ئەو کاتە من وام دەزانی ڕاستەقینەیە. تۆش هەر لە یەکەمین ڕۆژی زەماوەندەکەمانەوە بە چاوە ژیرە، گوماناوییەکانت منت دەکوشت.

**سۆنیا:** دەباشە، ئاشتی، ئیتر ئاشتی! ڕابردوو لە یاد دەکەین.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** وا سەیری کەس مەکە– لە تۆ نایەت. چاکتر وایە پیاو متمانە بە هەمووکەس بکات، ئەگینا ژیان ناچێتەسەر.

پشوویەک

**سۆنیا:** باشە ڕاستم پێ بڵێ، وەک هاوڕێیەک... تۆ بەختەوەریت؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** نەء

**سۆنیا:** من خۆم دەمزانی. پرسیارێکی تریش، ڕاست و ڕەوان وەڵامم بدەرەوە – حەزت دەکرد مێردێکی گەنجت هەبوایە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئای لە تۆ، هێشتا چ کچۆڵەیەکی. بێگومان حەزم دەکرد (پێ دەکەنێ) دەبپرسە، بپرسە، چ پرسیارێکی ترت هەیە بیکە..

**سۆنیا:** ئەی تۆ دوکتۆرت بە دڵە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئا، زۆریش.

**سۆنیا** (پێ دەکەنێ): ئێستا تۆزێک ڕووخسارم نەفامانە دەنوێنێ، وا نییە؟ ئەوەتا ئەو ڕۆیشتووە، کەچی تا ئێستاش دەنگی و هەنگاوەکانی لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، کە سەیری پەنجەرەیەکی تاریکیش دەکەم دەموچاوی ئەوم دێتە بەرچاو. بهێڵە ڕازی دڵمت بۆ بکەم، بەڵام من ناتوانم بە دەنگی بەرز بیڵێم، شەرم دەکەم. نەفام دێمە بەرچاوی تۆ.. وا نییە، دانی پیا بنێ... باشە، شتێکی ئەوم بۆ باس بکە..

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: وەکو چی؟

**سۆنیا:** ئاخر ئەو زیرەکە.. توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ.. ئەو نەخۆشەکان چارەسەر دەکات، درەخت دەنێژێ...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** مەسەلەکە نە لە دارناشتندایە، نە لە زانستی پزیشکیدایە، تێ بگە گیانەکەم مەسەلەکە بەهرەیە! باشە تۆ دەزانی بەهرە مانای چی؟ یانی بوێری، ئازادیی زەین و مەودا

فراوانی.. ئەو دارێک دەڕوێنێ و هەر لە ئێستاوە پێشبینیی ئەوە دەکات پاش هەزار ساڵی تر چی لێ دەردەچێ و کامەرانیی مرۆڤایەتی سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکات. کەسانی وا دەگمەنن و پێویستە خەڵک خۆشیان بوێن.. ڕاستە ئەو دەخواتەوە، جاروبار قسەی ڕەقە، بەڵام ئەوە کەی گرفتە؟ مرۆڤی بەهرەدار لە ڕووسیادا ناتوانی پاک و بێگەرد بێت. خۆت بیری لێ بکەرەوە، باشە ئەوە چ ژیانێکە ئەو دوکتۆرە هەیەتی؟ ڕێگەوبانەکان قوڕێکە کەسی لێ دەرناچێ، بەردەوام زوقم و سەرما و بۆران، شار و گوندەکان بێمانا لەیەکەوە دوورن، خەڵکەکە هەمووی نەفام و ڕەفتار ناهەموار، نەبوونی و نەخۆشی هەموو لایەکی تەنیوە، جا لە دۆخێکی وادا بۆ کەسێک ڕۆژانە بەرەنگاری ئەم هەموو نەهامەتییە ببێتەوە، ئەستەنگە بگاتە چل ساڵی و هێشتا بە پاکی بمێنێتەوە و خۆی لە خواردنەوە دوور بگرێ... (سۆنیا ماچ دەکات). من پڕ بە دڵ سکم پێت دەسووتێ، تۆ شایانی کامەرانیت... (لە جێی خۆی ڕاست دەبێتەوە) هەرچی منیشم، ئافرەتێکی وەڕسکەر و کەسێکم لێرە و لەوێ سەرەتاتکێیەک دەکەم و هیچی تر... لە مۆسیقادا، لە ماڵە مێردا، لە هەموو بەسەرهاتی خۆشەویستییەکاندا سەرەتاتکێیەک دەکەم و تەواو. ڕاستییەکەی، سۆنیا، گەر پیاو تێفکرێ ئەوا من تابڵێی بەدبەخت و نەگبەتم! (بە هەڵچوونەوە بەسەر شانۆکەدا دێت و دەچێت) من لەم دنیایەدا بەختیاریم پێ نەبەخشراوە! نەخێر! چییە پێ دەکەنی؟

**سۆنیا** (بە دەست دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ و پێ دەکەنێ): من

هێندە بەختیارم، بەختیار!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئارەزووی کەمێک مۆسیقا دەکەم، حەز دەکەم کەمێک مۆسیقام بژەنیایە.

**سۆنیا:** بیژەنە (باوەشی پێدا دەکات) خۆ من خەوم هەر لێ ناکەوێت... شتێک بژەنە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئێستا. باوکت هێشتا نەنووستووە، کە ئازاری دەبێت بە مۆسیقا سەغڵەت دەبێ. جا بچۆ بپرسە، ئەگەر ئەو پێی ناخۆش نەبێ ئەوا شتێک دەژەنم، دە بڕۆ.

**سۆنیا:** هەر ئێستا. (دەچێتە دەرەوە)

پاسەوانەکە لە باخچەکە تەقە لە شتێکەوە دێنێ.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دەمێکە مۆسیقام نەژەنیوە. ئێستا بۆ خۆم مۆسیقا دەژەنم و دەگریم، وەک شێتێک دەگریم. (لە پەنجەرەکەوە هاوار دەکات) ئەوە تۆیت تەپەت دێت، یفیم؟

**دەنگی پاسەوانەکە:** بەڵێ.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دەئیتر تەپەتەپ مەکە، پرۆفیسۆر ناساغە.

**دەنگی پاسەوانەکە:** هەر ئێستا لێرە دەڕۆم! (دەست دەکات بە فیکەلێدان) هۆ هۆ، بچکۆل! قالۆنچە! ئێوە لە کوێن!

پشوویەک

**سۆنیا:** بۆمان نییە!

پەردە دادەدرێتەوە.

## پەردەی سێیەم

ژووری میوانی ماڵەکەی سریبریکۆف. سێ دەرگا دەبینرێ، یەکێک لەلای ڕاستەوە، یەکێک لای چەپەوە و یەکێک لە ناوەڕاستدا – کاتەکەی ڕۆژە.

ڤەینێتسکی و سۆنیا (دانیشتوون) و یلێنا ئەندرێیەڤنا (بەسەر شانۆکەدا دێت و دەچێت، بیر لە شتێک دەکاتەوە)

**ڤەینێتسکی:** جەنابی پرۆفیسۆر ئارەزووی فەرمووە، کە سەعات یەکی نیوەڕۆ هەمووومان لەم ژووری میوانەدا کۆببینەوە (سەیری سەعاتەکە دەکات) وا چارەکی دەوێ بۆ یەک. هەبێ و نەبێ هەواڵێکی بۆ ئەم جیهانە پێیە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** پێ دەچێ کارێکی پێمان هەبێ.

**ڤەینێتسکی:** ئەوەی کار بێت نییەتی. هەر لە قسەی قۆڕ نووسین و بۆڵە و دڵپیسی داوە و هیچی تر.

**سۆنیا** (بە سەرزەنشتەوە): خاڵە!

**ڤەینێتسکی:** باشە، باشە، من هەڵەم (ئاماژە بۆ یلێنا ئەندرێیەڤنا دەکات) دە سەیری کەن: دەڕوات و لە سستی و تەمەڵیدا نووچ دەدات. هەر زۆر ماندووە، زۆریش نازدارە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەکە هەر دەویزێن و دەویزێن – چۆن خۆتان بێزار نابن! (بە پەژارەوە) من بێتاقەتی کوشتوومی، نازانم چی بکەم.

**سۆنیا** (شان هەڵدەتەکێنێ): بۆ ئیش کەمە؟ هەر ئەوەندەی خۆت ئارەزوو بکەیت، ئیش زۆرە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: وەکو چی؟

**سۆنیا**: خەریکی ئیشی ئەم موڵک و ماڵە بە، وانە بڵێرەوە، برینپێچی بکە. چوزانم، هەر ئیش زۆرە. کاتێک تۆ و بابە لێرە نەبوون، من و خاڵە ڤانیا خۆمان دەچووینە بازاڕ ئاردمان دەفرۆشت.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: ئاخر من نایزانم و خۆشیش نییە بەلامەوە. ئەوە هەر لە ڕۆمانە ئایدیالیاکاندایە کەسانێک دەچن و مزگێنەکان فێری خوێندەواری دەکەن و برینپێچییان بۆ دەکەن، هەر چی منیشم چۆن لە خۆمەوە و لە پڕێکدا بچم فێری خوێندنیان بکەم و چارەی نەخۆشییەکانیان بکەم؟

**سۆنیا**: بەڵام ئەوەی من لێی تێناگەم ئەوەیە چۆن مرۆڤ خۆی پێ دەگیرێ نەچێ فێری خوێندنیان بکات و چارەسەریان بکات. چاوەڕێبە، تۆش ڕادێیت. (باوەشی پێدا دەکات) بێزار مەبە، کەسەکەم. (بە پێکەنینەوە) تۆ بێزاریت و جێ بەخۆت ناگریت، بێزاری و دەستبەتاڵیش وەک درم وایە لە کەسێکەوە دەچێ بۆ کەسێکی تر، سەیری خاڵە ڤانیا کە، هیچ ناکات و تەنیا وەک سێبەر بەدوای تۆوەیە، منیش کارەکانی خۆمم لاناوە و هاتوومەتە لای تۆ قسە بکەم. بە جارێک تەمەڵی گرتوومی، هەر مەپرسە! دوکتۆر میخاییل لڤۆڤیچ جاران بە دەگمەن دەهاتە ئێرە، مانگی جارێک، ئەویش دەبوایە تکای لێ بکەیت، کەچی ئێستا هەموو ڕۆژێک لێرەیە، هەموو کاری دارستان و پزیشکییەکەی وەلاناوە. تۆ هەبێت و نەبێت ئافرەتێکی سیحربازیت.

**ڤەینێتسکی**: لە پای چی ئەشکەنجەی خۆتان دەدەن؟ (بە گەرمییەوە) ئازیزەکەم، ژیرانە بیرکەنەوە! دەمارەکانتان خوێنی شازادەی دەریایان تیا دەسووڕێ، دە ببنە شازادەی دەریا! بۆ جارێک لە ژیانتاندا دوای خواستی دڵتان کەون، بە زووترین کات تا بینەقاقا عاشقی بوونەوەرێکی ناو دەریا ببن- وا بەسەردا خۆتان نوقمی گێژاوی عەشق کەن، کە چ جەنابی پرۆفیسۆر و چ ئێمەش هەر دەست بەدەستدا بدەین!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە تووڕەییەوە): دە لە کۆڵم ببنەوە، ئەمە چ دڵڕەقییەکە! (دەیەوێ بڕوات)

**ڤەینێتسکی** (ڕێگەی نادات): باشە، باشە، گیانە شیرینەکەم، بمبەخشە... داوای لێبووردن دەکەم (دەستی ماچ دەکات) ئاشتی.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: ئاخر خۆتان بیڵێن، ئەمە لە حەوسەڵەی فریشتەشدا نییە.

**ڤەینێتسکی**: ئا ئێستا وەک نیشانەی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن چەپکێک گوڵەباختان پێشکەش دەکەم؛ هەر بەیانی ئامادەم کردبوو... گوڵەباخی پایزە – قەشەنگ و غەمبار... (دەڕواتە دەرەوە)

**سۆنیا**: گوڵەباخی پایزە – قەشەنگ و غەمبار...

هەردووکیان لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەن

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: وا مانگی خەزان هات، ئەم زستانە چۆن بەسەربەرین!

پشوویەک

ئەی دوکتۆر لە کوێیە؟

**سۆنیا:** لە ژوورەکەی خاڵە ڤانیایە. شتێک دەنووسێ. پێم خۆشە کە خاڵە ڤانیا ڕۆیشت، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** لە بارەی چییەوە؟

**سۆنیا:** لەبارەی چییەوە؟ (سەر دەنێ بە سنگییەوە)

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دە بەسە، پێویست ناکات.. (دەست دەهێنێ بە قژیا) بەسە.

**سۆنیا:** من ناشیرینم.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** تۆ قژت زۆر جوانە.

**سۆنیا:** نا! (دەڕوانێ تا لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی بکات) نا! کە ژنێک ناشیرین بێت پێی دەڵێن (چاوەکانت جوانن، قژت قەشەنگە).. وا بۆ شەش ساڵ دەچێت من خۆشم دەوێت، لە دایکمم خۆشتر دەوێت؛ هەموو دەقیقەیەک دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، وادەزانم ها ئێستا نا، ساتێکی تر خۆی دەکات بە ژووردا. خۆ خۆت دەبینی من هەر بۆ ئەوە لای تۆ تا باسی ئەو بکەم، ئەو ئێستا هەموو ڕۆژێک لێرەیە، بەڵام سەیری من ناکات، من نابینێ... دەزانی ئەوە چ ئەشکەنجەیەکە! من هیچ هیوایەکم نییە، هیچ، هیچ! (بە هیوا بڕاوییەکەوە) دە خوایە هێزم پێ ببەخشە... من هەموو ئەمشەو لە خوا پاڕاومەتەوە... من خۆمی لێ نزیک دەکەمەوە.. دەکەومە قسەکردن لەگەڵیدا، من هەستی شانازی کەسایەتیم لە دەست داوە، هێزی ئەوەم نەماوە بەسەر خۆمدا زاڵ ببم، دوێنێ خۆمم پێ نەگیرا، بۆ خاڵە ڤانیاشم باس کرد کە خۆشم دەوێت... هەرچی بەردەست و

خزمەتکارەکانیشن دەزانن کە خۆشم دەوێت، هەر هەموویان دەزانن.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەی ئەو خۆی دەزانێت؟

**سۆنیا:** نەخێر، ئەو خۆی هەر سەرنجیشم نادات.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە دەم بیرکردنەوەوە): مرۆڤێکی سەیرە... دەزانی چی؟ ڕێگەم بدە با من قسەی لەگەڵدا بکەم، لەسەرخۆ، بە هێما و ئاماژەی ناڕاستەوخۆوە..

پشوویەک

هەر بەڕاست تاکەی لە نادیاری و پەنهانیدا بمێنیتەوە.. با قسەی لەگەڵ بکەم!

سۆنیا سەری ئەرێنی دەلەقێنێ

دە زۆر چاکە. هێندە سەختیش نییە بزانین ئایا خۆشی دەوێیت یان نا. تۆ، گیانەکەم، نە خۆت سەغڵەت کە، نە نیگەرانیشبە – من وا بە شێنەیی قسەی لێ دەردەهێنم کە هەر خۆیشی پێ نەزانێ. ئێمە تەنیا دەمانەوێ بزانین: ئا یان نا؟

پشوویەک

خۆ ئەگەر "نا" با چیی تر نەیەتە ئێرە. وایە؟

سۆنیا سەری قایلبوونی ڕادەوەشێنێ

کە لە بەرچاوت نەبێت ئاسانتر دەبێت. جا ئێمە مەسەلەکەش بۆ سەد ساڵی تر هەڵناگرین، هەر ئێستا لێی دەکۆڵینەوە. ئەو بەنیاز بوو بێت هەندێ نەخشەی بیناسازیم نیشان بدات.. برۆ پێی بڵێ کە من ئێستا دەمەوێ ببینم.

**سۆنیا** (بە گیانێکی هەژاوەوە): دوایی هەموو ڕاستییەکەم پێ دەڵێیت؟
**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: بەڵێ، بێگومان پێت دەڵێم. بە ڕای من، ڕاستی، ئیتر هەر چییەک بێت، هێندەی نادیاری ترسناک نییە، متمانەت بە من هەبێ، گیانەکەم.
**سۆنیا**: باشە، باشە.. پێی دەڵێم کە تۆ دەتەوێ ئێستا نەخشەکان ببینیت.. (دەڕوات، بەڵام لای دەرگاکەوە وێستەیەکی بۆ دەکات) نا، هەر نادیارییەکە باشترە، هیچ نەبێ هیوایەکم دەمێنێ...
**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: چیتە؟
**سۆنیا**: هیچ. (دەڕوات)
**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: لەوە ناخۆشتر نییە، نهێنی کەسێک بزانیت، بەڵام نەتوانیت یارمەتیی بدەیت. (بیر دەکاتەوە) ئەوەی کە ئەو عاشقی ئەم نییە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بۆ ناکرێ کە ببێتە هاوسەری؟ ڕاستە ئەم جوان نییە، بەڵام بۆ پزیشکێکی لادێ و لە تەمەنی ئەودا چاکترین ژن دەبێت، هەم ژیرە هەم دەست و دڵ چاکە... بەڵام نا، نا مەسەلەکە ئەمە نییە..
پشوویەک
من باش لەو کچە کەساسە دەگەم، لە بێزارییەکی ئاوا بێدەرەتاندا، کاتێک لە بریی کەسانێکی ئاسایی، چەند پەڵەیەکی دێز بە دەورتا بسووڕێنەوە و تەنیا گوێت لە قسەی نزم و بێمانا بێت، کاتێک خەڵکەکە هەر ئەوە بزانن بخۆن و بخۆنەوە و بنوون، ئا لەو کاتەدا، جاروبار، کەسێک پەیدا دەبێت کە لەوانی تر ناچێت، قۆز و سەرنجڕاکێشە، هەر وەک چۆن لە تاریکی شەودا مانگێکی چواردە هەڵبێت، ئەو ساتە سەیر نییە

گیرۆدەی کەسێکی وا زراڤ و سەرنجڕاکێش ببیت.. وا بزانم من خۆیشم کەمێک خولیای ئەوم کەوتووەتە سەرەوە. ئا، ئەوەتا کە ئەو لێرە نابێت جاڕس دەبم، ئێستاش کە بیر لەو دەکەمەوە زەردەخەنە دەزێتە سەر لێوم. ئەو خاڵە ڤانیایەش دەڵێ گوایە من خوێنی شازادەی دەریا لە دەمارەکانمدا دەسووڕێت.. دەڵێ "بۆ جارێک لە ژیانتاندا دوای خواستی دڵی خۆتان کەون!" بۆ نا؟ ڕەنگە هەر وا پێویستیش بکات، بمتوانیایە وەک باڵندەیەکی ئازاد باڵ بگرم و بفڕم دوور لە هەمووتان، دوور لە سەر و بیچمە خەواڵووەکانتان، لە قسەو وتی وتییەکانتان، لە یادی خۆمم ببردایەتەوە کە ئێوە هەر هەشن لەم سەر ڕووی زەمینە... بەڵام من ترسنۆکم، شەرمنم.. ویژدانم ئازارم دەدات.. ئەوەتا ئەو هەموو ڕۆژێک دێت بۆ ئێرە.. دەشزانم بۆ دێت، کەچی خۆم بە تاوانبار دەزانم، ئامادەم لە بەردەم سۆنیادا بچمە سەر چۆک و داوای لێبووردن بکەم و بگریم...

**ئەستروڤ** (بە نەخشەکانەوە دێتە ژوورەوە): ڕۆژباش! (تەوقەی لەگەڵدا دەکات) خواستبووتان نەخشەکانمتان پیشان بدەم؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دوێنێ بەڵێنتان دا کارەکانتانم پیشان بدەن.. ئێستا دەستتان بەتاڵە؟

**ئەستروڤ:** بەڵێ، بێگومان (نەخشەکە لەسەر مێزەکە بڵاو دەکاتەوە و چەسپیان دەکات) ئێوە لە کوێ لەدایک بوون؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە دەم یارمەتیدانییەوە): لە پیتەربورگ.

**ئەستروڤ:** ئەی لە کوێ خوێندتان تەواو کردووە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** لە کۆنسێرڤاتۆریا.

**ئەستروڤ:** دە ڕەنگە ئەمەیان بۆ ئێوە سەرنجڕاکێش نەبێت.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** بۆچی؟ من، ڕاستە زۆر شارەزای لادێ نیم، بەڵام من زۆرم خوێندووەتەوە.

**ئەستروڤ:** من لێرە مێزێکی خۆمم هەیە.. لە ژوورەکەی ئیڤان پیترۆڤیچ. کاتێک من تەواو، تا ڕادەی وڕبوون، ماندوو دەبم، هەموو شتێک تووڕ دەدەم و ڕادەکەمە ئێرە و سەعاتێک، دووان خۆم بەم شتەوە دەخەڵافێنم... ئیڤان پیترۆڤیچ و سۆنیا ئەلیکساندرەڤنا تەقە لە چرتکەکەیانەوە[1] هەڵدەستێنن، منیش لە پاڵیانەوە دادەنیشم و بە بۆیە کاغەزەکان سواغ دەدەم – لێرە گەرم و ئارامە، سیسرکەکانیش لە قیرەی خۆیان ناکەون. بەڵام من ئەم خۆشییە زوو زوو بە خۆم ڕەوا نابینم، ڕەنگە لە مانگێکدا جارێک.. (نەخشەکانی پیشان دەدات) ئێستا سەیری ئەمە کەن، وێنەی ناوچەکەمانە پەنجا ساڵ پێش ئێستا چۆن بووە.. ڕەنگە سەوزە تۆخ و کاڵەکە دارستانەکان پیشان دەدەن؛ نیوەی هەموو پانتاییەکە بە دارستان داپۆشراوە، لەو شوێنانەدا کە ڕەنگە سەوزەکە تۆڕێکی سوور داپۆشیوە لەوێ گاکێوی و بزن لەوەڕیون.. من لێرە هەم فلۆرا و هەم فاوناشم پیشان داوە[2]. ئا لەم دوورگەیدا قاز و مراوی دەژیان و وەک

١. چرتک، چوارچێوەیەکی تەختەیە کە چەند تەلێکی لە نێوان دوولایەنە درێژە، تەریبەکانیدا ڕاکێشراون و هەریەکەیان چەند پارچە تەختەیەکی کونکراوی لێ هەڵکێشراوە و وەک ئامرازی ژماردن لە کاتی کڕین و فرۆشتندا بەکار دێت.

٢. فلۆرا و فاونا، واتە سەرجەمی ژیانی ڕووەکی و ئاژەڵی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا.

کەسانی بە ساڵاچوو دەیگێڕنەوە، قازو قوڵنگی وای لێ بووە کە خەڵکی ناوی هەموویانیان نەزانیوە و کاتێک فڕیون وەک هەور بەری ئاسمانیان گرتووە. جگە لە دارستان و دێیەکان، لێرە و لەوێ کوێرەدێ و دێی یەکماڵە و جێی نیشتەجێبوونی دابڕاوەکان[3] و ئاشی ئاو... لێرە ڕەشە وڵاخ و ئاژەڵی شاخدار زۆربووە. بە ڕەنگە شینەکەدا دەبینرێ، بۆ نموونە ئالەم ناوچەیەدا ڕەنگەکە تۆخە، لێرە ڕەوە ئەسپ هەبوون، هەر ماڵەی سێ ئەسپی بەردەکەوێت.

پشوویەک

ئێستا با سەیری خوارەوە بکەین. ئەوەی ٢٥ ساڵ لەمەوپێش هەبووە. لێرەش ئێستا سێ یەکی ناوچەکە دارستانە، بزن نەماوە ئەگەرچی گاکێوی هێشتا هەیە، ڕەنگە سەوز و شینەکە تا دێت کاڵتر و کاڵتر دەبێتەوە. ئێستا با سەیری نەخشەی سێیەم بکەین، کە ئێستای ناوچەکە پیشان دەدات. ڕەنگی سەوز لە هەندێک شوێن وەک پەڵە لێرەو لەوێ ماوە، گوند و زنج و ئاشەکانی جاران هەر ئاسەواریشیان نەماوە. بە کورتییەکەی دیمەنی لەناوچوونێکی بەردەوام و گومان هەڵنەگرتوو، کە پێ دەچێ تەنیا ١٠ تا ١٥ ساڵێکی تری پێ بچێ کە ئیتر هەمەلایەن و یەکجارەکی بێت. ئێوە بێگومان دەڵێن کە ئەمە لەژێر هۆکاری

---

٣. "جێی نیشتەجێبوونی دابڕاوەکان " لە ڕووسیادا باو بووە کە لە نزیک کڵێسا و دێرەکانەوە، هەندێک کەس کە خولیایەکی زۆری ئاینییان هەبووە، بە تەواوەتی لە کۆمەڵگە دابڕاون و هەندێ خانووچکەی هەژارانەیان دروست کردووە و تیایدا ژیاون و سەرقاڵی خواپەرستی بوون.

کـولتــووریدا ڕوو دەدات و ئەو ژیانـەی پێــشــوو هەر دەبـووایە لەناوبچـوایە و جێ بۆ ژیانە نوێیـەکـە چۆڵ کـات. وایە، من لەوە دەگەیشـتم، گـەر لە جێگای ئەو دارسـتـانە لەنـاوبراوانە ڕاسـتـە ڕێگەی دوور و درێژ، هـێڵی شـەمـەندەفـەر ڕابکێـشـرایە، ئەگـەر فـابریک و کـارخـانە و قـوتـابخـانە دروست بکرایە و خـەڵکەکـە تەندروسـتـتـر و داراتر و ژیرتر بـووبوونایە، بەڵام شـتـێکی وا لە ئارادا نییـە. زەلکاوەکـانی جاران و مێشـوولەکـان هەر لە جێی خـــۆیانن، بـێ ڕێگـەوبـانـی و هـەژاری و گـــرانـەتـا و وەنـاق و ئاگـرکـەوتنەوە هـەر بەردەوامن. ئـەمـەی دەیبـینـین دارمـانێکە لە ئاکــامی زۆرانـبــازیــەکی نابەرامــبــەر لە پێناوی مــانەوەدا؛ دارمانێکە لە ئاکامی چەوت و چەوێڵی و نەفامی و نەبوونی هیچ جۆرە هۆشمـەندییـەکی خـۆیی، هـەر وەک چۆن کاتێک مرۆڤـێکی سـەرمـابردوو، برسی و نـاسـاغ هـەر بۆ ئەوەی ئەو کـەمـە ژیانەی ماوێتی ڕزگار بکات و ژیانی منداڵەکانی بپارێزێ بە شێوەیەکی غـەریزییـانـە و ناهۆشـمــەندانـە، پڕ دەکـات بە هـەر شـتـێکدا برسێتییەکەی بشکێنێ و کەمێک گەرمی کاتەوە و هەرچی هەیە و نییـە وێرانی دەکـات بـێ ئەوەی بیـرێک لە سـبـەینێ بکاتەوە. ئێـسـتـا شـتـێکی ئەوتـۆ نەمـاوە وێران نەکـرابێت و لـە جـێگەی ئەوەش شـتـێک بنیـات نـەنراوەتەوە. (لە ژوورەکـەدا سـەرمـایە) بەڵام بە ڕووخـســارتاندا دەبینم کـە هەرچی من باسی دەکـەم شتێک نییە مایەی بایەخ پێدانتان بێت.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئاخر من زۆر لەم بابەتانە ناگەم.

**ئەستروڤ:** شتێک نییە پێویستی بە لێتێگەیشتن بێت، مەسـەلەکە هەر ئەوەیە کە بابەتەکە خۆش نییە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ڕاستتان دەوێ من ئێستا بیرم بەمەوە خەریک نییە. داوای لێبووردن دەکەم، من دەمەوێ لێکۆڵینەوەیەکتان لەگەڵدا بکەم، بۆیە کەمێک شڵەژاوم، نازانم چۆن دەست پێ بکەم.

**ئەستڕۆڤ:** پرسینەوە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** بەڵێ، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی بێوەی. با دانیشین!

دادەنیشن

مەسەلەکە پێوەندیی بە خانمێکی لاوەوە هەیە. من دەمەوێ ئێمە وەک دوو دۆستی ڕاست و دروست قسە بکەین، بێ هیچ پێچ و پەناییەک. قسەکانمان دەکەین و دواییش هەمووی لە یاد خۆمان دەبەینەوە، باشە؟

**ئەستڕۆڤ:** باشە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** مەسەلەکە پێوەندیی بە سۆنیای زڕ کچمەوە هەیە. ئێوە ئەوتان بە دڵە.

**ئەستڕۆڤ:** بەڵێ، من ڕێزم هەیە بۆی.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەی وەک ئافرەت، بە دڵتانە؟

**ئەستڕۆڤ** (پاش کەمێک): نەخێر.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دوو سێ وشەی تر و ئیتر تەواو. باشە ئێوە سەرنجی هیچتان نەداوە؟

**ئەستڕۆڤ:** هیچ

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئێوە خۆشتان ناوێت.. من بە چاوتاندا دەیبینم.. بەڵام ئەو ئازار دەچێژێ.. جا تکایە لەوە بگەن و... چیی تر سەردانی ئێرە مەکەن.

**ئەستروْڤ** (هەڵدەستێتە سەرپێ): من کاتەکەم خۆی هەر تەواو بوو...
کاتیشم نییە.. (شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێ) کەی دەتانەوێ بڕۆم؟
(شڵەژاوە)

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئاخ، چ گفتوگۆیەکی ناخۆش بوو! من وا هەژاوم،
دەڵێی کێوێک بە شانمەوەیە. بەڵام شوکر تەواو، ئێستا لە یادی
خۆمانی دەکەین، هەروەک قسەشمان نەکردبێت و ئێوەش...
ئۆغر کەن. ئێوە کەسێکی ژیرن، لەوە دەگەن کە...

پشوویەک

من خۆم بە جارێک سوور هەڵگەڕاوم.

**ئەستروْڤ:** ئەگەر هیچ نەبێ یەک دوو مانگ لەمەوبەر قسەتان بکردایە،
ڕەنگ بوو بیرێکم لێ بکردایەوە، بەڵام ئێستا... (شانێک
هەڵدەتەکێنێ) باشە ئەگەر ئەو لە ئەشکەنجەدا بێت، بێگومان...
هەرچەندە من لە شتێک ناگەم: ئێوە چ پێویستتان بەم
لێکۆڵینەوەیە هەبوو؟ (چاو دەبڕێتە چاوەکانی و پەنجەیەکی
هەڕەشە ڕادەوەشێنێ) ئێوە زۆرزانن!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** مەبەستتان چییە؟

ئەستروْڤ (بە دەم پێکەنینەوە) ئێوە فێڵبازن! با وا دانێین کە
سۆنیا ئازار دەچێژێ، قبووڵمە، بەڵام ئێوە ئەم لێپرسینەوەیەتان
بۆ چی بوو؟ (خێرا بواری قسەکردنی لێ دەبڕێ) تکایە خۆتان
وا پیشان مەدەن کە حەپەساون، ئێوە زۆر چاک دەزانن کە من
بۆچی هەموو ڕۆژێک دێمە ئێرە.. بۆچی و لەبەر خاتری کێ دێم،
ئێوە ئەمە باش دەزانن، نێچیرکوژە نازدارەکەم، جا ئیتر وا
سەیرم مەکەن، من خۆم پیرە ڕێوییەکم..

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە نارەزاییەوە): نێچیرکوژ؟ هیچ تێناگەم.

**ئەستروڤ:** نێچیرکوژە، جوانە پڕ خورییەکەم،... ئێوە پێویستتان بە نێچیرە! وا من مانگێکی تەواوە، کار و کردەم ئەوەیە بە دوای ئێوەدا بگەڕێم، ئەمەشتان زۆر بەدڵە... زۆریش.. باشە، چی تێدایە؟ من دۆڕاوم، بە بێ لێپرسینەوەش ئێوە ئەمەتان دەزانی. (هەردوو دەستی ڕاست و چەپ لەسەر سنگی دادەنێ و سەری شۆڕ دەکاتەوە) من خۆم دەدەم بە دەستەوە، فەرموون بمخۆن!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئێوە شێت بوون!

**ئەستروڤ** (بە دەمی داخراوەوە پێ دەکەنێ): ئێوە شەرمنیشن...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** نا، من لەوە باشتر و بەرزترم کە ئێوە بۆی دەچن! سوێندتان بۆ دەخۆم! (دەیەوێ بچێتە دەرەوە)

**ئەستروڤ** (ڕێگەکەی لێ دەگرێ): من ئەمڕۆ لێرە دەڕۆم، چیی تر لێرە نابم، بەڵام.. .(دەستی دەگرێ و دەستی پێدا دەهێنێ) لە کوێ یەکتری ببینینەوە؟ پێم بڵێن خێرا: لە کوێ؟ لەوانەیە یەکێک بێتە ئێرە، جا خێرا بیڵێن... (زۆر بە گەرمی) ئێوە چەند سیحراوین، چەند قەشەنگن... تەنیا ماچێک، ڕێگەم بدەن هەر قژە بۆنخۆشەکەتان ماچ کەم.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** من سوێند دەخۆم...

**ئەستروڤ** (ڕێگەی نادا قسەکەی تەواو کات): سوێند خواردنی بۆ چییە؟ سوێند پێویست نییە.. گشت وشەیەک زیادەیە.. ئای چەند جوانن، سەیری ئەو دەستانە! (دەستەکانی ماچ دەکات)

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** بەسە ئیتر... دە بڕۆن.. (دەستی خۆی ڕادەپسکێنی) ئێوە جڵەوی خۆتان لە دەست داوە..

**ئەستروٚڤ:** دە بڵێن، قسە بکەن سبەینێ لە کوێ یەکتر ببینین؟ (ناو قەدی دەگرێ) تۆ خۆت دەزانیت کە ئەوە هەر دەبێ ڕووبدات، ئێمە دەبێ یەکتر ببینینەوە. (ماچی دەکات؛ لەو ساتەدا ڤەینێتسکی بە چەپکێک گوڵەباخەوە دێتە ژوورەوە و لای دەرگاکەوە دەوەستێت)

**یلێنا ئەندرییەڤنا** (بێ ئەوەی ڤەینێتسکی ببینێ): بەزەییتان هەبێت.. لێم گەڕێن.. (سەر دەخاتە سەر سنگی ئەستروٚڤ) بەڵام نا! (دەیەوێ بڕواتە دەرەوە)

**ئەستروٚڤ** (باوەش دەکات بە ناوقەدیا و ڕێگەی نادات بڕوات): سبەینێ وەرن بۆ بنکەی نەمامنێژییەکە.. نزیک سەعاتی دوو.. باشە؟ باش؟ تۆ دێیت؟

**یلێنا ئەندرییەڤنا** (کە چاوی دەکەوێت بە ڤەینێتسکی): بەرەڵام کەن! (بە تووڕەییەوە دوور دەکەوێتەوە بەرەو لای پەنجەرەکە) ئەمە ناهەمەوارە!

**ڤەینێتسکی** (چەپکە گوڵەکە دەخاتە سەر کورسییەکە؛ بە دەستەسڕێک دەموچاو و لای یەخەی کراسەکەیەوە دەسڕێ): هیچ نییە.. قەیدی نییە، هیچ نییە..

**ئەستروٚڤ** (بە قەڵسبوونێکەوە): ئەمڕۆ، جەنابی ئیڤان پیتروٚڤیچ، هەواکەی خراپ نییە. سەرلەبەیانی هەور بوو، پێ دەچوو خۆی بۆ باران ئامادە کردبێت، بەڵام ئێستا وا خۆر دەرکەوتووە، پیاو قسەی هەق بڵێ پایزەکەی تابڵێی خۆش بوو، زستانەکەشی خراپ نییە (نەخشەکانی لوول دەکات) تەنیا شتێک کە ناخۆش بێت ئەوەیە کە ڕۆژ کورت بووە (دەچێتە دەرەوە)

**یلینا ئەندرێیەڤنا** (خێرا بەرەو لای ڤەینێتسکی دەڕوات): ئێوە هەوڵ بدەن، هەرچی کاریگەریتانە بیخەنە گەڕ کە هەر ئەمڕۆ من و مێردەکەم لێرە بڕۆین! گوێتان لێمە؟ هەر ئەمڕۆ!

**ڤەینێتسکی:** ها؟ بێگومان.. باشە، من، هێلێن، من هەموو شتێکم دی، هەمووی...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** گوێتان لێیە؟ من دەبێ هەر ئەمڕۆ لێرە بڕۆم!

سریبریکۆڤ، سۆنیا، تیلێگین و مارینا دێنە ژوورەوە

**تیلێگین:** من، جەناب، خۆم کەمێک ناساغم. وا دوو ڕۆژە بێتاقەتم، سەرم وەک شتێک...

**سریبریکۆڤ:** ئەی ئەوانی تر لە کوێن؟ من ئەم ماڵەم بە دڵ نییە. دەڵێی قەیسەرییە. بیست و شەش ژووری زەبەلاحی تیایە، خەڵکەکە هەر تیا ون دەبن، هەرگیز کەسێکت بۆ نادۆزرێتەوە (بانگ دەکات) ئادەی ماریا ڤاسیلیێڤنا و یلێنا ئەندرێیەڤنا بانگ کەنە ئێرە!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** من لێرەم.

**سریبریکۆڤ:** بەڕێزان، تکایە دانیشن.

**سۆنیا** (ئۆقرەی لا نەماوە و دەچێتە لای یلێنا ئەندرێیەڤناوە): ها چی گوت؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** دوایی.

**سۆنیا:** ئەوە دەلەرزیت؟ تۆ گیانت هەژاوە؟ (بە وردی لە ڕووخساری دەڕوانێ) تێ دەگەم.. ئەو گوتی کە چیی تر نایەتە ئێرە... ڕاستە؟

پشوویەک

بلّێ بزانم: وایە؟

یلێنا ئەندرێیەڤنا سەری بە بەڵێ دەلەقێنێ

**سریبریکۆڤ** (بە تیلێگین دەڵێ): ناساغی هەرچۆنێک بێت پێم قبووڵ دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە بۆم قووت نادرێ ڕێساکانی ژیانی لادێیە، هەستێکی وام لا دروست بووە وەک بڵێیت لە سەرزەوییەوە کەوتوومەتە سەر هەسارەیەکی نامۆ. دە تکا دەکەم، بەڕێزان، فەرموون دانیشن. سۆنیا!

سۆنیا گوێی لێ نییە، بە غەمبارییەوە وەستاوەو سەری نەوی کردووە

سۆنیا!

پشوویەک

گوێی لێ نییە. (ئینجا لەگەڵ مارینایدایە) دە تۆش دانیشە، دایە دایەنەکە دادەنیشێت و خۆی بە چنینی گۆرەوییەوە خەریک کردووە

فەرموون بەڕێزان. وەک دەڵێن، گوێتانم بە قولاپی وریاییەوە بۆ هەڵخەن (پێ دەکەنێ).

**ڤەینێتسکی** (پەشۆکاوە): ڕەنگە من لێرە پێویست نەبم؟ دەتوانم بڕۆم؟

**سریبریکۆڤ:** نەخێر، تۆ لێرە لە هەمووان پێویستتری.

**ڤەینێتسکی:** چیتان لە من دەوێ؟

**سریبریکۆڤ:** ئێوە.... چییە وا تووڕەیت؟

پشوویەک

ئەگەر هەڵەیەکم بەرامبەرت کرد بێت، تکایە بمبەخشە.

**ڤـەینێـتسکی:** بەو شـێـوەیە قـسـە لەگـەڵ مندا مـەکـە. با دەست پێ بکەین... چیت دەوێ؟

ماریا ڤاسیلێڤنا دێتە ژوورەوە

**سریبریکۆڤ:** وا دایکیشت هات. من دەست پێ دەکەم، بەڕێزان

پشوویەک

من، بەڕێزان، بانگم کردنە ئێرە، تا هەواڵتان بدەمێ، کە جەنابی موفەتیش دێت بۆ لامان[4]. بەڵام با سوعبەت وەلانێین. مەسەلەکە جـیـدییـە. مـن بۆیە کـۆم کـردوونەتـەوە، تا داوای یارمـەتی و ئامـۆژگـاریتـان لێ بکەم، لەبەر ئەوەش لە مـیـهـرەبانی هەمـیـشـەییـتـان بە ئاگـام، دڵنیـام، هەم یارمـەتی و هەم ئامـۆژگـاریشم دەکـەن. مـن مـرۆڤی زانسـتم، پیـاوی کـتـێبم و هەردەم نـامـۆ بووم بە ژیانی کـار و کـاسـبی، لەبەر ئەوە بێ ڕێنوێنیکاری کەسـانی شارەزا هیـچم بۆ مـەیسـەر نابێت، جا بۆیە تکاتان لێ دەکەم، ئیڤان پیترۆڤیچ، هەروەها لە ئیلیا ئیلیچ و لە ئێوەش، دایە، مـەسـەلەکە لەوەدایە کە (هەمـوومان یەک شـەو چاوەڕێمان دەکات)[5] واتە هەمـوومان بەندەی خواین: مـن پیرم و

٤. "من، بەڕێزان، بانگم کردنە ئێرە، تا هەواڵتان بدەمێ، کە جـەنابی مـوفـەتیش دێت بۆ لامـان" لێرەدا پرۆفیسـۆر دیمەنێکی شـانۆگـەریی "جەنابی موفـەتیش"ە کـەی نووسـەری نـاوداری ڕووسـیـا، گـۆگـەل، بەکـار دەهێنێ کـە بـەڕێوەبەری ناوچەکە، کارمـەندە گەندەڵ و پەرپووتـەکانی ناوچەکە کۆ دەکاتەوە و هەواڵی گەیشـتنی کەسـێکیـان دەداتێ کە ئـەو وا دەزانێ موفـەتیشـە و لە پایەتەختـەوە هـاتووە.

٥. "هەمـوومان یەک شـەو چاوەڕێمان دەکات" واتە هەمـوومـان یەک چارەنووسـمـان هـەیە.

نەخۆشم، بۆیە بە پێویستی دەزانم باری موڵک وماڵەکەم یەکلا بکەمەوە، بەو پێیەی پێوەندیی بە خێزانەکەمەوەیە. ژیانی خۆم بەرەو کۆتا دەڕوا، بۆیە بیر لە خۆم ناکەمەوە، بەڵام من ژنێکی گەنج و کچێکی کەمساڵم هەیە.

پشوویەک

بەشبەحاڵی خۆم چیی تر ناتوانم لە لادێدا بژیم. ئێمە بۆ ژیانی لادێ نەخوڵقاوین. خۆ ژیانیش لە شار، بەو پارەیەی لەم موڵکە دەستمان دەکەوێ، مەیسەر نابێت. ئەگەر، با گریمان، لە بەرەوە دارستانەکەش بفرۆشم، ئەوا ئەوە کارێکی نائاسایی دەبێت و ناکرێ ساڵانە بەکار بهێنرێت، بۆیە دەبێ شتێکی وا بدۆزینەوە کە ساڵانە داهاتێکی دیاریکراو و بەردەوامامان بۆ مسۆگەر بکات. من هەنگاوێکی وام دۆزیوەتەوە و شەرەفی ئەوەم هەیە بیخەمە بەرچاو و لێدوانی بەڕێزتان، یەکسەر باز بەسەر وردەکارییەکانیدا دەدەم و هێڵە گشتییەکانی دەخەمە ڕوو. ئەم موڵکەی ئێمە وەک ڕێژەیەکی گشتی لە سەدا دوو زیاتر پارە نادات. بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم بیفرۆشین و ئەگەر ئەو پارەیەی دەستمان دەکەوێت بیکەینە سەنەدی بە سوو، ئەوا لە سەدا ٤ تا ٥ سووی لێ وەردەگرین، بگرە من وای بۆ دەچم کە چەند هەزارێکیشمان زیادە دێتە دەستەوە کە دەتوانین داچەیەکی[6] خنجیلانەی لە فینلەندا پێ بکڕین...

**ڤەینێتسکی:** بوەستە، من وابزانم باش گوێم لە قسەکانت نەبوو، ئادەی

٦. داچە، خانوویەکی هاوینەیە کە کەمێک دوور لە شار بنیات دەنرێت و خەڵک لە پشووەکانیاندا ڕووی تێ دەکەن.

ئەوەی گوتت، بیڵێرەوە.

**سریبریکۆڤ:** پارەکە بکەین بە سەنەدی بە سوو، بە زیادەکەشی داچەیەک لە فینلەندا بکڕین.

**ڤەینێتسکی:** فینلەندا نا، تۆ شتێکی تریشت گوت.

**سریبریکۆڤ:** من پێشنیازم کرد موڵکەکە بفرۆشین.

**ڤەینێتسکی:** ئا، ئەوەیانم پێ بڵێ، جەنابت موڵکەکە دەفرۆشی، زۆر چاکە، خێری پێوەیە.. بەڵام بۆ کوێ فەرمان دەکەیت من و دایکە پیرەکەم و سۆنیا سەری خۆمان هەڵگرین؟

**سریبریکۆڤ:** گشت ئەوانە لە کاتی خۆیدا قسەی لێ دەکەین. هەمووی بە سەریەکەوە نابێت.

**ڤەینێتسکی:** ڕاوەستە، دیارە من تا ئێستا هێندەی سەرە دەرزییەکیش ئاوەزم نەبووە. تا ئێستا بە نەفامیی خۆم وام دەزانی ئەم موڵکە هی سۆنیایە. باوکی ڕەحمەتیم ئەم موڵکەی وەک جیازیی بۆ خوشکم کڕیبوو. من تا ئێستا ساویلکە بووم و تورکانە[7] یاسام لێک نەدەدایەوە و وام دەزانی کە موڵکەکە لە خوشکمەوە بۆ سۆنیا دەمێنێتەوە.

**سریبریکۆڤ:** وایە موڵکەکە موڵکی سۆنیایە. کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ بێ ڕەزامەندی سۆنیا من پرکێشی ئەوە ناکەم بیفرۆشم.

---

٧. "من تا ئێستا ساویلکە بووم و تورکانە یاسام لێک نەدەدایەوە..." لە ئاکامی ئەو شەڕ و پێکدادانە مێژووییانەی لە نێوان ڕووسیا و تورکیادا ڕووی داوە، هەردەم بۆچوونێکی زۆر نەرێنیی لای ڕووسەکان هەیە بەرامبەر تورکەکان وەک کەسانێک کە زاڵمن و ڕێزی یاسا ناگرن و تەنیا هێز و فێڵبازی سەروەریانە، هەندێ جاریش وەک نموونەی کەللەڕەقی سەیریان دەکرێت.

جگە لەوەش من ئەمە لەبەر خاتری ئەو دەکەم.

**ڤەینێتسکی**: ئەمە بە عەقڵدا ناچێت، ناچێت بەعەقڵدا! یان من شێت بووم، یان... یان.

**ماریا ڤاسیلێڤنا:** ژان، لە ڕووی ئەلیکساندەردا مەوەستەوە. باوەڕت هەبێ بەوەی کە ئەو لە ئێمە چاکتر دەزانێ چی باشە و چی خراپە.

**ڤەینێتسکی:** نا، کەمێک ئاوم بدەنێ (ئاوەکە دەخواتەوە) چیتان دەوێ بیڵێن، چی ئارەزوو دەکەن!

**سریبریکۆڤ:** تێناگەم تۆ بۆ وا هەژاویت، من ناڵێم کە پرۆژەکەم کامڵ و بێ خەوشە. ئەگەر ئێوە لاتان باش نییە، ئەوا من پێداگریی لەسەر ناکەم

پشوویەک

**تیلێگین** (بە شڵەژاوییەوە): من، جەنابی عالیولەقام، نەک هەر ڕێزی بێ پایانم هەیە بۆ زانست، بەڵکو هەستی خزمایەتیشم هەیە بەرامبەری، ژنبراکەی گریگۆری ئیلیچی برام، واتە کەنستەنتین ترەفیمەڤیچ لەکیدیمەنەڤ، کە ڕەنگە خۆشتان بیناسن، ئەو ماجیستێر بوو...

**ڤەینێتسکی:** تۆ، بوەستە، چۆرەکی کونجی، ئێمە باسی کارێکی گرینگ دەکەین، ددان بە خۆتدا بگرە... دوایی... (ئینجا بە سریبریکۆڤ دەڵێ) فەرموو لەم بپرسە، ئەم موڵکە لە مامی ئەم کڕراوە.

**سریبریکۆڤ:** جا بۆ بپرسم؟ سوودی چییە؟

**ڤەینێتسکی:** ئەم موڵکە بە نرخی ئەو کاتە بە ٩٥ هەزار کڕرا. باوکم ٧٠ هەزاری دا و ٢٥ هەزاری لەسەر مابوو.. ئینجا گوێ بگرن.

ئەم مــوڵکە نەدەکــڕرا، ئەگــەر من ئەوکـاتـە دەســتم لە هـەقی مـــیـــراتـیـــیـــەکـــەم هەڵنـەگــرتـایـە بۆ خـــوشکم، کـــە من زۆرم خـۆشـدەویست. نەک هـەر ئەوەش من ١٠ سـاڵی ڕەبەق وەک گـا خۆم ڕەتاند تا هـەموو قەرزەکەم دایەوە...

**سریبریکۆڤ:** من هـەر پەشیمانم کە ئەم باسەم کردەوە...

**ڤـەینێتسکی:** ئەم موڵکە بە هـەوڵ و کۆششی من لە قـەرز پاک بووەتەوە و پوخت پارێزراوە، ئێستاش کە پیر بووم دەیانەوێ ملم بگرن و لێرە دەربەدەرم کەن!

**سریبریکۆڤ:** من تێناگەم، دەتەوێ بەم قسانەت بگەیتە چی؟

**ڤـەینێتسکی:** بیست و پێنج ساڵ من سەرپەرشتیاری ئەم موڵکە بووم، کارم دەکرد، وەک بە ویژدانترین سـەرکار پارەم بۆ دەناردی، لە هـەمــوو ئەم مــاوەیەشـدا بـۆ جـارێکیش سـوپاست نەکــردم. بە درێژاییی کـات، چ لە گەنجیمدا و چ ئێستـاش، مووچەکەم هەر ٥٠٠ ڕۆبڵ بووە لە سـاڵێکدا، واتە مـووچەی کولەمـەرگی، کەچی تۆ بۆ جارێکیش بە خەیاڵتا نەهاتووە هەر هیچ نەبێ ڕۆبڵێکم بۆ زیادکەی!

**سریبریکۆڤ:** جا، ئیڤان پیترۆڤیچ، من چۆن بمزانیـایە؟ من کابرایەکی بەکردە نیم و هیچ لەم شتانە نازانم، تۆ خـۆت دەتتوانی چەندت بویستایە بۆ خۆتی زیاد کەیت.

**ڤـەینێتـسکی:** باشـە من بۆ دزیم نەکـرد؟ بۆ ئێـوە هـەمـووتان بە چاوی سـووک تەمـاشـام نـاکەن لەسـەر ئەوەی دزیم نەکردووە؟ خـۆ ئەوە هەق دەبوو، ئێستاش وا هـەژار نەدەبووم!

**ماریا ڤاسیلێڤنا** (بە تووڕەیییەوە): ژان!

**تیلێگین** (نیگەرانە): ڤانیا، برام، پێویست ناکات، پێویست ناکات.. من وا دەلەرزم... ئاخر بۆ ئەو پێوەندییە چاکەتان تێک بچێت؟ (ماچی دەکات) پێویست ناکات.

**ڤەینێتسکی**: بیست و پێنج ساڵ وەک مشکی کوێر لەناو چوار دیواردا لەگەڵ دایکمدا دانیشتووین، هەموو بیر و خەیاڵمان هەر لای تۆ بووە. بە ڕۆژ باسی تۆ و کارەکانی تۆمان کردووە، شانازیمان پێتەوە کردووە و بە ڕێزەوە ناومان هێناویت، شەویشمان بە خوێندنەوەی ئەو کۆوار و کتێبانەوە دەکوشت کە من ئێستا سووکایەتیم پێیان دێت!

**تیلێگین**: بەسە، ڤانیا، پێویست ناکات، چیی تر ناتوانم...

**سریبریکۆڤ** (بە تووڕەییيەوە): تێ ناگەم، ئێستا تۆ چیت دەوێ؟

**ڤەینێتسکی**: تۆ بۆ ئێمە بوونەوەرێکی پایە بەرز بوویت، ئێمە وتارەکانتمان لەبەر بوو.. بەڵام من ئێستا چاوم کراوەتەوە! هەموو شتێک دەبینم! تۆ لەسەر هونەر دەنووسیت بەڵام هەڕی لە بڕی ناکەیتەوە! هەموو کارەکانت کە من خۆشمدەویست پوولێکی قەڵب ناهێنن! تۆ هەر مێشکی سەرمانت تێک داوە!

**سریبریکۆڤ**: بەڕێزان، پێی بڵێن با خۆی هێورکاتەوە! ئەگینا من دەڕۆم!

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: ئیڤان پیترۆڤیچ، من پێت دەڵێم کە بێدەنگ بیت! گوێتان لێمە؟

**ڤەینێتسکی**: بێدەنگ نابم! (بەر بە سریبریکۆڤ دەگرێ کە نەڕوات) بوەستە، من هێشتا تەواو نەبووم! من ژیانی خۆم فەوتاند! من نەژیاوم، نە! من لەبەر خاتری جەنابت چاکترین ساڵانی ژیانی

خـۆمم دۆڕاند، هـەر لەناوم بردن! تۆ ئیـتـر ناجـۆرترین دوژمنی منیت!

**تیلێگین**: مـن ئیـــتـــر ناتوانم، چیی تر پێـم ناکـــرێ، دەڕۆم... (بـه شپرزەییەکی زۆرەوە دەڕوات)

**سریبریکۆڤ**: باشـه ئێسـتا تۆ چیت له من دەوێ؟ تۆ چ مافێکی ئەوەت هەیە ئاوا قسه لەگەڵ مندا بکەیت؟ هیچ و پووچ! ئەگەر موڵکەکە موڵکی تۆیە، بیبەرەوە بۆ خۆت، من پێویستم پێی نییە!

**یلێنا ئەندرێیـەڤنا**: من هەر لـه ئێسـتـا زووتر نیـیـه ئەم دۆزەخـه جێ دەهێڵم، چیی تر بەرگه ناگرم!

**ڤەینێتسکی**: من هەموو ژیانم تیاچووە! من کابرایەکی بەهرەدار، ژیر و ئازام.. ئەگـــەر مـن ژیانێکی ئاســـایی بژیامـــایـه ڕەنگـه شۆپینهاوەرێک، یان دەستـەیڤسکییەکم لێ دەرچووایە[8]، من خۆیشم نازانم چی دەڵێم! خەریکم شێت دەبم.. دایه گیـان، من نا ئومێدم، دایە!

**ماریا ڤاسیلێڤنا** (بە ڕەقییەوە): بەگوێی ئەلیکساندەر بکە!

**سۆنیا** (له بەردەمی دایەنەکەدا دەچێتـه سـەر چۆک و باوەشی پیـادا دەکات): دایه گیان، دایە!

**ڤەینێتسکی**: دایە، پێم بڵێ من چی بکەم؟ پێویست ناکات، هیـچ مەڵێ، خـــۆم دەزانم چی دەکـــەم! (ئینـجـــا ڕووی دەمی دەکـــاتـه ســریبــریکۆڤ): خـۆمت بـه بیــر دێنمـــەوە! (له دەرگــاکــەی ناوەڕاستەوە دەچێته دەرەوە)

٨. شـۆپینهـاوەر، فـەیلەسـووفێکی ئەڵمـانییـه (١٧٨٨–١٨٦٠) دەسـتـەیفـسکی، نووسەرێکی ڕووسە (١٨٢١–١٨٨١).

ماریا ڤاسیلیێڤنا بە دوایدا دەڕواتە دەرەوە.

**سریبریکۆڤ:** بەڕێزان، ئاخر ئەمە مانای چییە؟ ئەم کابرا شێتەم لە کۆڵ کەنەوە! من ناتوانم لە یەک ماڵدا لەگەڵیدا بژیم! لێرە، لە پاڵمدا دەژی (دەست بۆ دەرگاکەی ناوەڕاست ڕادەکێشێ)... با بگوێزێتەوە بۆ ناو دێ، یان با لە فلیگێلەکەدا[9] بژی، ئەگینا من خۆم لێرە دەگوێزمەوە، چونکە من ناتوانم لە یەک ماڵدا لەگەڵیدا بژیم...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە مێردەکەی دەڵێ): ئێمە هەر ئەمڕۆ لێرە دەڕۆین! دەبێ هەرئێستا بڵێین شتەکانمان بۆ ئامادە کەن.

**سریبریکۆڤ:** هیچ و پووچترین زەلامە!

سۆنیا (کە لەسەر چۆک وەستاوە، ڕوو وەردەگێڕێ، بە شپرزەیی و چاوی بە فرمێسکەوە) باوکە، مرۆڤ دەبێ میهرەبانی لە دڵیدا بێت! من و خاڵە ڤانیا هێندە بەدبەختین! (دەیەوێ بەسەر پەژارە و نائومێدییەکەی خۆیدا زاڵ بێت) پیاو دەبێ بەزەیی لە دڵدا بێت! بیهێنەوە یادی خۆت، کاتێک تۆ گەنجتر بوویت، خاڵە ڤانیا و نەنکم شەوانە دادەنیشتن و کتێبیان بۆ تۆ وەردەگێڕا، کاغەزەکانی تۆیان سپینووس دەکردەوە.. هەموو شەوێک، هەموو شەوێک! من و خاڵە ڤانیا بێ پشوودان کارمان دەکرد، نەماندەوێرا کەپییکێک[10] بۆخۆمان خەرج کەین، هەموویمان بۆ

---

٩. فلیگێل، بینایەکی زیادەیە کە سەر بە ماڵ یان کۆشکێکی گەورەیە بەڵام لە دەرەوەی ماڵەوە دروست دەکرێت.

١٠. کەپێیک، یەکەیەکی پارەی ڕووسییە و هەر ١٠٠ کەپێیک ڕۆبڵێک پێک دەهێنێ.

تۆ دەنارد... ئێمە نانێکی خۆڕایسیمان نەخواردووە! هەرچەندە ئەمە ئەو شتە نییە کە من دەمەوێ بیڵێم، ئەوە نییە کە دەبێ بیڵێم، بەڵام، بابە، تۆ دەبێ لە ئێمە بگەیت، دەبێت مرۆڤ بەزەییی لە دڵیا بێت.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (بە شپرزەییییەوە بە مێردەکەی دەڵێ): ئەلیکساندەر، لە ڕای خوادا قسەی لەگەڵدا بکە و چارەیەک بدۆزنەوە.. تکات لێ دەکەم.

**سریبریکۆڤ:** باشە، قسەی لەگەڵدا دەکەم.. خۆ من هیچ گلەییم لێی نەبووە، من تووڕە نیم لێی، بەڵام خۆت بیلێ، ڕەفتارەکانی، بە لای کەمەوە، سەیرن. فەرموو وا من دەچم بۆ لای (لە دەرگای ناوەڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** کەمێک نەرمبە لەگەڵیدا، هێوری کەرەوە (بە دوایدا دەچێتە دەرەوە)

**سۆنیا** (خۆی دەنووسێنی بە مارینای دایەنەوە): دایە، دایە گیان!

**مارینا:** هیچ نییە، کۆرپەکەم. ئەو قازانە کەمێک بەسەر یەکدا دەقیڕێنن و بێدەنگی لێ دەکەن – تۆزێک دەقیڕێنن و دوایی واز دەهێنن..

**سۆنیا:** دایە گیان!

**مارینا** (دەست دەهێنێ بەسەریدا): وا دەلەرزیت وەک بڵێیت لە شەختەدا بیت. دەی، قەی ناکە، خوا میهرەبانە. ئێستا چایەکی گەرمت بۆ دەکەم بە مرەباوە، گەرمت دەبێتەوە و باش دەبیت... خەفەت مەخۆ کچم (سەیرێکی دەرگاکەی ناوەڕاست دەکات و بە تووڕەییییەوە دەڵێت) ئەو قازانە کردیانە چ گاڵەیەک، دەی قیرەتان ببڕێت!

لەپشت پەردەکەوە دەنگی تەقەی فیشەکێک دێت: هاواری یلێنا ئەندرێیەڤنا دەبیسترێت؛ سۆنیا ڕادەچەنێ.

دەک خوا..!

**سریبریکۆڤ** (بەڕاکردن خۆی دەکات بە ژووردا، لە ترساندا بەملا و لادا دەکەوێ): بیگرن، مەهێڵن! هەر بەجارێک شێت بووە!

یلێنا ئەندرێیەڤنا و ڤەینێتسکی لەناو دەرگاکەدا یەکانگیر بوون و لە زۆراندان.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (هەوڵ دەدات دەمانچەکەی لە دەست بستێنێ): بیدەرە دەستم، بەری دە، پێت دەڵێم!

**ڤەینێتسکی:** بەرم دە هێلێن! بەرم دەن (خۆی لەچنگی یلێنا ئەندرێیەڤنا دەردەهێنێ و ڕادەکات و چاو بۆ سریبریکۆڤ دەگێڕێ) کوانێ؟ ئا، ئەوەتا! (تەقەیەکی لێ دەکات) دەبڕۆ دەی! پشوویەک

بەری نەکەوت؟ ئەمجارەش نەمپێکا؟ دەک بەڵای شەیتانم لێ دایت (دەمانچەکە دەدا بە زەویدا و لە شەکەتیدا دادەڕمێتە سەر کورسییەک) سریبریکۆڤ حەپەساوە؛ یلێنا ئەندرێیەڤنا پاڵی داوە بە دیوارەکەوە، باری شێواوە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** لێرە مەمهێڵنەوە! بمبەنە شوێنێکی تر... بمکوژن.. چیم لێ دەکەن بیکەن، بەڵام من چیی تر ناتوانم لێرە بمێنمەوە، ناتوانم.

**ڤەینێتسکی** (بە نائومێدییەوە): ئای من چی دەکەم، من خەریکی چیم!

**سۆنیا** (بە دەنگێکی نزم): دایە گیان، دایە!

پەردە دادەدرێتەوە

## پەردەی چوارەم

ژوورەکەی ئیڤان پیترۆڤیچ؛ ئێرە هەم ژووری نووستنە و هەم ئۆفیسی مولّک و ماڵەکەیە. لەلای پەنجەرەکەوە مێزیکی گەورە دانراوە و ڕووەکەی بە تۆماری داهات و خەرجی و کاغەزی جۆرەوجۆر داپۆشراوە، چەند دۆلاب و ترازوویەک دەبینرێ. مێزێکی بچووکتر بۆ ئەستروٚڤ دانراوە؛ لەسەر ئەم مێزە ئامرازی وێنەکێشان و بۆیە، لە تەنیشت فایلێکەوە دانراوە. قەفەزێک ڕیشۆڵەیەکی تێدایە. نەخشەیەکی ئەفریقیا بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە و دیارە کەسێک نییە پێویستی پێ بێت. قەنەفەیەکی قوماش داپۆشراوی قەبە، لە نایلۆنی سەرمێز گیراوە. لەلای چەپەوە – دەرگایەک هەیە کە دەچێتەوە سەر ژوورەکانی تر، لەلای ڕاستەوە – دەرگایەکی تر کە دەچێتەوە سەر پێشەیوانەکە، لەلای ئەم دەرگایەوە بەڕەیەک داخراوە بۆ ئەوەی جووتیارەکان بە پێڵاوەکانیانەوە ژوورەکە پیس نەکەن – ئێوارەیەکی پایزە. دنیا کشوماتە.

تیلێگین و مارینا بەرامبەر یەک دانیشتوون و خەریکی گلۆڵەکردنی ڕیسی خورین.

**تیلێگین:** کەمێک خێراکەن، مارینا تیمافییەڤنا، ئەگینا ئێستا بانگم دەکەن بۆ ماڵئاواییکردن. فەرمانیان داوە ئەسپەکان ئامادەکرێن.

**مارینا** (هەوڵ دەدات خێراتر ڕیسەکە هەڵکات): هێندەی نەماوە.

**تیلێگین:** سەفەر دەکەن بۆ خارکەف، ئیتر لەوێ دەژین.

**مارینا:** ئێ، باشتر.

**تیلێگین:** زەندەقیان چوو.. یلێنا ئەندرێیەڤنا گوتی "بۆ تاکە سەعاتێکیش ناخوازم لێرە ببم... هەر دەڕۆین، دەڕۆین.. ماوەیەک لە خارکەف دەژین تا چاومان دەکرێتەوە، ئەوسا دەنێرین بە دوای شتەکانماندا..." سووکەڵە سەفەر دەکەن... دیارە، مارینا تیمافییەڤنا، لە چارەنووسیاندا نەبووە لێرە بژین... چارەنووس نەخشێکی تری بۆ دارشتوون..

**مارینا:** هەر چاکتریش کە وا دەبێت، چ هەلاّ و ئاشووبێکیان هەڵگیرسان، تەقە و زرمە، هەر بە جارێک ئابڕووچوون بوو!

**تیلێگین:** بەڵێ، دیمەنێک بوو شایانی فڵچەکەی ئایڤەزۆفسکی بوو[1]

**مارینا:** خۆزگە هەر چاوم بە چاویان نەکەوتایە.

پشوویەک

ئیتر دەگەڕێینەوە بۆ ژیانی پێشووی خۆمان. بەیانییان سەعات هەشت چا دەخۆینەوە، سەعات یەک نانی نیوەڕۆ، ئێوارانیش پێکەوە نانی شێوان دەخۆین، وەکو ئەو هەموو خەڵکی خوایە (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) دەمێکە، بە ناشکوری نەبێ شۆربایەکی مەکەرۆنەم نەخواردووە.

**تیلێگین:** ڕاستە، دەمێکە لای ئێمە مەکەرۆنە لێ نەنراوە.

پشوویەک

دەمێکە... ئەم بەیانییە، مارینا تیمافییەڤنا، بەناو دێیەکەدا

---

١. ئایڤەزۆفسکی، نیگارکێشێکی جیهانی ڕووسە (١٨١٧-١٩٠٠)، زیاتر ناسراوە بە نەخشاندنی تابلۆی دیمەنی دەریا و پاپۆڕ و جەنگە دەریاییەکان.

دەڕۆیشــتم، کـابرای بەقـاڵ بە دوامــدا هاواری کــرد "ئەرێ تۆ، خواردەلەمیش!" مەپرسە چەند لە بەردڵم گران بوو!

**مــارینا:** جـا تۆش، بـاوکـەکـەم، گـوێ مــەدەرێ، ئێــمــە هەمــوومــان خواردەلەمیشی لای خواین، چ تۆ، چ سۆنیا، چ ئیڤان پیترۆڤیچ کـەسـیـشـمـان بێکاروکردە دانەنیشـتووین، هەمـوومـان ڕەنج دەدەین! هەمووماں.. ئەی سۆنیا لە کوێیە؟

**تیلێگین:** لە باخـچەکـەدایە. لەگـەڵ دوکتـۆردا دەسـووڕێتـەوە، بە دوای ئیڤان پیترۆڤیـچدا دەگەڕێن، ترسی ئەوەیان هەیە نەبا دەستی بچێتە خۆی.

**مارینا:** ئەی دەمانچەکەی لە کوێیە؟

**تیلێگین** (بە چرپە): لە ژێرزەمینەکەدا شاردوومەتەوە.

**مارینا** (بە لاقرتییەوە): ئای باوانێکتە.

ڤەینێتسکی و ئەستروڤ لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە

**ڤەینێتسکی:** لێم گەڕێ. (ئینجا بە مارینا و تیلێگین دەڵێت) بڕۆن لێرە، هیچ نەبێ سـەعـاتێک بە تەنیا جـێم هێـڵن! ئەوەی بۆم هەمـوار ناکرێت ئەوەیە کەسێک خۆی بکاتە سەرپەرشتیارم.

**تیلێگین:** هەر ئێستا، ڤانیا (لەسەر نووکی پێ دەچێتە دەرەوە)

**مارینا:** قـازەکە: قـیق، قیق، قـیق! (خـورییەکەی کۆ دەکاتەوە و دەچێتـە دەرەوە)

**ڤەینێتسکی:** لە کۆڵم بەرەوە!

**ئەسـتـرۆڤ:** بەوپەڕی خـۆشـیـیـەوە، من هـەر دەمـێکە کـاتی ڕۆیشـتنم هـاتووە، بەڵام دیسانەوە دەیڵێمەوە، من لێرە ناڕۆم ئەگەر ئەوەی بردووتە نەمدەیتەوە.

**ڤەینێتسکی**: من هیچم لە تۆ نەبردووە.

هەردووکیان دادەنیشن

**ئەستڕۆڤ**: ئاوا؟ چار چییە، کەمێکی تریش چاوەڕێ دەکەم، دوای ئەوە دەبێ بمبووری، ناچار دەبم بە زۆر لێت بسەنمەوە. پەلگیرت دەکەم و دەتپشکنم، هەر زۆر بە جیدیشمە.

**ڤەینێتسکی**: بە ئارەزووی خۆت بکە.

پشوویەک

وەرە زەلام ئەوەندە تەپۆ بیت: دووجار تەقە بکەی هیچیان نەیپێکێ، لەسەر ئەمەیان هەرگیز لە خۆم خۆش نابم!

**ئەستڕۆڤ**: جا هەر زۆر حەزت لە تەقە بوو، فیشەکێکت بنایە بە ناوچەوانی خۆتەوە.

**ڤەینێتسکی** (شان هەڵدەتەکێنێ): بەڵام سەیرە، من بە قەستی کوشتن تەقەم لێ کرد، کەچی نایەن بمگرن، یان بمدەن بە دادگا. کەواتە دیارە بە شێتم دادەنێن. (پێکەنینێکی شەڕەنگێزانە) من – شێتم، بەڵام ئەوانەی لەژێر نازناوی پرۆفیسۆری و زاناییدا، بێبەهرەیی و گەمژەیی و دڵڕەقێتیی خۆیان دەشارنەوە کەسانێکی ئاسایی و تەواون. من بینیمن، بینیم چۆن تۆ باوەشت پێدا کردبوو!

**ئەستڕۆڤ**: ئێ چاکە، باوەشم پێدا کردبوو! تۆش هەر ئەمەت بۆ مایەوە (بە دەست ئاماژەی لووتێکی درێژی بۆ دەکات)[٢].

٢. ئاماژەکردنی لووتێکی درێژ کاتێک دەکرێت کە کەسێک فێڵێکی لە کەسێکی تر کردبێت و بیەوێ گاڵتەی پێ بکات و بڵێ: تازە دەستت لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە.

**ڤەینێتسکی** (سەیری دەرگاکە دەکات): نەخێر، ئەم دنیایە دنیایەکی بێمێشکە کە ڕێگە دەدا کەسانی وەک ئێوە بەسەر ڕوویەوە بگەڕێن.

**ئەستروٚڤ:** توٚش هەر لە قسەی قوٚڕت داوە!

**ڤەینێتسکی:** ئێ چی تیایە - گەر من شێت بم و قسەم لێ نەگیرێ، مافی ئەوەشم هەیە قسەی قوٚڕیش بکەم.

**ئەستروٚڤ:** واز لەو سوعبەتە کوٚنە بێنە! توٚ شێت نیت، توٚ هەر سەمەرەیت، مەسخەرەیەکی بێفەڕیت! جاران ئەوانەی سەیروسەمەرە بوونایە بە نەخوٚش و نائاساییم لەقەڵەم دەدان، بەڵام ئێستا لەو بڕوایەدام کە دوٚخی ئاساییی مروٚڤ ئەوەیە سەیروسەمەرە بێ، جا بوٚیە توٚ مروٚڤێکی تەواو ئاساییت.

**ڤەینێتسکی** (بە دەستەکانی دەموچاوی خوٚی دەشارێتەوە): شەرمەزارم! خوٚزگە دەتزانی چەند شەرمەزارم! ئەو هەستە تیژەی شەرمەزاریتی لەگەڵ هیچ ئازارێکی تردا بەراورد ناکرێت (بە پەژارەوە) ناهەمـوارە! (خوٚی بەسەر مێزەکەدا شوٚڕ دەکاتەوە) باشە من چی بکەم؟ چی؟.

**ئەستروٚڤ:** هیچ مەکە.

**ڤەینێتسکی:** دە شتێکم پێ بڵێ! ئاخ، خوایە، من چل و حەوت ساڵم؛ گریمان وا من شەست ساڵ ژیام، واتە هێشتا سێزدە ساڵم ماوە لە ژیاندا. دەزانی چەند زوٚرە! باشە من چی بکەم؟ بە چی ئەو ماوەیە پڕکەمەوە؟ لێم تێ دەگەیت... (دەستی ئەستروٚڤ بە توندی دەگوشێ) تێ دەگەی، هیچ نەبوایە ئەو ماوەیەی ماومە لە ژیاندا بە شێوەیەکی تر بژیامایە. ئەگەر پیاو بەیانییەکی ڕوٚشن

و بێدەنگ لە خەو بە ئاگا بهاتایەوە و هەستی بکردایە کە ژیان سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەی ڕۆیشتووە لە یاد چووەتەوە و وەک تەمێک ڕەویوەتەوە. (دەست دەکات بە گریان) ژیانێکی نوێم دەست پێ بکردایەوە... دە پێم بڵێ.. چۆن دەست پێ بکەمەوە... لە چییەوە دەست پێ بکەم...

**ئەستروڤ** (بە کەسەرێکەوە): دە لێ گەڕێ! کام ژیانی نوێ! باری ژیانی من و تۆ هیوای تیا نەماوە!

**ڤەینێتسکی**: بە ڕاست؟

**ئەستروڤ**: هیچ گومانێکم نییە لەوە.

**ڤەینێتسکی**: دە شتێکم پێ بدە... (پەنجە بۆ دڵی خۆی ڕادەکێشێ) ئاخر ئەمەم ژان دەکات.

**ئەستروڤ** (بە تووڕەیییەوە دەقیژێنێ): دە بیبڕەوە! (کەمێک هێورانەتر) ئەوانەی سەد یان دووسەد ساڵی تر دوای ئێمە دێنە ژیانەوە و بە سووکایەتییەوە بیرمان لێ دەکەنەوە، چونکە ژیانی خۆمان وا بێمێشکانە و بێتام بردووەتە سەر – ئەوان ڕەنگە شێوازێک بدۆزنەوە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە، بەڵام ئێمە... من و تۆ تەنیا یەک هیوامان ماوە.. هیوای ئەوە کە کاتێک لە گۆڕەکانماندا لێی ڕادەکشێین، ڕەنگە خەیاڵاتێک سەرمان لێ بدەن، دەشێ خەیاڵاتێکی خۆشیشبن. (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ). بەڵێ برای خۆم. لە هەموو ناوچەکەدا دوو ڕووناکبیر هەبوون: یەکێکیان من و ئەویتریشیان تۆ. بەڵام بە ماوەی دە ساڵێک ژیانی خەڵکە عادەتییەکە، ژیانە بێفەڕەکە ڕاپێچی کردین و هاڵاوی بۆگەنی ئەو ژیانە خوێنی ژەهراوی کردین و ئێمەش وەک هەموو

خەڵکەکەی تر بووینە کەسانێکی پڕوپووچ و بێبەند و باو. (بە گەرمییەوە) بەڵام تۆ مەمخەڵەفێنە. ئەوەی بردووتە بیدەرەوە دەستم.

**ڤەینیێتسکی:** من هیچم لێ نەبردووی.

**ئەستروّف:** تۆ شووشەیەکی پڕ لە مۆرفینت لە جانتاکەم بردووە.

پشوویەک

گوێ بگرە، ئەگەر هەر زۆر مەبەستیشتە کۆتایی بە ژیانی خۆت بهێنیت، فەرموو ملی ڕێ بگرە و بچۆ بۆ دارستانەکە و لەوێ فیشەکێک بنێ بە ناوچەوانتەوە. هەرچی مۆرفینەکەشە ئەوا بیدەرەوە بە خۆم، ئەگینا قسە و قسەڵۆک و ڕەمڵلێدانی لێ دەکەوێتەوە و دەڵێن کە من داومە بە تۆ، من هەر ئەوەندەم پێ دەکرێت کە بە ناچاری پاش مەرگت زگت هەڵدڕم... تۆ وا دەزانی ئەوە کارێکی هێندە خۆشە؟

سۆنیا دێتە ژوورەوە.

**ڤەینیێتسکی:** لێم گەڕێ.

**ئەستروّف** (بە سۆنیا دەڵێت): سۆفیا ئەلیکساندرەڤنا، خاڵتان شووشەیەک مۆرفینی لە جانتاکەم دەرهێناوە و نامداتەوە. پێی بڵێن کە ئەوە کارێکی ژیرانە نییە، جگە لەوەش من کاتم نییە، دەبێ بەڕێ کەوم.

**سۆنیا:** خاڵە ڤانیا، تۆ مۆرفینەکەت بردووە؟

پشوویەک

**ئەستروّف:** ئەو بردوویەتی، من دڵنیام لەوە.

**سۆنیا:** دە بیدەرەوە، بۆ لە خۆڕا دەمانتۆقێنی؟ (بە میهرەبانییەوە)

بیدەرەوە، خاڵە ڤانیا! ڕەنگە من لە تۆ کەمتر بەدبەخت نەبم، بەڵام خۆ خۆم نادەمە دەست نائومێدی، من دانم بە خۆمدا گرتووە و بەردەوامیش دەبم تا ئەو کاتەی ژیانم خۆی کۆتایی دێت، تۆش وەک من دان بەخۆتدا بگرە.

پشوویەک

دە بیدە بە من! (دەستەکانی ماچ دەکات) خاڵە گیانەکەم، خاڵە باش و میهرەبانەکەم، بیدەرە دەستم (دەگری) تۆ دڵت باشە، خۆت بەزەییت دەجووڵێ و دەماندەیتێ. بەپشوو بە خاڵە! بەپشوو بە!

**ڤەینیتسکی** (لە مێزەکە شووشەیەک دەردەهێنێ و دەیدات بە ئەستروڤ): ها، بیگرە! (ئینجا بە سۆنیا دەڵێت) بەڵام دەبێ خێرا بکەوینە کار، دەبێ خێرا شتێک بکەین، ئەگینا ناتوانم... ناتوانم...

**سۆنیا:** باشە، باشە، دەکەوینە کار. هەرکە ئەوانەی خۆمانمان بەڕێ کرد، دەکەوینە کار.. (بە شپرزەییەوە کاغەزەکانی سەر مێزەکە ڕێک دەخات) هەموو کارەکانمان کەوتوون بەسەر یەکدا.

**ئەستروڤ** (شووشەی مۆرفینەکە دەخاتەوە جانتای دەرمانەکانی و قایشەکەی توند دەکات): ئێستا ئیتر دەتوانم بکەومە ڕێ.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (دێتە ژوورەوە): ئیڤان پیترۆڤیچ، ئەوە لێرەن؟ ئێمە ئێستا دەکەوینە ڕێ، بڕۆن بۆ لای ئەلیکساندەر، ئەو دەیەوێ شتێکتان پێ بڵێت.

**سۆنیا:** دە بڕۆ، خاڵە ڤانیا (قۆڵ دەکات بە قۆڵی ڤەینیتسکیدا) تۆ و بابە دەبێ ئاشت ببنەوە، ئەوە کارێکی پێویستە.

سۆنیا و ڤەینێتسکی دەچنە دەرەوە

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** من سەفەر دەکەم. (دەستی بەرەو ئەستروٚڤ درێژ دەکات) ماڵئاوا.

**ئەستروٚڤ:** هەر وا زوو.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەسپەکان ئامادە کراون.

**ئەستروٚڤ:** دە ماڵئاوا.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** ئەمڕۆ ئێوە بەڵێنتان دامێ کە ئێرە جێ هێڵن.

**ئەستروٚڤ:** لە یادمە، من ئێستا دەڕۆم.

پشوویەک

ئێوە ترسان؟ (دەستی دەگرێت) ئایا ئەوە هێندەش ترسناکە؟

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** بەڵێ.

**ئەستروٚڤ:** ئەگینا دەمانەوە! وایە؟ سبەینێ لە بنکەی نەمامنێژییەکە...

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** نا... تازە ئەوە بڕیار دراوە. بۆیە منیش وا ئازایانە لێتان دەڕوانم، چونکە تەنانەت وادەی سەفەریش بڕیار دراوە... من تەنیا یەک داخوازیم هەیە لە ئێوە: خراپ بیرم لێ مەکەنەوە... دەمەوێ ڕێزم لێ بگرن

**ئەستروٚڤ:** ئاخ (بە دەست ئاماژەیەکی سەبرنەمان دەنوێنێ): لێرە بمێننەوە، تکاتان لێ دەکەم. ددانی پێدا بنێن کە ئێوە لەم دنیایەدا هیچ کارێکتان نییە ئەنجامی بدەن، ئامانجێکی دیاریکراوی ژیانتان نییە، شتێک نییە سەرنجتان ڕاکێشێ، جا ئیتر زوو بێ یان درەنگ، دەبێ خۆتان بدەن بە دەست هەستەکانتانەوە، ئەمە شتێکە هەر دەبێ ببێت، جا چاکتر وایە

ئەوەش لە خارکەف نەبێت، یان لەلایەکی کورسکدا، بەڵکو لێرە بێت، لە ئامێزی سروشتدا.... هیچ نەبێ شاعیرانەیە... لێرە تەنانەت پاییزیش جوانە.... ئێرە بنکەی نەمامنێژییەکەی لێیە، کۆشکی نیمچە دارماوی لێیە، هەر بەپێی چێژی تورگێنیڤانەیە[3]

**یلێنا ئەندرێیەڤنا**: چەند کابرایەکی سەیرن.. من تووڕەم لێتان... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا... بە خۆشییەوە دێنەوە یادم. ئێوە مرۆڤێکی سەرنجراکێشن، دەگمەنن. ئێمە جارێکی تر چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە، جا بۆیە هیچ هۆیەک نییە تا بیشارمەوە، من تەنانەت کەمێکیش خولیای ئێوەم کەوتبووە خەیاڵەوە، جا با تەوقەیەک لەگەڵ یەکتردا بکەین و وەک دۆست لێک جیا بینەوە.

**ئەستروڤ** (دەستی دەگوشێ): چاکە، ئۆغرکەن.. (بەدەم بیرکردنەوەوە) لە سەرێکەوە ئێوە مرۆڤێکی چاک و میهرەبانن، بەڵام وەک بڵێیت شتێکی سەیر و نامۆ لە هەموو ناختاندا هەیە. فەرموو، ئێوە و مێردەکەتان هاتن بۆ ئێرە و هەموو ئەوانەی لێرە دەژین کاریان دەکرد و خۆیان دەرەتاند، شتێکیان دەخوڵقاند و دەبوایە کاروباری خۆیان واز لێ بێنن و خەریکی ئێوە و دەردە جومگەی مێردەکەتان بن. ئێوەش هەردووکتان، خەڵکەکەتان تووشی کەمتەرخەمی و دەستبەتاڵییەکەی خۆتان کرد. من خۆیشم تێوەگلام، مانگێکی تەواو هیچم نەدەکرد، هەر لە هەمان کاتیشدا خەڵکی نەخۆش دەکەوتن، جووتیارەکان ئاژەڵەکانیان لە دارستانەکانمدا دەلەوەڕاند.. جا بۆیە ئێوە و مێردەکەتان

٣. تورگێنێڤ، گەورە نووسەرێکی رووسە (١٨١٨-١٨٨٣) و دەستێکی باڵای هەیە لە وەسفی سروشتدا.

ڕووبکەنە هەر شوێنێک هەر وێرانی لەگەڵ خۆتاندا دەهێنن..
بێگومان من سوعبەت دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا .. سەیرە، من
دڵنیام ئەگەر ئێوە بمانایەتەوە ماڵوێرانییەکی زەبەند ڕووی دەدا.
منیش سەرم تیا دەچوو... ئێوە خۆیشتان بە سەلامەتی
دەرنەدەچوون. جا بۆیە ئۆغر بکەن، کۆمێدیاکە کۆتاییی هاتووە[٤]

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (قەڵەمێک لەسەر مێزەکەی ئەستروۆڤ هەڵدەگرێ و
دەیشارێتەوە) ئەو قەڵەمە وەک یادگارێک دەبەم.

**ئەستروۆڤ:** کەمێک سەیرە... ئێمە دۆستی یەکتری بووین، کەچی لە پڕ
و لەبەر هەر هۆیەک بێت چیی تر چاومان بە یەک ناکەوێتەوە...
هەموو شتێک لەم دنیایەشدا هەروایە... جا تا کەس لێرە نییە،
تا خاڵە ڤانیاش بە چەپکێک گوڵەوە نەهاتووەتەوە... ڕێگەم
بدەن... ماچتان کەم... ماچی ماڵئاوایی... ها؟ (ڕوومەتی ماچ
دەکات).. ئێ تەواو.. زۆر باشە.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** خوازیاری هەموو شتێکی باشم بۆتان (بە دەوری
خۆیدا دەڕوانێ) دەی با وابێ.. یەکجار لە ژیاندا! (بە سۆزەوە
باوەشی پێدا دەکات، یەکسەریش لە یەک دوور دەکەونەوە) دەبێ
بەڕێ کەوم.

**ئەستروۆڤ:** تا زووە بەڕێ کەون. ئەگەر ئەسپەکان ئامادە کراون بکەونە
ڕێ.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا:** پێ دەچێ، کەسێک بەرەو ئێرە بێت.

هەردووکیان گوێقولاغ دەبن

---

٤. "شانۆگەرییەکە کۆتایی هات" لە دەقەکەدا بە ئیتالی هاتووە:
Finita la commedia! .

**ئەستروڤ**: تەواو![5]

سـريبـريكۆڤ، ڤـەينێـتـسكی، مـاريا ڤـاسـيلـێـڤنا بـە خـۆی و کتێبێکەوە، تيلێگين و سۆنيا دێنە ژوورەوە

**سريبريکۆڤ** (بە ڤەينێتسکی دەڵێت): خوا ئەوەمان بگرێت کە شەڕ و کينە دەگرێتە دڵ. پاش ئەوەی لەم چەند سەعاتەی دواييدا ڕووی دا، هێندە ئازارم چێـژت و هـێندە بيـرم کـردەوە، کـە دەتوانم هێندەی تەوراتێک ئامـۆژگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسـمەوە سـەبارەت ئەوەی چۆن دەبێ بژين. من بـە خـۆشـيـيـەوە داوای لێبووردنەکەت قبـووڵ دەکەم و خـۆيشـم داوای بەخـشينم دەکـەم. بە دۆعا! (لەگەڵ ڤەينێتسکيدا سێ جار ئەملا و لای يەکتر ماچ دەکەن).

**ڤـەينێتسکی**: تۆ ڕێکوپێک ئـەوەی جاران وەرت دەگرت، ئێسـتـاش هـەر وەری دەگری. هـەموو شت وەک خۆی لێ دێتەوە.

يلێنا ئەندرێيەڤنا باوەش دەکات بە سۆنيادا

**سريبريکۆڤ** (دەستی ماريا ڤاسيلێڤنا ماچ دەکات): دايە....

**مـاريا ڤـاسـيلێـڤنا** (مـاچی دەکـات): وێنەيەکی خـۆتان بگرنەوە و بۆم بنێرن. خۆتان دەزانن ئێوە چەند ئازيزن لای من.

**تيلێگين**: ماڵئاوا، جەنابی عاليولەقام! لە يادمان مەکەن!

**سريبـريکۆڤ** (سـۆنيـای کـچی مـاچ دەکـات): مـاڵـئـاوا.. هـەمـووتان بە دۆعـا! (تەوقـە لەگـەڵ ئەسـتـروڤـدا دەکـات): سـوپاسـی لوتف و خۆشمەشرەبيتان دەکەم. من ڕێزم هەيە بۆ شێوازی بيرکردنەوە

[5]. لە دەقەکەدا بە ئيتاڵی هاتووە:

FINITA!

و جۆری سەرقاڵی و سەرگەرمییەکانتان، بەڵام ڕێگە بەم پیرەمێردە بدەن لە دوا وشەی ماڵئاواییدا یەک سەرنجی بچووک بدات: بەڕێزان، دەبێ کار بکرێ! کار دەبێ ئەنجام بدرێ! (خۆی ڕووەو هەموویان دەنوشتێنێتەوە) سەرفراز بن! (دەچێتە دەرەوە؛ ماریا ڤاسیلێڤنا و سۆنیاش بە دوایدا دەڕۆن)

**ڤەینێتسکی** (توند دەستی یلێنا ئەندرێیەڤنا ماچ دەکات): ماڵئاوا... بمبەخشن.. ئێمە ئیتر هەرگیز چاومان ناکەوێتەوە بە یەکتری.

**یلێنا ئەندرێیەڤنا** (هەستی بزواوە): بە دۆعا.. ئازیزم (سەری ماچ دەکات و دەچێتە دەرەوە)

**ئەستروّڤ** (بە تیلێگین دەڵێ): ئادەی، چۆرەکی کونجی، بڵێ با یەکجاری ئەسپەکان بۆ منیش بهێنن.

**تیلێگین**: ئەمرەکەی، براله (دەچێتە دەرەوە)

تەنیا ئەستروّڤ و ڤەینێتسکی دەمێننەوە.

**ئەستروّڤ** (بۆیەکان لەسەر مێزەکە کۆ دەکاتەوە و دەیانخاتە جانتاکەیەوە): ئەی بۆ ناچیت بە ڕێیان کەیت؟

**ڤەینێتسکی**: با بڕۆن... بەڵام من.. من ناتوانم، زۆر سەختە بۆم. بە زووترین کات دەبێ خۆم سەرقاڵی شتێک بکەم. کار بکەم، کار! (بە ناو کاغەزەکانی سەر مێزەکەدا دەگەڕێ)

پشوویەک؛ دەنگی زەنگوڵەی ئەسپەکان دێتە گوێ

**ئەستروّڤ**: وا ڕۆیشتن، بێگومان جەنابی پرۆفیسۆر دڵشادە، ئەم جارە بە کولێرە بە ڕۆنیش نایهێنیتەوە ئێرە.

**مارینا** (دێتە ژوورەوە): ڕۆیشتن (لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ و خەریکی گۆرەوی چنینە)

**سۆنیا** (دێتە ژوورەوە): ئۆغریان کرد (چاوەکانی دەسرێت) خوا بکات بە سەلامەتی بگەن.(ئینجا بە خالی دەڵێ): دەی خاڵە، سا با شتێک بکەین.

**ڤەینێتسکی:** ئا، با کار بکەین، کار...

**سۆنیا:** دەمێکە لە دەوری ئەم مێزە کۆنەبووینەتەوە (گلۆپێکی سەر مێزەکە دادەگیرسێنێ) وا دیارە مەرەکەبەکە تەواو بووە... (شووشەی مەرەکەبەکە دەبات بۆ لای دۆڵابەکە و مەرەکەبی تێ دەکات) دەزانن، من دڵم تەنگە کە ڕۆیشتوون.

**مارینا ڤاسیلیێڤنا** (لەسەرخۆ دێتە ژوورێ): ڕۆیشتن! (دادەنیشی و یەکسەر سەرقاڵی خوێندنەوە دەبێت)

**سۆنیا** (لای مێزەکە دادەنیشێ و پەڕەکانی دەفتەری ژمێریارییەکە هەڵدەداتەوە): خاڵە ڤانیا، بەر لە هەموو شتێک وەسڵەکان دەنووسین. زۆر خراپ پشتگوێمان خستوون. ئەمڕۆ دیسانەوە ناردبوویان بە دوای وەسڵەکاندا. بنووسە. تۆ وەسڵێک بنووسە، من یەکێکی تر دەنووسم.

**ڤەینێتسکی** (دەنووسێت): "وەسڵی.. بەڕێز.."

هەردووکیان بە بێدەنگی دەنووسن

**مارینا** (باوێشک دەدات): کاتی لایلایەکەم هاتووە

**ئەستروٚڤ:** بێدەنگییە. جیڕەی خامەکان دێت، دەنگی سیسرکەکان دێتە گوێ، گەرمە، خۆشە. پیاو ئارەزووی نییە لێرە بڕوات.

دەنگی زەنگوڵە دێت

هاوڕێیانم، وا ئەسپەکان دەهێننە بەرەوە، ماوەتەوە ماڵئاواییتان

لێ بکەم، ماڵئاوایی لە مێزەکەم بکەم و بکەومە ڕێ! (نەخشەکان دەخاتە ناو فایلێکەوە)

**مارینا:** جا بۆ وا پەلەت پێ کەوتووە؟ دانیشتیتایە جارێ.

**ئەستروٚڤ:** نابێ.

**ڤەینێتسکی** (دەنووسێت): "لە قەرزە کۆنەکەش دوو ڕۆبڵ و حەفتا و پێنج کەپێیک ماوەتەوە"

یەکێک لە ئیشکەرەکان دێتە ژوورەوە

**ئیشکەرەکە**: میخاییڵ لڤۆڤیچ، ئەسپەکان هێنراون.

**ئەستروٚڤ:** گوێم لێ بوو (جانتای دەرمانەکان و جانتای سەفەرەکەی و فایلەکە دەداتە دەستی)

**ئیشکەرەکە**: ئەمرەکەی. (دەچێتە دەرەوە)

**ئەستروٚڤ:** ئاووا.. (دەچێ ماڵئاوایی بکات)

**سۆنیا:** ئیتر کەی چاومان بە یەک دەکەوێتەوە؟

**ئەستروٚڤ:** بڕوا ناکەم پێش هاوین، ئەستەنگە لە زستاندا بتوانین، بێگومان ئەگەر شتێک ڕووی دا، هەواڵم بدەنێ، ئەوا دێم (تەوقەی لەگەڵدا دەکات) سوپاس بۆ نان و نمەکتان... سوپاسی میهرەبانیتان دەکەم.. بە کورتی سوپاس بۆ هەموو شتێک. (دەچێتە لای مارینای دایەن و سەری ماچ دەکات) ماڵئاوا، پیرێژنەکەم

**مارینا:** هەروا بە بێ چاخواردنەوەش دەڕۆیت؟

**ئەستروٚڤ:** چام ناوێ، دایە.

**مارینا:** دە باشە، ئەی ڤۆدکا؟

**ئەستروّڤ** (بە دوودڵییەوە): خۆ ڕەنگە خراپ نەبێ..

مارینا دەچێتە دەرەوە

(پاش کەمێک بێدەنگی): ئەسپەکەی لاتەنیشتی گالیسکەکەم کەمێک کەوتووەتە شەلین. هەر دوێنێ سەرنجم دا، کاتێک پیتروشکا[٦] بردی ئاوی بداتێ.

**ڤەینێتسکی:** پێویستە ناڵ بکرێتەوە.

**ئەستروّڤ:** دەبێ لە جەژندا[٧] بچمە لای کابرای ناڵبەند. چارێکی ترم نییە (لە نەخشەکەی ئەفریقیا نزیک دەبێتەوە و تێی دەڕوانێ) دەبێ ئێستا، ئا لەم ئەفریقیایە، گەرمایەکی عەجایەب بێت -! ترسناکە.

**ڤەینێتسکی:** بەڵێ. ڕەنگە وابێ.

**مارینا** (بە سینییەکەوە گەڕاوەتەوە کە پێکێک ڤۆدکا و پارچەیەک نانی لەسەرە): دە بیخۆرەوە.

ئەستروّڤ ڤۆدکاکە دەخواتەوە

نۆشی گیانت بێت، باوکەکەم (خۆی دەچەمێنێتەوە) تۆ نانەکەشت پێوە بخواردایە.

**ئەستروّڤ:** نا، واش هەر باشە. ئیتر خۆشیتان! (بە مارینا دەڵێ) بەڕێم مەکە، دایە. پێویست ناکات.

دەچێتە دەرەوە؛ سۆنیا بە مۆمێکەوە بەدوایدا دەڕوا تا بەڕێی بکات؛ مارینا دەچێتەوە سەر کورسییەکەی خۆی.

**ڤەینێتسکی** (دەنووسێ): "دووی فیبرایەر بیست هۆقە ڕۆن.. شازدەی

٦. پیتروشکا: ناسککراوەی ناوی پیۆتەرە.

٧. لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا.

فیبرایەر، دیسانەوە بیست هۆقەی تر ڕۆن.. لەتکە گەنم..."

پشوویەک، دەنگی زەنگوڵە دێتە گوێ.

**مارینا:** ئەویش کەوتە ڕێ

پشوویەک

**سۆنیا** (دەگەڕێتەوە و مۆمەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ): ڕۆیشت...

ڤەینێتسکی (حیسابەکانی کۆ کردووەتەوە و ئەنجامەکانیان تۆمار دەکات) هەمووی دەبێتە.. پازدە... بیست و پێنج.

سۆنیاش دادەنیشێ و دەکەوێتە نووسین

**مارینا** (باوێشک دەدات): خوایە بە گوناهی نەگری لێمان..

تیلێگین لەسەر نووکی پێ دێتە ژوورێ، بێدەنگ لای دەرگاکەوە دادەنیشێ و گیتارەکەی ساز دەدات.

**ڤەینێتسکی** (بە سۆنیا دەڵێ، بە دەم دەستهێنان بە قژیدا): کیژەکەی خۆم، ئای کە دڵتەنگم، گەر دەتزانی چەند دڵم تەنگە!

**سۆنیا:** ئەی چی بکەین، دەبێ بژین!

پشوویەک

ئێمە، خاڵە ڤانیا، ژیانی خۆمان دەژین. چەندین ڕۆژی لە ژماردن نەهاتوو، چەندین ئێوارەی دوور و درێژ دەژین؛ بە پشوویەکی درێژەوە بەو تاقیکردنەوانەی ژیاندا تێ دەپەڕین، کە چارەنووس بۆی دەستنیشان کردووین، تەنانەت لە پیریشدا سەرەوتمان نابێت، کە کاتیشمان هات دەمرین و لە گۆڕەکانماندا دەڵێین کە ئێمە ناخۆشیمان زۆر چەژتووە، زۆر گریاوین و تاڵی زۆر چووە بە قورگماندا، ئەو کات خوا بەزەیی

پێماندا دێتەوە و ئیتر من و تۆ، خاڵە گیان، خاڵە میهرەبانەکەم، ژیانێکی ڕۆشن و قەشەنگ و پڕجوانی دەبینین و بگرە بە هەستێکی پڕ نیانی و بزەی سەر لێوەوە ئاوڕ لەم ئێش و ئازارەی ئێستامان دەدەینەوە و ئیتر دەحەوێینەوە. من باوەڕم هەیە، خاڵە، باوەڕێکی گەرم و بەهێز.. (دەچێتە سەر چۆک لە بەردەمی خاڵیدا و سەری دەخاتە سەر دەستەکانی؛ بە دەنگێکی ماندووەوە دەڵێ) دەحەوێینەوە.

تیلێگین گیتارەکە لێ دەدا

ئێمە دەحەوێینەوە! گوێ لە فریشتەکان دەگرین، هەموو ئاسمان لە ئەڵماس دەگیرێ، ئێمە دەبینین کە هەرچی خراپەی ئەم دنیایەمان هەیە، هەموو ئازار و ئەشکەنجەکانمان، نوقمی ئەو دەریای بەزەیی و میهرەبانییە دەبن کە هەموو جیهان دادەپۆشێ و، ژیانمان ئارام و ئاسوودە و شیرین دەبێت. من باوەڕم هەیە، من گیانم پڕ لە باوەڕە... (بە دەستەسڕێک فرمێسکەکانی خاڵی دەسڕێ) تۆ خۆشیت لە ژیانی خۆت نەبینیوە، بەڵام چاوەڕێبە... خۆت دەیبینی... ئێمە دەحەوێینەوە (باوەشی پێدا دەکات) ئێمە دەحەوێینەوە...

پاسەوانەکە بۆ هاودەنگی تەپە لە شتێکەوە دەهێنێ

تیلێگین بە نزمی گیتارەکەی لێ دەدات؛ ماریا ڤاسیلێڤنا شتێک لە پەراوێزی نامیلکەکە دەنووسێ؛ مارینا خەریکی گۆرەوی چنینە.

... ئێمە دەحەوێینەوە.

پەردەکە لەسەرخۆ دادەدرێتەوە

## لیستی بەخشەکانی زنجیرەی شانۆی بیانی

١. مۆسیقای بێ دەنگ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دانا رەئووف
٢. کۆتاییی گەمە، نووسینی: سامۆیێل بێکێت، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٣. کوێرەکان، نووسینی: مۆریس مەتەرلینگ، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٤. مارا-ساد، نووسینی: پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٥. سۆناتای تارمایی، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا قادر دانساز
٦. کەڵک، نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری، وەرگێڕانی: خەبات عارف
٧. مەرگەساتی شالیر، نووسینی: شێکسپیر، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
٨. مەرگی کریشنا، نووسینی: ژان کلۆد کارێر و ماری هێلین ئێستیان، وەرگێڕانی: مستەفا قەسیم
٩. شەڕ، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
١٠. فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، نووسینی: فریدریش دێرینمات، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن
١١. گوێ بگرە عەبدولسەمیع، نووسینی: عەبدولکەریم بەرشید، وەرگێڕانی: فاررووق هۆمەر
١٢. لێگەڕێن مرۆڤ بژی، نووسینی: پێیر لاگەرکڤیست، وەرگێڕانی: خەبات عارف
١٣. پایەکانی کۆمەڵگا، نووسینی: هێنریک ئیپسن، وەرگێڕانی: هاودەمساڵح جاف
١٤. مردنی دێوەرەیەک، نووسینی: ئارسەر میللەر، وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
١٥. کەسێک هەر دێ، نووسینی: یۆن فۆسە، وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
١٦. پەرجوو، نووسینی: لاش نۆرین، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

١٧. سەراییدار. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: ڕێبوار رەشید
١٨. مردن و پاکیزە. نووسینی: ئێریەڵ دۆرفمەن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
١٩. هاملێت. نووسینی: شێکسپیر. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٠. سێ خوشک. نووسینی: چێخەف. وەرگێڕانی: جەلال تەقی
٢١. لە چاوترووکانێکدا. نووسینی: پیتەر ئاسمۆسن. وەرگێڕانی: بەهرۆز حەسەن
٢٢. خەونە نمایشێک. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٢٣. ژوورەکە خوێندنگای شەوان. نووسینی: هارۆڵد پینتەر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٢٤. ئەستێڵکە مەزنەکە. نووسینی: پیتەر تێرسن. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر
٢٥. گیانەوەرە شووشەییەکان. نووسینی: تێنیسی ویلیامز. وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
٢٦. ڤاتسلاف. نووسینی: سلاڤۆمیر مرۆژەک. وەرگێڕانی: کەریم پەرەنگ
٢٧. جورئەتی کوشتن. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: هیوا قادر
٢٨. کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی. نووسینی: هارۆڵد پینتەر فارووق هۆمەر
٢٩. دڵی بای و ئاهو. نووسینی: عەباس مەعروفی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
٣٠. خاتوو ژولیا. نووسینی: ئاوگۆست سترنبێری. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب
٣١. یۆن گابریێل بۆرکمان. نووسینی: هنریک ئیبسن. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف
٣٢. جەژنی هەڵسانەوە. نووسینی: ئاوگۆست سترینبێری. وەرگێڕانی: خەبات عارف
٣٣. ز. ئیمپراتۆر جۆنز. نووسینی: یۆجین ئونێل. وەرگێڕانی: د. ئازاد حەمەشەریف
٣٤. دایکە ئازا. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەرەنگ
٣٥. بازنەی تەباشیری قەوقاز. نووسینی: بێرتۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم

پەڕەنگ

٣٦. ئەسـانسـێـرەکە – ئاهـەنگی جـەژنی لەدایکبـوون. نووسـینی: هـارۆڵد پینتـەر عەلی عوسمان یاقووب

٣٧. بێوەژنەکان. نووسینی: ئاریەل دۆرفمان. وەرگێڕانی: فارووق هۆمەر

٣٨. دڵی سەرباز. نووسینی: دەڤید فرێچ. وەرگێڕانی: عەبدوڵا سلێمان

٣٩. هەرەسی بەفر. نووسینی: تونجەر جویجان ئۆغلۆ. وەرگێڕانی: بەکر شوانی

٤٠. باخچەی گێلاسەکە. نووسینی: ئەنتۆن باڤلیچ چیخەف. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

٤١. شارۆچکەکەمان. نووسینی: تۆرن تۆن وایلدەر. وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

٤٢. گـەڕانەوە بۆ مـاڵ. نووسـینی: هارۆڵد پینتـەر. وەرگـێـڕانی: عـەلی عـوسـمـان یاقووب

٤٣. ئەندۆرا. نووسینی: ماکس فریش. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٤٤. شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ. نووسینی: یۆن فۆسە. وەرگێڕانی: هاودەم ساڵح جاف

٤٥. چین. نووسینی: ئێریک ئۆدینباری. وەرگێڕانی: دانا ڕەووف

٤٦. یۆلیۆس قەیسەر. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب

٤٧. ئاوی وەستاو. نووسینی: لاش نۆرین. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

٤٨. بەرەو دیمەشق. نووسینی: ئۆگۆستستریندبێرگ. وەرگێڕانی: خەبات عارف

٤٩. شڤایک لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٠. ژیانی گالیلای. نووسینی: بێرتۆڵت برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥١. پشـیلەیەک لە قـەراخ گـوێسـوانەیەکی گـەرم. نووسـینی: تێنسی ولیـامـز. وەرگێڕانی: فاروق هۆمەر.

٥٢. چۆنت پێ خـۆشـە. نووسنی: ویلیـام شـێکسـپـیر. وەرگـێـڕانی: ئازاد حەمـە شەریف

٥٣. مرۆڤە باشـەکەی سـێچوان. نووسـینی: بێرتـۆڵد برێشت. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٤ . ورژوای نەجیبزادە. نووسینی: مۆلییر. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا

٥٥ . نەورەس. نووسینی: ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەف. وەرگێڕانی: شیروان مەحموود محەمەد

٥٦ . پیگمالیەن. نووسینی: جۆرج بێرناردشـۆ. وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب

٥٧ . تەرمینالّ – سێ شانۆنامە. نووسینی: لاش نۆرێن. وەرگێڕانی: دانا رەئووف

٥٨ . "ڤۆیتسەک – لیۆنتسە و لێنا". نووسینی: گیۆرگ بویشنەر. وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ

٥٩ . ژنە گۆرانیبێژی کەچەڵ و وانە. نووسینی: ئیۆژێن ئیۆنێسکۆ. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.

٦٠. خاڵە ڤانیا. نووسینی: ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەف. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: شیروان مەحموود محەمەد